


سەرچاوە
Serchawe

# خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا..

١- لە ڕڤقەوە تا خوازبێنیکەرانی ئەمڕۆ

سروشتی کۆمەڵگەی کوردی
نیشانەکانی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی
سروشتی ئینسان لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا:
ئەریک فرۆم

٢- کوڕ گەوهەری گوندە ئەو چیرۆکانەی بەشێک نین لە تەورات

کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و لادێ
گوند و کەسایەتییەکانی
کارێکتەری گەنج
گەنجی کۆمەڵگەی کوردی
گەنجی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی

٣- ئایا کوڕێک، کە تینووی سێکسە، دەکرێ بەهێمنی کەسێکی خۆشبوێ؟

وتەی لە زێڕ گرنگتر، بە بەڵگەی سروشتەوە:
خۆشەویستی و تێربوون
یەک دیوی خۆشەویستی
کۆڵەکەکانی خۆشەویستی
خۆشەویستی و جلک و بەرگ
لادێ و خۆنماییشکردن
گەنجی لادێ لە کوێ بواری خۆنماییشکردنی هەیە؟
ئەنجامێکی سەرەتایی



سەرچاوە
Serchawe

٤- ئەو چیرۆکانەی بەشێک نین لە تەورات، هەر چەند بە ڕۆحێکی ئیلاهییانەشەوە نووسراون

پێکهاتەی دانیشتوانی لادێ

سەرمایە و ناسناو یان شۆرەت

دوو کاراکتەرەکەی خۆشەویستی

کچانی گوند

خۆشەویستیی دوای ژنهێنان

سێکسی بێ ڕووخسار (faceless sex)

پێناسی ئینسانی شاری چییە؟

٥- ئەو چیرۆکانەی بەشێک نین لە تەورات هەر چەند بە ڕۆحێکی ئیلاهییانەشەوە نووسراون

لەنێوان گوند و شاردا

جیاوازییە سادەکانی نێوان شار و گوند

جلک و بەرگ

خۆشووشتن

جۆری خواردن و بەرنامەی خواردن

ئەڵقەی نێوان شار و گوند

٦- دەبێ پرسیارە گرنگەکە وەڵام بدەمەوە:

کوردی خێڵەکی چی هێنا بۆ ناو شار و شار چی دایە؟

هەموو ئەوانە پەیوەندییان بە خۆشەویستییەوە چییە؟

لە کوێدا پەیوەندییان بە خۆشەویستییەوە هەیە؟

چەند دیاردەیەکی ڕوواڵەتی دەبنە پێناسەی سەرەکیی شار:

ئایا لە شارەکانی کوردستاندا کەسایەتیی کوردی جیاوازە لە کەسایەتیی گوندی؟

ئەوەش بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە:

ئەی پارەداری کورد؟

گاڵتەجاڕیی پارەداری کورد

خۆ دەرخستنی

لە کولتووری گوندەوە بۆ شار



سەرچاوە
Serchawe

# خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا..

## لە ڕڤقەوە تا خوازبێنیکەرانی ئەمڕۆ

جەبار جەمال غەریب

(١)

تەورات، بەوردی بەرنامەی ژنهێنانی ئیسحاق و دیاریکردنی ڕڤقە و خوازبێنیکردنی و نیشانەکردنی و گواستنەوەی بۆ کردووین. بەشێک لە مەبەستی چیرۆکەکانی تەورات گێڕانەوەیە، بەشێکی هەرە زۆری دارشتنی نەخشەی ژیانە. دانانی بەرنامەیەکە بۆ نەوە یەک لەدوای یەکەکان. دەکرێ بپرسین، ئەو بەرنامەیە تا چەند کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی ئێمەش هەبووە؟

من دەمەوێ چیرۆکی خۆشەویستیی کۆمەڵگەی کوردی بگێڕمەوە، بێ گومان لەژێر سێبەری چیرۆکی ئیسحاق و ڕڤقە نا، بەڵکوو دەمەوێ بەراوردێ لەنێوانیاندا بکەم و ئەگەر گونجاش، سیما گشتییەکانی خۆشەویستی یان لەناچارییەوە سیمای پێکەوەژیانی ژن و پیاو لەناو خێزاندا بنووسمەوە.

لەو وتارەشەوە، لە گێڕانەوەی چیرۆکی پێغەمبەران دەوەستم، تا کۆتایی ئەو بەشە.

بەپێی ئەو چیرۆکانە بێ، لەسەر پەیوەندیی نێر و مێ، یان کچ و کوڕ، دواتریش ژن و پیاو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەتایبەتی لە ئەدەبی زارەکی و گێڕانەوەی دەماودەم، یان ئەدەبیات بەگشتی، کۆمەڵگەی کوردی بەهەشتی خۆشەویستی و لانکەی دڵدارییە. من هەوڵ نادەم ئەو تێگەیشتنە گشتییە تێک بدەم، یان بەدرۆ بخەمەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدەم بنەما سەرەکییەکانی خۆشەویستی بخەمە ڕوو، دواتر ئەو ئالیەت یان کەرەستانە یاد بکەمەوە کە لە پرۆسەی خۆشەویستیدا پێویستن.

- ئایا خۆشەویستی پەیوەندیی بە ئاست و تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە هەیە؟
- ئایا خۆشەویستی تەنیا پەیوەندیی بە ئینسانەکانەوە هەیە، یان کەرەستە و خانوو و هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش یارمەتیدەرن، یان ڕێگر؟

- سێكس لە كوێی خۆشەویستیدایە؟
كۆمەڵگە سەرەتاییەكان، كۆمەڵگەی خەیاڵپەروەریشن. دوای خەیاڵ و خولیا وەهمییەكانیان دەكەون و لەسەر ئەو بنەمایەش چیرۆک دادەتاشن.

دەشێ چیرۆكەكانی خۆشەویستیش بەشێک بن لەو خەیاڵاتە. تاكە بەڵگەی بوونی خۆشەویستی لە كۆمەڵگەی كوردیدا، چیرۆكەكانی مەم و زین، شیرین و فەرهاد، لاس و خەزاڵ و چەندان چیرۆكی دیكەیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو چیرۆكانە، ئێمە كۆمەڵگەی كوردیمان هەیە، كە شتێكی دیكە دەڵێ:

ڕایەكی پێشوەخت

دەشێ چیرۆكەكانی خۆشەویستی ڕووداوی لە عادەت بەدەر و سەیر و سەمەرە بن، بۆیە وەكوو بابەتی خەیاڵی ماونەتەوە؟

## سروشتی كۆمەڵگەی كوردی

پێش هەموو شتێک، چاوەڕێی بنەمای زانستی و بەڵگەی زۆرم لێ مەكەن، چونكە من وتارێكی زیاتر ئەدەبی دەنووسم، ناشمەوێ لەم وتارەدا لە سروشتی مێژووی دووری كۆمەڵگەی كوردی بدوێم، تەنیا ئەوەندەم مەبەستە. لە رابردووی نزیک، ئەوەی لە یادەوەریی نووسینی كوردیدا پێمان گەیشتووە، لە ئیماراتی بابان و ئەردەڵان و سۆران، لە دیوانی شاعیرەكانەوە، بەتایبەتی لە خانی و نالی و هاوزەمەنەكانییانەوە. بەپێی هەموو بەڵگەكان، هەتا ئەوەی بە چاوی زەینییش دیارە، كۆمەڵگەی كوردی، كۆمەڵگەیەكی شوانكاری و نیمچە كشتوكاڵی بووە. دەشێ بۆ سەلماندنی ئەو ڕایە، خوێنەر داوای بەڵگەم لێ نەكات، چونكە شوێنكاری كۆمەڵگەی كشتوكاڵی، یان جووتیاری بە ڕەگ و ماهیەت و زمانی كوردییەوە دیارە.

## نیشانەكانی كۆمەڵگەی كشتوكاڵی

بابانییەكان ١٨٤٩ تێكشكان و ١٨٥١ بەتەواوی حوكمی بابانییەكان و بە كردەیی و فەرمی كۆتایی پێ هات. واتا ئەوەی من دەمەوێ لەسەری بنووسم و وەک ماوەیەكی دیاریكراو یان زەمەنێكی جیاكراوە وەری بگرم، دووسەد ساڵێكە، وێنای ئەو دووسەد ساڵە زۆر ئاشكرا و ڕوونە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند بەڵگەیەک هەر پێویستن.

**یەكەم**: هەموو ئەو ئامێر و هۆیانەی كاركردن كە ماونەوە، كەلوپەلی زەویی كێڵان و دروێنەكردن و بێستان ڕەنێوهێنانن.
**دووەم**: شێوەی خانوو و دووكان و ماڵەكان بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەیەكی كشتوكاڵی ئامادە كراون.



سەرچاوە Serchawe

**سێیەم**: فەرهەنگ: قووڵایی شیعری کوردی لەو ماوەیەدا دیارە، جگە لە بابەتە کلاسیکییەکان. تیمەی ئایینی، ئەوەندەی دیاردەکانی کۆمەڵگەی گواستبێتەوە، تەنیا دەلالەت لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی دەکات.

**چوارەم**: پەند و ئیدیۆم، پەند و ئیدیۆم کە سامانی هەرە گەورەی فکر و ئەزموونی کوردی تێدا کۆکراوەتەوە، بەشی هەرە زۆری دەلالەتە لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی، هەریەکە و لە ئێوە دەتوانن دەیان نموونە لەو بوارەدا بهێننەوە.

**پێنجەم**: زمان، ڕاستە من زمانم خستە دوای هەموویان، بەڵگەم خاڵی بنەڕەتی، کە بڕیار لەسەر قۆناغی کۆمەڵگە دەدات، زمانە. نەک دەلالەتەکانی ناو زمان، پێکهاتەی گشتیی زمانی کوردی، بەستراوەتەوە بە سروشتی کشتوکاڵییانەی زمانی کوردییەوە. ئەوەش پەیوەندیی بە کار و جۆری کارکردنەوە هەیە. (کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە)، (خوا غەزەبی لە بزن بگرێ، نانی شوانی دەخوات)، (گاڕانیان بە خڕی دەبرد، پیرێژن لە گۆلکە شەلی دەپرسییەوە)، (ئاوەکە لەسەر چاوەیەوە لێڵە).

هەر وشەیەک شی بکەیەوە ڕەگێکی قووڵی جووتیاریی پێوەیە. هەر بۆ نموونە، وشەی لێکۆڵینەوە، کۆڵینەوە، هەڵقەندن. (زمانی بەپیت و بەرەکەت)، (ئەسپی خۆی تاودا)، (بژارکردنی وتارێک لە هەڵە). هەزاران نموونەی دیکە، کە دەیسەلمێنن ڕەگی وشە و دەستەواژەکانی زمانی کوردی لە پاشخانێکی کشتوکاڵی و جووتیارییەوە هاتوون.

لایەنێکی دیکەی زمانی کوردی، زاڵبوونی تیمە و ڕووحیەتی پیاوانەیە بەسەر زمانەکەدا، کە ئەوەش لە پاشخانێکی جووتیارییەوە هاتووە. زمانی کوردی بە جۆرێک پیاوانەیە کە لەفزی سەر زمانی ژن و منداڵیش نێرانەیە. ژنی دووگیان زۆر بەئاسایی دەڵێت: "پیاو کە (سکی) پڕ بوو ئاسوودەیی نامێنێ". بێ گومان ژنە مەبەستی لە خۆیەتی کە سکی پڕە و ئاسوودەیی نەماوە، بەڵام لەجیاتی خۆی کە ژنە و هەر ژنیش سکی پڕ دەبێت، ئەو دەڵێ: "پیاو کە سکی پڕ بوو" هەتا ژنیش بۆ قسەکردن، وشەی پیاوانە بەکار دێنن، بۆ ئەوەی خۆی لەو شکانە قورسانە بپارێزێ، کە کۆمەڵگە بۆ ژنی داناوە. ئەوە سەرەڕای هەزاران وشەی وەکوو: "مەردانە، پیاوانە، کەڵەگا و کەڵەمێرد..." کە هەموویان ناو و نیشانەی پیاو بە جێگای شانازی و گەورەیی دادەنێن.

تا ئێرە هەوڵم داوە دوو مەبەست بپێکم:

**یەکەم**: کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە، بۆ سەلماندنی ئەوەش بەڵگەم زۆر بە پێویست نەزانی.

**دووەم**: زمانی کوردی، زمانێکی نێرسالارانەیە، بۆن و بوون و هەیبەتی نێر بەسەر هەموو وشە و دەستەواژە و ڕستەیەکەوە دیارە. ئەوەش هەست و سۆزی ژن و تایبەتمەندییەکانی، لە زمانی ئاخاوتندا بەتەواوی سڕیوەتەوە.

شوێن و کاریگەریی ئەو دوو مەبەستەشم، بە وتارەکەوە دەردەکەوێ.

### سروشتی ئینسان لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا:

سروشتی ئینسان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەندە بە بازنەی کارەکانیەوە، یان بەندە بە دابەشکردنی کاتی ڕۆژانەی. کارکردن گەشەی فکر و بیرکردنەوەی ئینسان دیاری دەکات. جۆرەکانی بەرهەم و هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش مەرجن.

خۆشەویستیش بەشێکە لە دنیای بیرکردنەوە، بەشێکە لە دنیای ڕووح یان ناوەوە، ئەوەش ڕایەکی زۆر ورد نییە، چونکە خۆشەویستی توانای فیزیکی یان جەستەشی دەوێت. ڕایەکی تا ڕادەیەک قورسیش هەیە، کە دەڵێ، خۆشەویستی سەر بە دنیای جەستەیە، ئەو واوەیلایەی لە دەروونەوە بۆی دەکرێ لەبەر خاتری ئەوەیە، جەستە بگاتە ترۆپکی خۆشییەکانی، کە ئەوەش شتێکی باش و نایابە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، پێویستم بە جۆرێک لە پێناسەکردنی خۆشەویستی هەیە، بەڵام ڕاشم وایە کە ئەوەندەی ژمارەی ئینسانەکان پێناسەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی زیاتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکەم نزیک ببمەوە، بۆ پێناسەکردنی خۆشەویستی پشت بە ڕایەکی ئەریک فرۆم دەبەستم.

### ئەریک فرۆم

ئەریک فرۆم لە ٢٣ی ئاداری ١٩٠٠ لە فرانکفۆرت لەدایک بووە، منداڵی تاقانەی خێزانێکی جوو بووە، لە ١٨ی مارسی ساڵی ١٩٨٠ لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە. ئەریک فرۆم یەکێکە لەو بیرمەندە مەزنانەی بەوردی کاری لەسەر دیوی ناوەوەی ئینسان کردووە، یەکەم کتێبی لە ساڵی (١٩٤١ز) بە ناوی (ترس لە ئازادی) بڵاو کردووەتەوە، کە لە ئەمەریکا هەمان کتێبی لە ساڵی (١٩٤٢ز) بە (هەڵاتن لە ئازادی) چاپ کردووەتەوە. لەو سەرەتایەوە نەخشەیەکی قووڵی بیرکردنەوەی خۆیمان پێشکەش دەکات. لەدرێژەی هەر بیست و سێ کتێبە تیۆرییەکەی، گرنگیی لایەنی دەروونیی ئینسانمان بۆ دەردەخات، کە دەکرێ چەند توێژەر کاری سەرەکییان ناساندن و قوڵبوونەوە بێ بە کارەکانیدا.

بۆ ئەو وتارە، من تەنیا سوود لە یەک کتێبی وەردەگرم بە ناوی (The Art of Loving)، کە لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوی کردووەتەوە. ئەو کتێبە بیرکردنەوەی گشتیی بۆ خۆشەویستی گۆڕی، ڕستەیەکی ئەو کتێبە کۆمەکێکی گەورەی من دەکات (هەموو هەوڵێک بۆ خۆشەویستی سەرکەوتوو نابێ، بەبێ هەوڵێکی کاریگەرتر بۆ گەشەکردنی کەسایەتی بەتەواوەتی).

نازانم توانیم ڕستەکەی ئەریک فرۆم وەک خۆی بگەیەنم یان نا! بەڵام موجاهید عەبدولمنعیم موجاهید، کە ئەو کتێبەی ئەریک فرۆمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، خۆشبەختانە کراوەتە کوردیش (من نوسخە کوردیەکەم لێ ون بووە، بۆیە داوای لێبوردن لە وەرگێڕەکەی دەکەم، کە لێرەدا ناتوانم ناوی بنووسم) وەرگێڕە عەرەبەکە هەوڵی داوە، ئەو ڕستەیە زیاتر شی بکاتەوە، کە بۆ وتارەکەی من زۆر پێویستە.

(لەبەر ئەوەی ئینسان خاوەنی عەقڵ و زەوق و ئیرادە و توانایە (القدرە)، دەبێ هەوڵی بەرەوپێشبردنی کەسایەتیی خۆی بدات. خۆشەویستی، هەر هەبوونی خۆشەویستی پێویستی بە گەشەکردن و چاودێری و پاراستن هەیە). وەرگێڕی عەرەبی هەمان دەستەواژە و ڕستەی ئەریک فرۆمی بەکار هێناوەتەوە.

لەکوێدا ئەوە بۆ وتارەکەی من گرنگە؟ من بەدوای سروشتی کەسایەتیی کوردییەوەم لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیدا، (کە تا ئێستا ڕەگەکانی بە قورسی لە ناخی ئینسانی کورددا ماوە) دەمەوێ ئەوە بزانم کە جووتیارێک یان پاڵەیەک، شوانێک یان بەرخەوانێک، چۆن دەتوانێ گەشە بە کەسایەتیی خۆی بدات؟ چۆن دەتوانێ ئاستی ڕووحیی خۆی بۆ ئاستی هەستکردن بە خۆشەویستی و فیداکاریی نەفس بەرز بکاتەوە؟

ببوورن نەمتوانی لەو بەشەدا خۆم لە جیاوازیی نێوان عەشق و خۆشەویستیش بدەم، کە کورد بە ڕەگەز بەشی هەرە زۆریان عاشقن (ئەگەر بە شیعر نووسین بێ).

٢٨ ی نیسان ٢٠١٩

--------------

## کوڕ گەوهەری گوندە ئەو چیرۆکانەی بەشێک نین لە تەورات

٢

لە بەشی پێشوودا تەنیا فریای ئەوە کەوتم، کە بڵێم، پاشخانی کۆمەڵگەی کوردی کشتوکاڵی، جووتیاری، خێڵەکی، بنەماڵەییە.
- ئەوەش شوێنپەنجەی بەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی گشتی و تاکەوە جێ هێشتووە.

- چووەتە ناو زمانەوە.
- فەرهەنگی داپۆشیوە.

بەڵام هەموو ئەوانە پەیوەندییان بە خۆشەویستییەوە چییە؟

### کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و لادێ



سەرچاوە Serchawe

مەبەستم لە کشتوکاڵ، کشتوکاڵە بە مانا تەقلیدییەکەی، نەک کشتوکاڵی بە پیشەسازی کراو.
نیشتمانی ڕاستەقینەی جووتیار لادێیە، کشتوکاڵی تەقلیدی گوند دروست دەکات، واتە کشتوکاڵ لە سنووری گونددا دەکرێت، یەکەی ژیان لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا گوندە، بۆ ئەوەش دەبێ لە سروشتی گوند و کارێکتەری ئینسانیی گوند بدوێین، بۆ ئەوەی بزانین ئەو کائینەی لە لادێ دەژی، تا چەند گونجاوە کەسێکی خۆشبوێ، تا چەند ڕۆحی بەدوای هاوبەشدا دەگەڕێ، دەکرێ بە خۆشەویستی، بە دڵداری و بە بڕیاری خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێ؟

لەدرێژەی ئەو بابەتەدا، دەبێ هەمیشە ڕستەیەکمان لەبیر بێ، ئەویش (خۆشەویستی کاری تاکە)، (خۆشەویستی تاقیکردنەوەیەکە، کەسێک بە تەنیا پێیدا تێدەپەڕێ، تەواو وەک مەرگ)، ( خۆشەویستی پەیوەندیی بەناخەوە هەیە)، مەبەستم ئەوە نییە مەرگ و خۆشەویستی بەراورد بکەم، تەنیا لەوەدا نەبێ، کە هەردووکیان کاری تاکەکەسین، چۆن کەسێک ناتوانێ لەجیاتی کەسێکی دیکە بمرێ، ئاواش هیچ کەس ناتوانێ لە خۆشەویستیدا جێگای کەسێکی دیکە بگرێتەوە، بۆ ئەوەش دەبێ ئینسان پێش خۆشەویستی خۆی بناسێ.

ئایا لە گونددا کەسەکان، جووتیار و پاڵە و بەردەست و دروێنەکەر، خودی خۆیان دەناسن؟ گەیشتوونەتە ئاستی خۆناسی؟ ئایا خۆناسی پەیوەندیی بە ئاستی ڕۆشنبیری، یان تەمەن، یان ئاستی ئابووری، یان ئاستی کۆمەڵایەتییەوە هەیە؟

## گوند و کەسایەتییەکانی

دەبێ پانتاییەکە بچووکتر بکەمەوە، گوند و گەنج، بەو مانایەی گەنج لە هەمووان زیاتر ئامادەی خۆشەویستییە، گەنج لە ڕووی فیزیکیشەوە ئامادەی هەڵبژاردنی جووتەکەی خۆیەتی.

### ئەنجامی کارەکەمان تا ئێرە:

کۆمەڵگەی کوردی، کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی نێرانەیە، تۆنی زمانی پیاوانە یان نێرانەی هەیە، تاک خەریکی کشتوکاڵە، لە سنووری گوندەکەی خۆی کار دەکات، ئایا ئەو فەزایە خۆشەویستیی تێدا دێتە بەرهەم؟

### ئەو کارانەی گوند بەسەر دانیشتوانەکەیدا فەرزی دەکات:

- دەبێ هەموو ئەندامێکی خێزان لە گونددا کار بکات، کار بۆ هەموو تەمەنێک و هەموو ڕەگەزێک هەیە.
- کاتی کارکردن لە گوندا دیار نییە، بەیانییان جۆرە کارێک و نیوەڕۆیان کارێکی دیکە و ئێوارە و شەوانیش.

- ئابووریی گوند، کە بابەتێکی زۆر هەستیارە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خۆشەویستی و پێگەیاندنی کەسایەتییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆز و نادیارە. مەبەستم ئابووریی گوند ئاڵۆز و نادیارە. وەک چۆن کار، کاری هەرەوەزییە، ئابوورییش پارەیەکی گشتییە، کە دەچێتە ژێر دەستی یەک کەس. مەبەستم لە هەرەوەزی، کارکردنی هەموو ئەندامانی خێزانە پێکەوە، زۆر جاریش هەرەوەزیی زۆربەی دانیشتوانی گوندەکەیە پێکەوە.

### کارێکتەری گەنج

گەنج نوێبوونەوەی کۆمەڵگە و بەردەوامیی ژیانە. خێزانی لادێ، یان کولتووری کۆمەڵگەی خێڵەکی، یان کشوکاڵی، گەنج وەک دەستی کار دەبینێ. هەمیشە هەوڵی زۆرکردنی ئەو دەستی کارە دەدات، لە ڕێگای منداڵبوونەوە و پەلەکردن لە گەورەبوونی، ژن کە تاکە سەرچاوەی منداڵخستنەوە و بەردەوامیی خێزانە، ڕاستە هەر وەک ئامێری نەوەخستنەوە و کارکردن سەیر دەکرێ، سەرەڕای بەخێوکردنی منداڵ و خزمەتی ماڵ، کاری کێڵگەش دەکات.

من گەنج بۆ هەر دوو ڕەگەز بەکار دەهێنم، کچ و کوڕ. لە پلەی یەکەمدا بۆ کارکردن، خێزان پشت بە هەردووکیان دەبەستێ، هەر لە ڕێگای کارکردنیشەوە کچ کەمێک ئازادییش بەدەست دێنێ.

کوڕ سەرمایەی ڕاستەقینەی خێزانە، کوڕ شکۆ و مانەوەی خێزانی لەسەر شانە. منداڵی کوڕ نەوەی ڕاستەقینەیە، منداڵی کچ، بە خوارزا ناو دەبرێت، کە مەبەست لێی خوار (زان)، یان خوار لەدایک بوونە، کە مەبەست لێی، نەوە خستنەوەی کچە، بۆ خێزانێکی دیکە.

دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە کوڕ گەوهەری گوندە، بەڵام ژیانی ئەو گەوهەرە چۆن دەخەمڵێت، چۆن گەشە دەکات، چۆن دەگاتە ئاستی خۆشەویستی؟

لە هەموو وشەیەکدا، لە هەموو دەربڕین و ڕستەیەکدا، لەسەر ژیانی لادێ، ژیانی کۆمەڵگەی کوردی، ژیانی گەنج، ژیانی هاوبەشی نێوان ژن و پیاو، مەبەستم ئەوەیە بزانم، یان روونی بکەمەوە کە ئایا فەزایەک لەو ژیانەدا هەیە بۆ خۆشەویستی، پانتاییەک هەیە بۆ ژیانی ئارام و ئاسوودەی ژن و مێرد لە ماڵی گوندیدا؟ لە چەند گۆشەنیگایەکیشەوە، بۆ هەموو ئەوانە دەڕوانم:

١- خۆناسین: ئایا خۆپەروەردەکردن، گەشەکردنی کەسایەتی، خۆناسین، لە فەزای کوردیدا دێتە دی؟
٢- کات: ئایا گەنجی لادێ ئەو کاتەی بەدەستەوەیە بیر لەخۆی بکاتەوە، کاتەکانی ئەو چۆن دابەش دەبن؟
٣- ئابووری: ئایا گەنجی کورد خاوەنی باخەڵی خۆیەتی، دەتوانێ سەرمایەی هەبێ؟

٤- کار: ئەو خاڵە دەبوو یەکەم خاڵ بێ، کار کەسایەتی دروست دەکات، ئایا گەنجی لادێ خاوەنی کاری خۆیەتی؟

٥- کێن ئەوانەی گەنجی کورد ڕۆژانە ڕێکەوتیان دەکات، واتا ئەو کەسانە کێن کە دەکرێ تێکەڵیان بێت و بیانناسێ و خۆشی بوێن؟

## گەنجی کۆمەڵگەی کوردی

### گەنجی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی

- گەنجی کۆمەڵگەی جووتیاری، موڵکە، سەرمایە و ڕزقە، خاوەنی خۆی هەیە. خێزان خاوەنی کوڕە، هەر لە منداڵییەوە وەک خاوەن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لەگەڵ گەورەبوونی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو هەستەی بەهێزتر دەبێ. ئەوە دڵڕەقیی باوان نییە، ئەوە سروشتی جۆری کۆمەڵگەکەیە، لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێ دەست بداتە کار، بەرخەوان، سەگەوان، پاڵە و گێرەکەر و دەروێنەکەر و بژارکەر و ساوەرکوت، تا بانگوشی و بەفرماڵینیش. کچیش بەشداریی هەموو ئەو شتانە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی سەنتەری بیرکردنەوە و هەڵبژاردن و بڕیاردان پیاوە، نیگای منیش لەسەر ژیانی ئەوە.

- هەموو ئەو کارانەی ناومان بردن، کە کوڕ دەیانکات، نەنگی و کەموکوڕی نییە، تەنیا بۆ دەوڵەندکردنی بابەتەکەی ئێمە و ڕوونکردنەوە، گۆشەنیگایەکمان پێویستە کە کوڕ هەموو ئەو ئیشانە دەکات، چی بەسەر ژیانی دێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە، لە هەمان کاتدا وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەشە.

لەبەرامبەر ئەو کارانەدا کوڕ چی دەست دەکەوێت؟

کوڕ با لێرەوە ناوی بنێن، نێرەی دڵدار، یان نێرەی سەرەڕۆ، یان دەستەمۆ:

- لەبەر ئەوەی ماوەی کارکردنی دیار نییە، بێ گومان لای جووتیار و لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا، بۆیە دەشێ کوڕ، کە لایەنێکی گرنگی خۆشەویستییە، هەموو دەم دەبێ خەریکی کارکردن بێ. ئەوە جگە لەوەش کە لە گونددا سیستەمێک نییە، بۆ دیاریکردنی ماوەی کارکردن، سروشتی کشتوکاڵیش بۆ دیاریکردنی ماوەی کار لەبار نییە، بەتایبەتی کشتوکاڵ بە سیستەمی تەقلیدی یان کلاسیک، وەک ئەوەی کوردستان. لە هەموو ئەو بابەتەوە، یەک ڕستەم دەست دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە:

کە کوڕ کاتی بیرکردنەوە لە خۆی و هەتا گرنگیدان بە سیما و ڕووخساری خۆیشی نییە.

- لەبەرامبەر کارکردنی کوڕدا، چ لە کێڵگەدا بێ، یان شوان و سەپان بێ، هیچ نرخێک یان پارەیەک وەرناگرێ. واتا کوڕ کار دەکات، بەبێ ئەوەی نرخێک بۆ کارەکەی دانرابێ، مەبەستم نرخی مەعنەوی، یان نرخێک نییە، کە لە کۆتاییدا بەشێکی دەچێتە باخەڵی

سەرۆکی عەشیرەت، یان سەرۆکی گوندەوە، بەشێکیشی دەچێتە خزمەتی سەرۆکی خێزانەوە، من قسەم لەسەر دادپەروەری و هاوکاریی کوڕ نییە بۆ خێزانێک، کە خۆی بەشێکە لێی.

تەنیا مەبەستم ئەوەیە، کە کوڕ خاوەنی گیرفانی خۆی نییە.

ئەوەش روونە، کە دروستکردنی کارێکتەری سەربەخۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بوونی داهاتی سەربەخۆوە هەیە، واتا هەر کەسێک داهاتێکی سەربەخۆی نەبێ، هەرگیز نابێتە خاوەنی کارێکتەری سەربەخۆی خۆی، هەر کەسێک کارێکتەری سەربەخۆی خۆی نەبێ، هەرگیز ناتوانێ بچێتە پرۆسەی خۆناسینەوە، ئەوە تەنیا یاسای خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی نییە، ئەوە یاسایەکی بیرکارییشە.
نەبوونی ئابووری، یان گیرفانی سەربەخۆ، هیچ لەبەردەم کوڕدا ناهێڵێتەوە خۆی بناسێ، خۆی بناسێ و گەشە بە کەسایەتیی خۆی بدات. نەبوونی سەرمایەی سەربەخۆ بواری هەڵبژاردن و ڕای سەربەخۆ لەبەردەم کوڕدا دادەخات، سەلیقەی دەپووکێنێتەوە و واز لە دنیای ناخی دەهێنێت و شوێن غەریزە دەکەوێت، کە جنس یەکێکیانە.

چۆن برسی، بێ سەرمایە، برسیی بەردەم خاوەن سفرە، نەک ناتوانێ جۆری خواردن هەڵبژێرێ، نەک ناتوانێ ئیرادەی تامکردنی هەبێ، هەر بۆ خۆیشی زەوقی ناسینی خواردنی لەبیر دەچێتەوە، تەنیا هۆشی لای نەهێشتنی ئازاری گەدەیەتی. بۆیە هەموو خواردنێکی پێ خۆشە، کە خاوەنەکەی پێشنیاری دەکات.
بۆ جلک و بەرگیش هەر وا، کابرای سەرمابردوو، هەرگیز بیر لە ڕەنگی قوماش و جۆری دوورین و بەرگدروو ناکاتەوە، ئەو دەیەوێ سەرمای نەبێ. دەیەوێ هەر شتێکی دەست بکەوێ، خۆی پێ داپۆشێ. دەردەکەی ئەو سەرمایە، تا یەکێک گەرم نەبێتەوە، بیر لە سەلیقەی دوورین و مۆدیلی جلک ناکاتەوە.

کەواتە ئابووری، ڕێکخستنی شێوازی دابەشکردنی سەرمایە، بە هیچ شێوەیەک لە خزمەتی پەرەپێدانی سەلیقەی خۆشەویستی و ڕووحیەتی خۆناسینەوەدا نییە.

دەکرێ تۆش بپرسی:

ئایا خۆشەویستیش وەکوو سەرمابوون و برسیەتی وایە، توانای هەڵبژاردنی و بڕیاردانی نییە؟

ڕوونتر، ئایا کەسێک برسیی جنس و برادەرایەتی و ناسینی ڕەگەزی بەرامبەر بێ، دەتوانێ بچێتە ناو پەیوەندیی خۆشەویستییەوە؟ ئایا کوڕێک، کە تینووی جنسە، دەکرێ بەهێمنی، کچێکی خۆش بوێ؟

٥ی ئایاری ٢٠١٩

(٣)

## ئایا کوڕێک، کە تینووی سێکسە، دەکرێ بەهێمنی کەسێکی خۆشبوێ؟

سێکس تەعریف و مانای فەرهەنگیی هەیە، بەڵام مانا ڕاستەقینەکەی کە پەیوەندیی بە جەستەوە هەیە، ئەوەندە بڵاوە کە هەمووان بەڕوونی دەیزانن. سێکس لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا بە مانای ڕەگەز، ڕەگەزی نێر و مێ دێ، یان دیاریکردنی ڕەگەزی کەسێک (males)(females) و سەرنجدانی کەسێک لە ڕووی نێر یان مێوە. یان بە مانای هەستکردنە بە جیاوازیی ئەو دوو ڕەگەزە. بە مانای کرداری سێکسیش دێت، یان هەر شتێک پەیوەندیی بەوەوە هەبێ. هەر لەسەر ئەو وشەیەش، چەندان دەستەواژە و وشەی دیکە دروست کراون، وەک ناسێکس، بێ سێکس (sexless) مەبەست لەوانەیە کە نە نێرن و نە مێن، یان سێکسی (sexy)، کە بابەتی ئەم وتارانە نیین.

یەکەم پێناس و تەعریف، کە ژیان دەیدات بە مەخلووقەکانی (نێر) یان (مێ)ە، واتا کوڕ یان کچە. ئەوە یەکەم پێناس و ماڵ و دنیایە کە سروشت بوونەوەرەکانی پێ پۆلین دەکات. تا ئەمڕۆ هیچ پۆلێنکردنێک وەک ئەوە ئینسانی نەکردووەتە دوو بەش، نەیکردووەتە دوو دنیای جیاواز. ئەو پۆلێنکردنە بە تەنیا ئینسان ناگرێتەوە، بەڵکوو بوونەوەران بەگشتی دەچنە ناویەوە. زمانیش لەوەدا هیچ کەمتەرخەمییەکی نەکردووە و وەک سروشتی خۆی، ناوی تایبەتی بۆ داناون و لێکتری جیا کردوونەتەوە.

وەک چۆن لە ئینساندا ژن و پیاو، کوڕ و کچ هەیە، لە گیاندارانیش (دێڵ و گۆڵ یان گەماڵ) بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی سەگ، ئەسپ و مایین، کەر و ماکەر، مریشک و کەڵەباب. ماڵۆس و یەکانە، کەو و ماکەو.. تد، ئەو دابەشکردنە چونکە دابەشکردنێکی سروشتییە، پەیوەندیی بە پێکهاتەی جەستەوە هەیە، دار و درەخت و گژ و گیاشی گرتووەتەوە. ئەوەی زیادەڕۆییە، زمانەکان ئەو دابەشکاریەیان بەسەر بەرد و مانگ و ئەستێر و کەلوپەلیشدا سەپاندووە.

### وتەی لە زێڕ گرنگتر، بە بەڵگەی سروشتەوە:

ئەوەی کە دنیا تەواو دەکات، ئەوەی درێژە بە ژیان و مانەوەی سروشت دەدات، پێکگەیشتن و تێکەڵبوونی نێر و مێیە، واتا ئەو دوو ڕەگەزە.

- ئەو تێکەڵبوونەی مانەوەی دنیای لەسەر وەستاوە.
- ئەو تێکەڵبوونەی کێشەی هەموو دنیا لە دەوریدا دەسووڕێتەوە.



سەرچاوە Serchawe

بێ بەشی لەو تێکەڵبوونە، تەواو وەک بێبەشبوونە لە نانخواردن بۆ برسییەک، بێبەشبوونە لە جلکوبەرگ بۆ سەرمابردوویەک، بۆیە تا ئەو بوونەوەرە برسی بێ، لە ڕووی سێکسییەوە ناتوانێ و نازانێ هەڵبژێرێ و خۆشەویستی بکات، چونکە لە برسیەتیی سێکسیدا، ئەو ڕەگەزەکەی دیکەی دەوێت بۆ سێکس، نەک شتێکی دیکە.

هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی جنسییەوە تێر نەبێ، چوونە ناو پەیوەندیی خۆشەویستی نزیکەی وەک مەحاڵی لێ دێ.

## خۆشەویستی و تێربوون

مەبەستی من لە خۆشەویستی، تەنیا خۆشەویستیی نێوان کوڕ و کچە. دواتریش خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاوە، چونکە درێژبوونەوەی خۆشەویستیش لە سەردەمی دڵدارییەوە بۆ ژن و مێردایەتیش لای من گرنگە. کەواتە من هەر مەبەستم ئەو خۆشەویستییە یەک ڕۆژە یان یەک نیگایانە نییە، کە بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران. من مەبەستم لەو خۆشەویستییەیە، کە دەبێتە هەوێنی ژیان، کە ڕۆژانە تامی دەکەین و لەگەڵیدا لێدانی دڵمان ڕێک دەخەین.

خۆشەویستییەک مانای ئینسانی، هاوکوفی، یەکسانیی تێدایە کە دەتوانێ تاڵیی ژیان بگۆڕێت بە لەزەت و جوانی، کە هیچ نەبێ هێزێکت دەداتێ بەرگەی ژیان و کێشەکانی بگری، کە شیرینیشی نەکات، ببێتە ترش و خوێ بۆ سەر ترۆزییەکی تاڵ. لە خراپترین حاڵەتدا، نەبێتە کێشە و بارقوڕسی بەسەر ژیانی ژن و مێردەوە، لە ترسی چاوی کۆمەڵگە دەست بەیەکترەوە نەگرن و ناچار نەبن، پێکەوە ژیان وەک ژەهر قبووڵ بکەن.

بۆ سەلماندنی هەموو ئەوانە، ئەوەندەی پێویست بێت، لە شوێنی خۆیدا بەڵگە دەهێنمەوە.

## یەک دیوی خۆشەویستی

لە یەک دیوی خۆشەویستیدا، من مەبەستم خۆشەویستیی یەک لایەنە نییە، ئەو خۆشەویستییەیە کە یەک ئیرادە تێیدا سەردارە، کە ئیرادەی کوڕە، یەک دیوی خۆشەویستیش کە هەمیشە کوڕ دەستپێشخەرە، ئەوەش بەشێکی گرنگی ئەو مۆدیلی خۆشەویستییەیە کە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە بەئاسانی بۆ سەردەمەکانی دیکەش گوازراوەتەوە. لەو خۆشەویستییەدا کچ لە هەڵبژاردنی کەسێکی گونجاودا هەرگیز دەستپێشخەری ناکات.

## کۆڵەکەکانی خۆشەویستی

- لە خاڵی یەکەمدا، باسی دروستبوونی کەسایەتیمان کرد، واتا گەشەکردنی کەسایەتی و خۆپەروەردەکردن، تا دەگاتە خۆناسی، بۆ



سەرچاوە Serchawe

خۆشەویستی مەرجی یەکەمە.

- ئابووری، هەبوونی گیرفانی سەربەخۆ. بەبێ هەبوونی ئەو گیرفانە هەرگیز کەسایەتیی سەربەخۆ دروست نابێ.

- کات، دابەشکردنی کات لە گونددا بۆ خۆشەویستی گرنگە.

کاتی گوند بازنەییە، هەمان کاتە کە سروشت دەیبەخشێ. پێکهاتە و ژیانی گوند ناتوانێ هیچ دەسکارییەکی کات بکات، بەڵکوو کات ژیانی گوند دیاری دەکات و دابەشی دەکات. ژیانی شەوانەی گوند و ڕۆژانەی، ژیانی زستان و بەهاری. ڕاستە کاتی سروشتی لە هەموو سەردەمەکاندا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر تەواوی قۆناغەکانەوە هەیە، بەڵام ڕێکسختنەوەی کات لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا ڕۆڵی ئینسانی پێوە دیارە. لە گونددا، یان لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا چۆن ژیان لە دارستاندا، لەژێر چاودێری و کاریگەریی کاتی سروشتییدایە، لە گوندیشیدا بە هەمان شێوە.

کاتێکی دیاریکراو نییە کوڕ بیر لە خۆی بکاتەوە، زەوی و کارکردن تەواوی توانای گەنج دەمژێ و شەوانە لە تاریکبوونان دەبێ تەسلیمی نووستن بێ. ئەو کاتە بازنەییە هیچ تازەبوونەوەیەکی تێدا نییە.

### خۆشەویستی و جلک و بەرگ

نێرەی باڵندە و گیاندارانیش لەو وەرزانەدا خۆیان بۆ مێیەکانیان نمایش دەکەن، کە پەڕ و تووک و پێستیان لە درەوشانەوە و تازەبوونەوەدایە. وێنەی نێرەی تاوس، فلامینکۆ و گورگ، نێرەکەو و بولبول و کۆتر و ئەوانی دیکە، لە کاتی خۆنمایشکردندا لە مێشکی هەمووماندا ماونەتەوە.

خۆنماییشکردنی کوڕیش کردەیەکی سروشتییە و مرۆ زیاتر گرنگیی پێ داوە. لە یەک شتدا لە گیاندارانی دیکە جیاوازین، کوڕ لە کاتی باڵقبووندا زیبکە دەردەکات، دەنگی گڕ و لووتی گەورە دەبێ، بەڵام ئەوانە نیشانەی خۆنمایشکردن نیین، ئەوانە دیاردەی گۆڕانکارییەکی فیسیۆلۆجی و بایۆلۆجیی گرنگن، کە لە جەستەی کوڕدا ڕوو دەدەن، بۆ ساڵ و وەرزێک نا، وەک هی گیاندران، بەڵکوو بۆ هەموو تەمەن ئامادەی دەکەن.

ئەگەر گیاندار و باڵندە بۆ یەک وەرز خەریکی خۆنماییشکردن بن بۆ خۆشەویستی و سێکس، ئەوە ئینسان هەموو وەرزێک و لە هەموو تەمەنێکدا خەریکی نماییشکردنە بۆ خۆشەویستی و سێکس.

خۆنماییشکردنی کوڕ یان ئینسان بەگشتی کردەیەکی تەواو غەریزی نییە، بەڵکوو عەقڵییشە. واتا عەقڵ دەکەوێتە خزمەتی غەریزەکانی جەستەوە. عەقڵ جارێکی دیکە جەستە بەو شێوەیە ڕێک دەخاتەوە، کە دەیەوێ. بۆ ئەوەش چەندان ڕێگا و شێوازی داناوە، بۆ کاتی جیاواز و تەمەنی جیاواز و ئینسانی جیاواز و کولتوور و شوێنی جیاواز.



سەرچاوە
Serchawe

خۆنماییشکردنی کوڕێکی ژاپۆنی بۆ کچێک، زۆر جیاوازە لە خۆنماییشکردنی کوڕێکی هیندی یان ئەوروپی یان کورد و فارسێک. خۆنماییشکردنی گەنجێک جیاوازە لە خۆنماییشکردنی کامڵە پیاوێک یان بەتەمەنێک.

### لادێ و خۆنماییشکردن

ئەو دەرفەت و هۆکارانە چین کە دەکەونە بەردەست کوڕی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بۆ خۆنماییشکردن؟ هەموو هۆکارەکانی خۆنماییشکردن ئینسان بۆ خۆی پێشناری کردوون و دایهێناون. چ هەڵێک لەبەردەم کوڕی لادێدایە بۆ ئەو نماییشکارییە؟ کە بزانین هەموو نماییشێک تێچوونی هەیە و کات و شارەزایی دەوێت. جگە لەوانە، شوێن و ڕێگای تایبەت بە خۆیی هەیە بۆ پێشکەشکردنی خۆنماییشکردنەکە.

پۆشاک و خۆ تیفتیفەدان و قژ ڕێکخستن بەشێکی سادەی نماییشی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی یان لادێن. لە شاردا ئەوانە هەن، بە هەندێ گۆڕانکاری و شتی زیاتریشەوە. ئەوە جگە لەو هونەر و خۆهەڵنانانەی کە هەر کەسە بە جۆریک پەیڕەوی دەکات. سوراچاکی و ڕەشبەڵەک و زۆرانبازی و شاخەوانی و مەلەکردن و گرەو و مەتەڵ و زۆرجار حەیرانبێژی و شمشاڵژەنی و چەندان ڕێگا و هۆکاری دیکەی جیاواز. ئەوانە و سەرەڕای خۆنماییشکردن لە کارکردن و ڕەنێوهێنان و کێڵانی زەوی. هەندێ جاریش خودا پەرستی و خۆ بە فریشتە نیشاندانیش بۆ خۆنماییشکردن بەکار هاتوون.

خۆنماییشکردن ئەو کاتە بۆ بابەتەکەی من گرنگە، کە لە شێوازە غەریزەییەکەی خۆی تێپەڕ دەکات و دەبێتە کارێکی ڕێکخراو کە بە بەرنامەیەکی عاقڵانە بەڕێوە دەچێ. زۆر جاریش خۆنماییشکردن بەهۆی کەرەسەی تازەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا غەریزە پاڵنەریەتی، هەر دەچێتەوە خانەی خۆنماییشکردنی کۆمەڵگەی سادە و کشتوکاڵییەوە.

### گەنجی لادێ

#### لە کوێ بواری خۆنماییشکردنی هەیە؟

مەرجی سەرەکیی خۆنماییشکردنی عاشقانە دەبێ (تاکەکەسی) بێ، بۆ تاکە کەسێکیش بکرێ، واتا زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێش بێت. گوند لەبەرئەوەی فەزایەکی بچووکی هەیە، پانتاییەکی دیسانەوە بچووکی هەیە، دانیشتوانێکی کەمی هەیە، گەیشتنی نماییشەکە ئاسانترە، واتا خاڵی دووەمی، گەیاندنی خۆنماییشکردنەکە ئاسانترە. واتا ئەگەر مەرجی یەکەمی نماییشی عاشقانە کە دەبێ بەتەواوی (تاکەکەسی) بێ، مەرجی دووەم بۆ (تاکە کەسێک)یش بێ، ئەوە فەزای گوند ئاسانە بۆ گەیاندنی. مەرجی یەکەمی سەختترە، کام هونەرەیە کوڕە دەتوانێ خۆی پێوە هەڵکێشێ، لە وەختێکدا کارکردن و نەبووتی سەرمایە هێزیان لێ بڕیوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، کوڕ کەسایەتییەکی کامڵی نییە و ناتوانێ بڕیار لەسەر کەسێک بدات و تاسەر خۆشی بوێت. پێش بابەتەکە دەکەوم و ڕایەکتان پێ دەڵێم:

- کەسێک ناتوانێ بڕیار لەسەر کەسێکی دیکە بدات، بیکاتە هاوبەشی ژیانی خۆی، کە پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکات، هەر چەند پێداویستیی سادەش بن.

هەموو هەوڵی من بۆ دۆزینەوەی ڕەگی خۆشەویستییە لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیدا، وەک ئەوەی کوردستان، نەک عەشق و ڕۆمانسییەتی شاعیرانە. عەشق بابەتێکی ڕیزپەڕە و دەکرێ وەک هونەرێک سەیر بکرێت. بابەت و وتاری گرنگ لەسەر عەشق نووسراون و سەرمایەیەکی گەورەی فەرهەنگیی جیهانیمان لەو بوارەدا هەیە.

من لە خۆشەویستی دەدوێم، ئەوەی دواتر نێر و مێ لە ماڵێکدا کۆ دەکاتەوە و خێزان دروست دەکات. بۆ ئەوەی ئەنجامە دیارەکانی خۆشەویستیش لە خێزانی کوردیدا بدۆزمەوە.

**ئەنجامێکی سەرەتایی**

هەموو ئەوەی خستوومەتە ڕوو، ژیانی کارێکتەری گەنجی لادێیە، بەتایبەتی کوڕ کە پاڵەوانی خۆشەویستی و هەڵبژاردن و ژنهێنانە. ئایا ئەو کارێکتەرە دەتوانێ خۆشەیستی بدات و وەرگرێ؟

دەتوانێ کەسایەتیی خۆی بەرەو پێشەوە ببات، تا ئاستی ناسینی خۆی، یان خودناسی؟

ئەوەی لە هەمووان گرنگترە، کوڕ لە لادێدا دەتوانێ کێی خۆشبوێ؟ کێن ئەوانەی کوڕ دەتوانێ بیانناسێ، تێیان بگات و تێی بگەن؟ بۆ ئەوەی بچێتە ناو خۆشەویستییەکەوە کە بتوانێ بە هۆیەوە بەرگەی سەختیی ژیانی گوند بگرێ؟

١١ی ئایاری ٢٠١٩

----------

**ئەو چیرۆکانەی بەشێک نین لە تەورات، هەر چەند بە ڕۆحێکی ئیلاهییانەشەوە نووسراون**

(٤)

کێن ئەوانەی، کە دەکرێ کوڕی لادێ خۆشی بوێن؟ ئەو ئینسانانە کێن، کە دەکرێ یەکتریان خۆشبوێ؟ هەڵبژاردن لەبەردەم کوڕی لادێدا تا کوێ کراوەیە؟ کێن ئەوانەی لە لادێدا دەژین؟

### پێکهاتەی دانیشتوانی لادێ

گوند لە کوردستاندا بچووکە، کەم گوندمان هەیە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بگرێ. زۆری و کەمیی ژمارەی دانیشتوانی لادێ بەندە بە دوو خاڵی بنەڕەتییەوە، دوو خاڵی گرنگی سروشتی، جگە لە هۆیە مرۆییەکان.

**یەکەم**: سەرچاوەی ئاو. بۆ ئاو؟ گوند پشت بە ئاوی کانی دەبەستێ، بێ گومان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کەم لادێ هەیە سەرچاوەی ئاوی ڕووبار یان دەریاچە بێ، ئەوە سروشتی پێکهاتەی خاکی کوردستانە. ئەویش لەبەر چەند هۆیەک:

- ڕووباری گەورە و جۆراوجۆر بە خاکی کوردستاندا تێناپەڕن، زیاتر مەبەستم ئەو بەشەی باشوورە، کە بە عێراقەوە لکێنراوە.
- لەبەرئەوەی خاکی کوردستان شاخاوییە، دۆڵی قووڵ و سەختی هەیە، لێژ و هەورازە، ئەو ڕووبارانەشی پێیدا تێدەپەڕن، تیژڕەون و بەخێرایی بە دۆڵەکاندا لێژ دەبنەوە.

**دووەم**: زانیمان گوند پشت بە ئاوی کانی دەبەستێ، کانی لە کوردستاندا دوو سیفەتی سەرەکیی هەیە.

- کانییەکانی کوردستان زۆرن و لەیەکتر نزیکن و بە شاخ و دەشت و کێوەکاندا بڵاو بوونەتەوە.
- کانییەکانی کوردستان ئاویان کەمە و ناتوانن پانتاییەکی فراوانی زەوی بەراو بکەن.

لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی شاخاویشە، دەشتی فراوانی کەمە و زانیمان ئاوی کانییەکانیشی کەمە، هەموو ئەو هۆیانە پێمان دەڵێن کە:

گوندی کوردستان بچووکن، ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، چونکە کانییەکان لەیەکترەوە نزیکن، گوندەکانیش لە یەکترەوە دوور نین، دانیشتوانەکەشی هەموویان خزم و هۆزی یەکترن.
مەبەست لەوە ئەوەیە، کە کوڕ تەنیا کچە خزم و گوندییەکانی خۆی دەبینێ، لە باشترین حاڵەتدا کوڕ دەتوانێ لەناو ئامۆزا و پورزاکانیدا کچێکی خۆش بوێ کە ئەوەشی بەئاسانی بۆ ناچێتە سەر، بە هەموو ئەو هۆکارانەی باسم کردن. بەتایبەتی کە کوڕ خاوەنی سەرمایەی خۆی نییە. ناتوانێ بە پشتبەستن بە باخەڵی خۆی بڕیاری ژنهێنان بدات.

ئەو کەسەی، کە دڵی بە باخەڵی گەرم نەبێ، هەرگیز ناتوانێ سەربەخۆ بڕیار بدات.



سەرچاوە Serchawe

ژنهێنانی لادێ، دەتوانم بڵێم ژنهێنانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، هەمان شێوازی ژنهێنانی ئیسحاقە. گرنگ کچ و کوڕەکە نیین، گرنگ ئەو کەسانەن لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە لەپشت بابەتەکەوەن.

### سەرمایە و ناسناو یان شۆرەت

لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا، جڵەوی خێزان لە دەستی پیاودایە، سەرمایە ئەو لێی بەرپرسە، جگەلەوەش شۆرەت و ناوی خێزان بەشێکی گرنگە لە سەروەر و سامانی پیاو، ناکرێ بەبێ ڕەزامەندیی ئەو دەستکاری بکرێ و کەسێکی دیکەی تێکەڵ بکرێ.

تەنیا لە کاتی زەماوەندیشدا هاوبەش بۆ ناسناوی خێزان دروست دەبێت، کەسێکی دیکەش دەتوانێ لە ڕێگای منداڵەکانیەوە ئەو ناسناوە بەکار بهێنێ.

هەر لەبەر ئەوەشە، ئەوە خێزانە، یان باوکە بڕیاری دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ کوڕەکەی دەدات. ئەوە ئیبراهیمە برازاکەی خۆی دەستنشان دەکات بۆ کوڕەکەی، ئەوە ئیبراهیمە پیاوەکەی دەنێرێ، ئەوە ئیبراهیمە ڕێنمایی پیاوەکەی دەکات و ئەو خێزان و کچەشی بۆ دەستنیشان دەکات، کە بۆ کوڕەکەی دەخوازێ.

ئەو شێوازی ژنهێنانە (کە وشەی ژنهێنانیش بۆ خۆی پڕە لە دەنگی فەرهەنگ و کولتوورێکی نێرانە)، ئەو شێوازی ژنهێنانە ڕەگێکی هێندە قووڵی هەیە، وا سەخت چووەتە ناو هەناوی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە، بۆ سەدان ساڵ درێژ بووەتەوە، تا ئەمڕۆ کاریگەریی هەیە.

### دوو کاراکتەرەکەی خۆشەویستی

کوڕ و کچ، چاوی گوند لەسەر کوڕ و کچە. چاوی کچ لەسەر کوڕ و کوڕیش لەسەر کچە، بەڵام گوند بەو پێکهاتەوەی کە باسم کرد، بازنەی هەڵبژاردنەکەی تەواو تەسک کردووەتەوە.

### کچانی گوند

هەزاران شیعر و گۆرانی و لاوک بەسەر کچی لادێدا هەڵدراون، بەڵام بۆ کوڕ کچی لادێ تەنیا کچە پوور و خاڵ و ئامۆزان. واتا کوڕ ئەگەر توانای بڕیاردانی هەبێ و سامانیشی لەبەردەستدا بێ، کە قورسە، ئەوە ناچارە لەنێوان هاوخوێنەکانی خۆیدا کەسێک هەڵبژێرێ، لە بەشی زۆری حاڵەتەکاندا کچەکەی بۆ دیاری دەکرێ. ئەو عورفە لە ڕووحی کوردا هەڵقەندراوە و ئەگەر کۆمەڵگەش ڕێگای دابایە ئەو نەیدەتوانی لێی لادات.

هەر بۆ نموونە، لەو ماوەیەدا ژیانی کوڕێکی گوندیی پلە یەکم خوێندەوە، کە بۆی گونجاوە ئەوسەر ئەم سەری دنیا بکات، خاوەنی باخەڵی خۆشی بێت، دەیان کە نەڵێم سەدان کچ بناسێ و پەیوەندیی سۆزدارییشان لەگەڵ ببەستێ، تا دەگاتە سەرجێکردن، هەرچەند زۆر لەو کچانەی خۆشویستووە، شەیدای هەندێکی دیکەیان بووە، بەڵام کە دەیەوێ ژن بهێنێ، جگە لە چیرۆکەکەی ڕڤقە و ئیسحاق، هیچ مۆدیلێکی دیکە لەبەر چاو ناگرێ. لەو سەری دنیاوە دەگەڕێتەوە ناو هاوخوێنەکانی و ناو هۆز و بنەچەکەی خۆی و ئامۆزاکەی هەڵدەبژێرێ. بۆ ئەو هەڵبژاردنە هونەرمەندە ڕۆشنبیرەکە دەتوانێ سەد بیانوو بهێنێتەوە، دڵنیاشم وەک ئەو گەڕیدە پرسیار دەکات، دڵڕازیکەریش بن، بەڵام هەموویان خۆدزینەوەیە لە کولتووری خێڵ و گوند، کە لەناوەوەی ئینسانەکان بێ پرس بڕیاری خۆی دەدات. ئەوە بۆ هونەرمەندێک و زانایەک و خوێندەوارێک، بە تەنیا نا، بۆ تەواوی کورد ڕاستە. هەر لەبەر ئەو هۆیانەشە، کە خۆشەویستی لە گونددا گەشە ناکات. خوێن بڕیاری خۆی دەدات. مەبەستیشم تەنیا ئەوە نییە، کە کوڕ هەر ئامۆزا یان پورزاکەی دێنێ، بەڵکوو خێزان هۆگری هاوخوێنەکانی خۆیەتی، یان ئەو کەس و هاوسێیانەی دەگەنە ئەو پلەیە.

### خۆشەویستیی دوای ژنهێنان

ڕڤقە و ئیسحاق ماوەیەکی زۆر لە ژیانێکی هاوسەنگدا پێکەوە بوون. لە گوندیشدا ژن و مێرد ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە دەمێننەوە، زۆر جار تا کۆتایی ژیانیان. پرسیار ئەوەیە، ئەو ژن و مێردە لە چ فەزایەکدا پێکەوە دەژین؟

سەرەڕای هەموو ئەو کەلێنە قورسانەی لە کەسایەتیی کوڕ و کچدان، ژیانی هاوبەشی ئەو دوو دۆستە دەست پێدەکات، بەڵام لە چ فەزایەکدا؟

خانووی لادێ: دەرگا یان زالکێک دەچێتە سەر هۆڵێک، کە پێی دەگوترێ نیشتمان، لەوێوە دەرگایەک بۆ ژووری زەخیرە و یەکێک بۆ ژووری خەوتن و زۆر جار یەکێکیش بۆ تەویلەی حەیوانەکان.

### سێکسی بێ ڕووخسار (faceless sex)

خێزانی گوند، کە هەمیشە ژمارەیان زۆرە، لە یەک ژووری هاوبەشدا پێکەوە دەخەون. لەو ژوورەدا دایک و باوک، منداڵەکان، کە دەشێ هەراش یان گەورەش بن، هەندێ جار ژن و پیاوێکی بەتەمەنیش، کە دەشێ داپیرە و باپیریان بن، ئەوانە هەموویان لە ژوورێکدا یان ئەوپەڕی دوو ژووردا دەخەون، لە هەموو حاڵەتێکدا بووک و زاوای تازە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە ئەندامانی خێزانەکەیان، لە ژوورێکدا دەخەون، چونکە نەخشەی خانووی لادێ سادەیە و پانتاییەکەشی کراوەیە و هەمووی لەبەر چاوە. بووک و زاوا، کە لە ژیانی تەنیاییدا بۆیان هەڵنەکەوتووە یەکتر ببینن و یەکتر بناسن، لە ژیانی ژن و مێردایەتیشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە. لە مەزرا و دەشتودەر و کارکردن و ماندووبوون، کە تەنیاش نین، لە ژووری نووستنشیاندا هەر تەنیا نین و دەبێ لە نائاگایی و خەوتنی ئەوانی دیکەدا، وەک دز هەل بقۆزنەوە و سێکس بکەن.

سێکسی ژن و مێردی لادێ، شەوی زاوایەتیی لێ دەرچێ، کە دەشێ ژوورێکیان بۆ چۆڵ بکەن، دەنا هەموو شەوەکانی دیکە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەنوون و دەبێ لە تاریکیی شەودا هەلێکیان بۆ هەڵکەوێ و دەست لەملانی یەکتر بکەن.

کەواتە پیاو نەک لەگەڵ ژنەکەی، بەڵکوو لەنزیک ژنەکەیەوە دەخەوێ، لە فورسەتێکدا لە تاریکیدا دەچێتە لای، من ئەوە ناو دەنێم سێکس لە تاریکدا، یان (فەیسلێس سێکس) یان سێکسی بێ ڕووخسار. ژن ئەو ڕووخسارە نابینێ، کە دێتە لای و دەبێ تا ڕادەی هەناسەگرتنیش دەنگیان ببڕن، هەنکە هەنکە و وەیش قەدەغەیە. کەواتە سێکسێکی چەتانەیە، ڕووخسار و دەنگ بەشداریی تێدا ناکەن. واتا ژن سێکس لەگەڵ جەستەیەکی زبردا دەکات کە ڕووخساری نییە. بۆیە ئەگەر جەستەکەش بگۆڕێ، کاریگەرییەکی زۆری نابێ.

سێکسی بێ ڕووخسار، تێکەڵبوونی ژن و پیاوە لە تاریکیی شەودا بەنهێنی. وەک چۆن هەموو ئەو شتانەی مرۆ پێی خۆشە لە تاریکی و نهێنیدا دەکرێن. سیفەتەکانی ئەو جۆرە سێکسەش ئەوەیە، کە:

- تەواوی مێشکی بکارەکانی داگیر دەکات، هەموو شتێک و کردارێک بەو ساتە دەچووێنێ، کە بەنیازیەتی.
- کاتێکی کەم دەخایەنێ. پێشمەرجەکانی سێکسکردنی تێدا نایاتە دی.
- چاوەڕوانییەکەی زۆرە، کردارکەش دەبێ کەمترین کاتی پێ بچێ.
- زۆر کەم ژن لەو جۆرە سێکسەدا دەگاتە ئۆرگازم. واتا لای ژنەکە کرداری سێکسی تەواو نابێ.
- بەشەرمەوە دەکرێت و زۆرجار ژن و پیاو خۆیان بە تاوانباریش دەزانن.

(هەر بۆ یادکردنەوە: ژن هەیە، خەسووی لێی داوە یان بە شێوەیەک سزای داوە، چونکە شەو سێکسی لەگەڵ کوڕەکەیدا کردووە. هەر لە ڕشتەی مرواریدا دەیان نموونەمان لەو بابەتە هەیە. ئەوە لە شارە کولتوور لادێییەکانشدا هەیە، دواتر زیاتر ڕوونی دەکەمەوە).

### ئەنجام

لادێ ناتوانێ کارێکتەرێک پێبگەیەنێ، کە خۆی بناسێ و هەست بە گەشەکردنی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی:

- تاک لە لادێدا سەرچاوەی دارایی خۆی نییە.
- کاتی تەواوی نییە بۆ خۆنماییشکردن.
- تەنیا دەتوانێ لە لادێکەی خۆیدا، یان لە عەشیرەتەکەی خۆی کەسێک هەڵبژێرێ.
- بەشی هەرەزۆری کات (خێزان) کچ بۆ کوڕەکەیان هەڵدەبژێرن.



سەرچاوە Serchawe

- شوێنی مومارەسەی خۆشەویستییان نییە، هەتا لەدوای زەماوەندیش.

- سێکسی بووک و زاوا، سێکسی چەتەگەرانەیە، زیاتر لەوە دۆستانە بێ، توند و تیژ و خێرا.

- لەبەر ئەو هۆیانە و چەندان هۆی دیکە، خۆشەویستی تەنیا لە ئاستی سۆزدا دەمێنیتەوە، کەسەکان سۆزیان بۆ یەکتری هەیە، نەک خۆشەویستی، بەو مانایەی ئەریک فرۆم دەیناسێنێ. سێکس ئەو پەیوەندییە زیاتر بەهێز دەکات، پیاو یان ژن تەنیا دەتوانن لەگەڵ هاوسەرەکانیان سێکس بکەن، ئەویش سێکسی شەبەیخونی.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا شار جێگای خۆشەویستییە؟

لە چ ڕێکەوتێکەوە کورد بووەتە خاوەنی شاری خۆی؟

ئایا قەرەباڵغی و دانیشتوانی زۆر شار دروست دەکات، یان بۆ خۆشەویستی شار پێناسێکی دیکەی هەیە؟

(داوای لێبوردن لە خوێنەرانی (چیرۆکی پێغەمبەران) دەکەم، کە بە شێوەی جیاواز گلەیی ئەوەیان کردووە بۆ کوتوپڕ پچڕان؟ من بۆ ئاسوودەیی مێشکی ئەوان و گۆڕانکارییەک لە بابەتەکانی ڕۆژنامەدا، هەندێ جار لایەک لە کاریگەریی چیرۆکەکان دەکەمەوە، لەسەر کۆمەڵگە. هەر دوای تەواوبوونی ئەو بابەتە دەگەڕێمەوە سەریان، هەزاران سوپاس بۆ خەمخۆری و بەدواداچوونتان).

ئەو بنەمایانە چین کە شار لە گوند جیا دەکەنەوە؟

پێناسی ئینسانی شاری چییە؟

لە وتاری داهاتوودا، هەوڵ دەدەم جیاوازیی شار و لادێ لە رووی شێوازی ژیانەوە دەستنیشان بکەم، ئەوەی لە هەموو ئەوانەشەوە گرنگترە، ئایا ئێمە لە ناخی خۆماندا ئامادەین واز لە سروشتی گوندیانەی خۆمان بێنین؟

١٨ی ئایاری ٢٠١٩

--------------

ئەو چیرۆکانەی بەشێک نین لە تەورات هەر چەند بە ڕۆحێکی ئیلاهییانەشەوە نووسراون

(٥)

خۆشەویستی ئەتوارێکی ئینسانییە، بەڵام فەزایەکی دەوێ تێیدا پەروەردە بێ. گوند نەیتوانی ئەو گەشە گەورەیە بە ناخی ئینسان

بکات، دەپرسم ئەی شار، ئایا شار توانی؟ بۆ ئەوەش دەبێ بزانن کورد شاری هەیە؟ ئەو قەرەباڵغییە گەورەیە چ کۆمەکێکی بە ڕCحی کارێکتەری کورد کردووە؟

### لەنێوان گوند و شاردا

ئەگەر بمانەوێ مێژووی شار و گوند بنووسینەوە، کە ئەوە کارێکی تەواو ئەکادیمییە و من لە سەرەتای ئەو وتارانەدا نووسیم، ئەو وتارانە بە هەناسەیەکی ئەدەبی نووسراون، ئەوە جگە لەوەی کە زۆریش درێژ دەبنەوە، بەڵام وەک پێویستییەکی بابەتەکە ئەو گۆڕانکارییانە دەخەمە ڕوو کە شار لە گوند جیا دەکاتەوە.

لە مێژووی نوێدا، گوندێکی کوردیمان نییە، بە شێوەیەکی سروشتی گەشەی کردبێ و بە ئاستی شار گەیشتبێ. دیسانەوە ناچارم بڵێم، مەبەستم (لە باشوورە) دەشێ شاری کوردییش لە ڕووی تەعریفەوە لە وڵاتانی دیکە جیاواز بێ.

هەر بۆ نموونە، کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێمە سێبەری کۆمەڵگەی مەدەنیی دنیایە، زانکۆی ئێمە سێبەری زانکۆ و مەفهومەکەیەتی. نەخۆشخانەکانیشمان هەر وایە. واتا هیچ شتێکی ڕاستەقینەمان نییە، لاسایی دەکەینەوە تا هەمان بێ، بۆ نموونە، وەک بەزۆر پێمان بکەن، چەند ساڵێکە یادی لەدایکبوونی منداڵەکانمان دەکەینەوە، جەژنی سەری ساڵان دەگێڕین، بەڵام دیارە ئەوانە نماییشن، ڕەگیان لە کولتوور و ناخماندا نییە و وەک گاڵتە دێنە بەرچاو. گرینگ ئەوەیە شتەکەمان هەبێ، بێ ڕووحیەت، بێ ناوەڕۆک.

شاریش هەر وایە، دەبێ ئەوە ڕوونتر بکەمەوە.
من باسی دیمەنە ڕواڵەتییەکانی شار ناکەم، شار دەشێ بچووک بێ، بەڵام شارستانی بێ، واتا شار بێ.

### جیاوازییە سادەکانی نێوان شار و گوند

- دیارترین جیاوازیی نێوان شار و گوند، کارکردن و جۆری کارکردنەکەیەتی.
- لە لادێدا هەمووان خەریکی کشتوکاڵ و مەڕومەڵاتن.
- لە شاردا هەر کەسە خەریکی کارێکە، دوکانداری، سەنعەتکاری، فەرمانبەری، کرێکاری.
- هەر کام لەو کارانە کاتێکی تایبەت داگیر دەکەن، هەموو کاتی کەسەکە ناگرن.
- کات لە گوندا بازنەییە ئەویش بە سروشتی ئەو کارەی دیکەن.
- لە شاردا کات دابەش دەکرێت، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە بەئاشکرا و ڕوون دەردەکەون. وەزیفەی بوونیشیان بە ڕێکخستنی ژیانەوە دیارە.



سەرچاوە
Serchawe

- دابەشکردنی کات لە شاردا، دابەشکردنی نانخواردنیشی بۆ ژەمەکان ڕێکخستووە، نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە. زۆر جار ئەوە لە لادێدا بە ڕوونی دەرناکەوێ.

- شەوانی لادێ، لە ئاوابوونی خۆرەوە دەست پێ دەکات، کوژانەوەی خۆر واتا کوژانەوەی لادێ.

- کوژانەوەی خۆر شار ناکوژێنێتەوە، بەڵکوو جۆرێکی دیکە لە ژیان دەست پێدەکات کە ژیانی شەوانە، شەوانی شاریش دابەش دەکرێ بەسەر چەند بەشێکدا.

- هەر لە پەیوەندیی بە کاتەوە، لە شاردا بەیانییان هەر کەس دەچێتە سەر کاری خۆی و کار لە سەعاتێکی دیاریکراودا کۆتایی دێت. چوونەوە ماڵ و پشووی ڕۆژیان دەست پێ دەکات.

## جلک و بەرگ

- بەدەگمەن نەبێ، جلک و بەرگی لادێ شەو و ڕۆژ، کاتی کارکردن و پشوو یەک جۆرە. هی هەموو کەسەکانی گوند وەک یەکە، شوان بێ یان گاوان، پاڵە بێ یان جووتیار.

- جووتیار ئەو جلک و بەرگەی بۆ زەوی کێڵان و تۆوکردن لەبەری دەکات بۆ ناو گوند و شەویش هەر بە هەمان بەرگەوە دەخەوێ.

- لە شاردا ئەوە بە جۆرێکی دیکەیە.

- هەموو کەسەکان یەک جلکیان لەبەر نییە.

- بەرگی دوکاندار جۆرێکە، هی کریکاریش دەناسرێتەوە، هی قەساب و مزگەریش جیاوازە. ئەوە هیچ کە فەرمانبەر و مامۆستا و پیشەکانی دیکە، هەر یەکە و جلک و بەرگی خۆی هەیە.

- خەڵکی شار، یان شاری، لەنێوان کاتەکانیشدا جلەکانیان دەگۆڕن، بۆ سەر کار جۆرە جلێک لەبەر دەکەن و بۆ پشووی دوای نیوەڕۆ جۆرێکی دیکەیە. شەوانەش بیجامە لەبەر دەکەن. ئەوە جگە لەوەی کە بۆ سەیران و پیاسەی ئێواران جلەکانیان دەگۆڕن.

- خەڵکی شار، هەندێ ئەتەکێت و ڕەسمیی تایبەت بە خۆیان هەیە، سەردانی ئێواران و بانگهێشتی کێک و چای عەسران.

## خۆشووشتن

- لە نەخشەی خانووی گونددا شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆشووشتنی تێدا نییە، لەوپەڕی باشیدا، سەرشۆرکی هەبووە کە هیچ پێداویستییەکی خۆشوشتنی تێدا نییە. ئەوەش لە گوندە پێشکەوتووەکاندا. ئەگەر باسی گوندی ناوچە دەشتەکییەکان بکەین، زۆر سەمەرەیە، زۆر جار نەک گەرماو، هەتا ئاودەستیشیان تێدا نییە، خەڵکەکەی هەروەک مرۆڤی سەرەتایی دەچنە ناو سروشت. ئەگەر باسی شێوازی ئاودەست لە هەندێ گوند بکەم، ئەوەندە تەوەزەلانە و شەرمهێنە، کە ناویشیان بهێنم، دانیشتووانەکەی نەک لە من، چەقۆ لە ورگی خۆشیان دەدەن.

- لە شاردا گەرماو و خۆشووشتن تەواو جیاوازە. بەشی هەرەزۆری ماڵەکان حەمامی خۆیان هەیە، هەموو ڕۆژێکی هەینی، دەڵێن "حەمام دادەخەین" دەبێ یەکەیەکە هەموو ئەندامانی خێزانەکە خۆیان بشۆن، جلوبەرگیان بگۆڕن. ئەوە جگە لەوەی گەرماوی گشتیش بۆ ژنان و پیاوان لە شارەکان هەیە، لە زستانان و لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ دەبەن.

### جۆری خواردن و بەرنامەی خواردن

- لە شاردا ژەمەکان بە جوانی ڕێکخراون و جۆری خواردنیش بەسەر ڕۆژەکانی هەفتەدا دابەش کراون. لەگەڵ ئەوەشدا، کە گوند سەرچاوەی خۆراکە، بەڵام دەستکەوتن و ئامادەکردنی بۆ کابرای شاری ئاسانترە. کاکی شاری هەموو ڕۆژێ دەتوانێ ئەوەندە گۆشتە بکڕێت کە دەیەوێت، سەوزە و میوەش، بەڵام لە گونددا ئەوە دەست ناکەوێت، ئەگەر بیانەوێ گۆشت بخۆن، دەبێ بەرخێک یان گیسکێک سەر ببڕن، دەبێ لە ماوەیەکی کەمیشدا تەواوی بکەن، تا بۆگەن نەکات. ئەوە جگە لەوەی کە ئامادەکردنی ماسی و سەروپێ و دۆڵمە و کەباب و چەندان خواردنی دیکە لە گونددا نەبووەتە کولتوور و لە چۆنیەتیی ئامادەکردنی شارەزا نین.

هەموو ئەو زانیاری و تێبینییانەم هەر ئاوا بۆ خۆشی ناخەمە ڕوو، لە شوێنی خۆی بەکاریان دەهێنم و وا باشترە تۆش بە سەرنجەوە بیانخوێنییەوە و تێبینییەکانی خۆشتی بخەیە سەر و هێڵی سووریان بەژێردا بێنی، تا لە کاتی بەکارهێنانیاندا پێویست نەبێ بگەڕێیەوە سەریان.

ناونیشانی بابەتەکەمان، خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، یان وەک برادەران کردوویانەتە، خۆشەویستی لە کوردەواریدا، کە نەفەسێکی میللی و فولکلۆریانەی هەیە، لە هەردوو باردا، کۆمەڵگەی کوردی هەر گوند و کشتوکاڵ و مەڕ و ماڵات نییە، بەڵکوو شاریشە، بۆ ئەوەی کە دێینە سەر باسی خۆشەویستی لە شاردا، تا ڕادەیەک خاڵە گرنگەکانی شارمان نووسیبێ.
تەنیا بەلای یەک لایەندا نەچووم، ئەویش خوێندن و ڕۆشنبیرییە. یان لایەنی ڕووحیی لادێ و شار، یان چاخانە و شوێنە گشتییەکانی دیکە، کە بەنیازم بە وردی لێیان بدوێم.

#### تێبینی

- ئەو لێکدانەوانەی من بۆ گوندی ئەمڕۆ نییە، چونکە گوندی ئێستا شارێکی بچووکە و شارەکان گوندێکی گەورەن، ئەوەش قسەیەکی فەنتازییە بۆ تێکچوونی فەزای گوند و بەسەر یەکدا ترشانی شارەکان. (ئەوە لە شوێنی خۆی زیاتر ڕوون دەکەمەوە).

- بۆ ئەو زانیاری و دەربڕینانە، دەبوو سەرچاوە و بەڵگەی نووسراو پیشان دەم، هەرچەندە سەرچاوەی زۆر و باوەڕپێکراو و موعتەبەر لەسەر شار و بەشاربوون هەن، بەڵام هەروەک لە سەرەتاوە گوتم، من وتارێکی ئەدەبی دەنووسم نەک ئەکادیمی، بۆیە لەو شوێنانەی لە زانیارییەکان دڵنیام، یان خوێندنەوەی خۆمە بۆ شێوازی ژیانی گوند و شار، چاو لە سەرچاوە دەپۆشم.

### ئەڵقەی نێوان شار و گوند

گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەگەر بەشێوەیەکی سروشتی بێ، ئەوەندە لەسەرخۆ و ناوەکییە، تا ڕوو نەدات هەستی پێ ناکرێ. هەموو بابەتەکەی ئێمە دەربارەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردییە لە سەدەی ڕابردوودا، کە گوند گوند و شار شار بوو. زیادکردنی چەند خانوویەک، یان کۆڵانێکی تازە لە گونددا، شەقامێک لە شاردا، زەمەنێکی زۆری دەویست. ئەوە بارە ڕووحییەکە، ئەوەی پەیوەندیی بە بیرکردنەوە و تێڕاوانینەوە هەیە، دەبوو چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی گەورەی جیهانی بکات. دۆزینەوەکانی نیوتن و گالیلۆ و ئەنشتاین، جگە لە هەندێ بابەتی سەرپێیی و هەندێجار نوکتە، دەنا نەیانتوانیوە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی کوردی بجووڵێنن.

ئەوانە وردەکاریی کاریگەر و قووڵن، هەمووشیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە گەشەی ڕووحیی ئینسان و خودناسییەوە هەیە، کە بەشێکن لە پرۆسەی خۆشەویستی. من نامەوێ مێژووی شار و گواستنەوەی گوند بۆ شار بەوردی بەسەر بکەمەوە، ئەوە بابەتێکی زانستییە و سەرچاوەی زۆر و داتای زۆرتری دەوێت.

ئەوەی لەو بابەتەمدا دەوێت ئەوەیە، خۆشەویستی بەو حاڵەی خۆیەوە کە دێتە ناو شارەوە چی بەسەر دێت؟ ئایا شار بوو بە ناوەندی خۆشەویستی؟ ئایا شار ئەو بوارەی بۆ کورد ڕەخساند، خۆی بناسێت و خۆشەویستی تێ بگات؟ ئایا شار پەیوەندیی ژن و پیاوی لە قۆناغە غەریزەییەکەیەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی ئینسانیی بالاتر؟

ڕاستە ئەو پرسیارانە سەر دەکێشن بۆ ناو بابەتی قورستر، بۆ نموونە، کورد شاری هەبووە؟ کورد شاری هەیە؟ تەعریفی شار چییە و شار لای کورد چی دەگەیەنێ؟
مێژوو شتێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کورد شارستان بووە و دەسەلاتدار بووە، هێزی هەبووە، وڵاتی هەبووە، خاوەنی سکەی خۆی بووە. من ناگەڕێمەوە بۆ مێژوو، چونکە مێژوو جگە لەوەی سەرکەوتووەکان نووسیویانەتەوە، جگە لەوەی شێواو و ئاڵۆزە، جۆرێکیش لە وەهم دروست دەکات، کە ناهێڵێ لە واقیعەکەت تێبگەی؟ لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە، من دەمەوێت ڕووحی ئینسان بخوێنمەوە، نەک کاغەز و لاپەڕە، یان شتێکی دیکە.

ئایا ئەو ئینسانەی لە گوندەوە ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شار، چی لەگەڵ خۆی دێنێ و لە شاریش چی وەردەگرێ؟ من وشەی (شار) هەر بە مانا فەرهەنگییە کوردییەکە بەکار دەهێنم، کە زیاتر مەبەستی کۆبوونەوەی خەڵکە.

لەو بەشەشدا نەمتوانی ئەو ئەڵقەیە تێپەڕێنم، کە کورد لە گوند ڕزگاری دەبێ و دەبێتە شاری. دەشێ لە تۆش بپرسم، ئایا دوای ئەو



سەرچاوە
Serchawe

هەموو ساڵە خوێندنەوە، ئەو قۆناغەت بڕیوە؟ کولتووری تۆ کە دڵنیام کولتوورێکی گوندییە یان گوندی بووە، گۆڕاوە بۆ شاری؟ ئایا کوردستان کە وازی لە کاری کشتوکاڵی هێناوە و توور لەدەرەوە دێنێ، توانیویەتی کولتووری خێڵەکیشی واز لێ بهێنێ؟

کولتووری گوندی لەناو کشتوکاڵ و لادێدا چەند جوانە! چەند نیشانەی زیندوویی و بەخشندەییە، لەدەرەوەی گوند ئەوەندە نیشانەی وەستان و بۆگەنکردنە، تەواو وەک ئەو ماسییەی لەناو ئاوەوە دەیگوازیەوە بۆ بیابان.

دەبێ پرسیارە گرنگەکە وەڵام بدەمەوە، کوردی خێڵەکی، چی هێنا بۆ ناو شار و شار چی پێ بەخشی؟ هەموو ئەوانە پەیوەندییان بە خۆشەویستییەوە چییە؟

٢٦ی ئایاری ٢٠١٩

----------------

**دەبێ پرسیارە گرنگەکە وەڵام بدەمەوە:**

**(٦)**

**کوردی خێڵەکی چی هێنا بۆ ناو شار و شار چی دایە؟**

**هەموو ئەوانە پەیوەندییان بە خۆشەویستییەوە چییە؟**

**لە کوێدا پەیوەندییان بە خۆشەویستییەوە هەیە؟**

شاری کورد ناوەندێکی گردبوونەوەی چەندان گوندە. یان ناوەندێکە بە چەندان گوند دەورە دراوە. گوند چۆن ماست و ترێ و گەنم و جۆ و چەڵتووک و بەرخ و کاوڕ و گیسک بۆ شار دەنێرێ، هەر بە هەمان شێوە کولتوور و ڕێوڕەسم و ئەتواریشیان بۆ دەنێرێ.

ئەگەر لە شارە بچووکەکان بڕوانین کە نموونەیەکی دەست لێنەدراون، کە بە قەزا ناسراون، دانیشتوانەکەیان بە شێوەیەکی گشتی لە لادێیەکانی دەوروپشتیانەوە هاتوون، ئەو لادێیانەی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گەشەیەکی زیاتریان کردووە.

لە ناوەندی سەدەی ڕابردوودا، بوژانەوەی شارە بچووکەکان، کردنەوەی قوتابخانە بە شێوەیەکی فراوانتر و باشتر، چەندان خێزانی گوندیی ناچار کردووە منداڵەکانیان، بەتایبەتی کوڕەکانیان، یان زۆر جار شار بۆ درێژەدان بە خوێندن ماڵێک بێننە. ئەو بنەگەیە

زۆر جار بووەتە ماڵی تەواو و خێزانەکە بەتەواوی ڕووی لە شارەکە کردووە. ئەوە کۆچێکی سادەی خەڵکی لادێییە بۆ شار.

### چەند دیاردەیەکی ڕواڵەتی دەبنە پێناسەی سەرەکیی شار:

- زۆریی ژمارەی دانیشتووان.
- فراوانیی ڕووبەرەکەی.
- باڵەخانە و کۆشکی گەورە.
- شاقام و ڕێگەوبان.
- دامودەزگای دەوڵەت.

مەبەست لە فراوانیی ڕووبەرەکەی، بڵاوبوونەوەی باڵەخانە و ماڵی گەورە و شوێنی نیشتەجێبوونی فراوانە بە دەوری ڕووبەرێکی فراواندا. ئەوانە بۆ ئەو لێکۆڵەرانە باشە کە لە مێژووی شار و گەشەکردنی شار دەکۆڵنەوە، بەڵام بۆ من بەدوای گەشەی کۆمەڵایەتی و گەشەی ناخی ئینسانەکان و شارستانییەتدا دەگەڕێم.

### ئایا لە شارەکانی کوردستاندا کەسایەتیی کوردی جیاوازە لە کەسایەتیی گوندی؟

ئینسانی کورد لە شاردا هەموو ئەو سیمایانەی هەیە کە پێشتر خستمانە ڕوو، کە کارکردن و جلوبەرگ و خواردن و گرنیگدانە بە پاکوخاوێنی. ئەوانە ماتریاڵی باشن بۆ ئەوەی کەسایەتیی سەربەخۆ و خودناس و شایان بە خۆشەویستی دروست ببێ. هەرچەند گەشەی کەسایەتی لەسەر شارستانیەت (الحضارة) وەستاوە، نەک مەدەنیەت. ڕاستە مەدەنیەت بەشێکی گرنگی شارستانیەتە، بەڵام دەکرێ ئەو بەشە بەتەواوی بکرێتە بەشێکی ڕواڵەتی، سیمای درەوە و بەس.
واتا تۆ دەتوانی زۆر بەئاسانی ئینسانی مەدەنی لە ڕووی ڕواڵەت و سیماوە دروست بکەی، بەڵام بەشارستانیکردن پرۆسەیەکی دوورودرێژە و ئەزموون و خوێندن و تەمەنی دەوێت.

کە سیمای مەدەنی ئێستا ڤاتێکی فەڕەنسی و پێڵاو و پشتێنێکی ئیتاڵی و بۆنێکی وەن مان شۆ و ترومبێلێکی ئەڵمانی بێت، ئەوە زۆر بەئاسانی لە سەعاتێکدا بە یارمەتیی (سەرمایە) دەتوانی هەزاران کەس بکەی بە مەدەنی، بەڵام بە هەزاران ڕۆژ ناتوانی بیانکەی بە شارستانی. شارستانیبوون تەنیا زانیاری نییە، کەڵەکەبوونی شێوازی شارستانیەتی ئەزموونە، تەواو وەک ئەرستۆکراتی.

**ئەرستۆکراتی چینە، دیارترین دیاردەی ئەرستۆکراتی (پارەداربوونە) بەڵام پارە هەرگیز ناتکاتە ئەرستۆکراتی.**



سەرچاوە
Serchawe

هەرچەند لە بابەتەکە دوور دەکەومەوە، بەڵام نموونەیەکی زۆر بەکەڵکە، ئێستا لە کوردستان بە سەدان ملیۆنێر بە دۆلار هەن، واتا پارەدار، ئاخنراو بە پارە، بەڵام ئەوانە هیچیان ئەرستۆکرات نیین. ئەوانە پاسەوان و گسکی کارەبایی کۆکردنەوەی پارەن. کەواتە جیاوازی لەنێوان پارەدارێکی کوردستان و ئەرستۆکراتێکی بەریتانی یان فەرەنسی چییە؟

**ئەوەش بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە:**

لە ڕووی چینایەتییەوە باسی ئەرستۆکرات ناکەم، لە ڕووی کولتوورییەوە لەو چینە دەدەوێم.

ئەرستۆکرات داهێنەر و ئیشکەر و بەرهەمهێنە. هەموو ئەو داهێنراوانەی ژیانی ئینسانیان ئاسان کردووە، لە زۆری و جۆراوجۆری قوماش و جلوبەرگ و پێداویستیی پزیشکی و هەزاران هەزار داهێنانی دیکە، ئەگەر بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەرستۆکراتیەت نەبێ، ئەوە ئەرستۆکراتییەکان بەشدارێکی کارا بوون تێیدا.

لە ڕووی هونەرییەوە، ماڵی ئەرستۆکراتەکان شوێنی نمایشی جوانترین و نوێترین و ناوازەترین تابلۆی هونەرمەندەکانی ئەورووپا بوون، زۆرترین سەرمایەیان دەخستە خزمەتی، هەر ئەوان خزمەتکار و بەرهەمهێنەری داهێنانە مۆسیقییە مەزنەکان بوون. بۆ پاراستنی پارچەیەک شوێنەواری هونەری کۆن، چییان لە توانادا بوایە دەیانکرد. بەشی هەرە زۆر کولتووری ڕۆژهەڵات لەوێ پارێزراوە، بە هەر ناوێکەوە بێ. ئەوەی کە ناکرێ لەبیر بچێتەوە ئەو خزمەتە گەورەیەیە کە ئەرستۆکراتەکان بە ئەدەب بە هەموو بەشەکانییەوە کردییان، بەتایبەتی ڕۆمان هونەری هەرە خۆشەویست و هەرە بەهاداری ئەرستۆکراتیەکانی ئەورووپایە (سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمان گرێدراوی مێژووی شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپایە). ئەو مێژووە هەمووی جوان نییە، بەڵام من هەندێ سیمای گشتیی ئەرستۆکراتیەت یان پارەداری ئەورووپام بۆ نووسین. جگە لە هەموو ئەوانە، سەردەمێک ئەرستۆکراتەکان لە ڕووی ماددییەوە یان سەرمایەوە دادەڕووخێن و مایەپووچ دەبن، کەچی ئەتەکێتی ئەرستۆکراتی، سیما و سیفەتەکانی هەرگیز دانارمێ. یان دەشێ ئەرستۆکراتێک ماپووچ بێت، بەڵام ئامادە نییە واز لە سیفەتی ئەرستۆکراتییانەی خۆی بێنێ. دەکرێ گەشەی خودناسی، گەشەی خۆشەویستیش بەشێک بێت لە ڕەوشتی ئەرستۆکراتییانەی شاری. دواتر لەو بابەتە دەدوێم.

**ئەی پارەداری کورد؟**

ئایا پارەداری کورد ئەرستۆکراتە؟ پارە گەشەی بە کەسایەتیی کورد کردووە؟ پارەداری کورد بەها و نرخی تابلۆ دەزانێ، گوێ لە مۆسیقا دەگرێت و سەرمایەی بۆ تەرخان دەکات؟ ئایا سەرمایەداری کورد دەزانێ ئەدەب چییە؟ دەزانێ کتێب چییە؟ زمانی نەتەوەکەی بەلاوە گرنگە؟ ڕۆمان بە ناوی جندۆکە نازانێ؟ گاڵتەی بە کولتوور و زمان و بەها ئینسانییەکان نایەت؟ پارەداری کورد گوێ دەداتە داهێنانی نەتەوەیی؟ شکۆ و سەربەرزیی بەلایەوە بەهای هەیە؟ ئایا پارەداری کورد جگە لە پارە شکۆی خۆ لە هیچ شتێکی دیکەدا دەبینێتەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

### گاڵتەجاڕیی پارەداری کورد

وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێتە گاڵتەجاڕی بەو گرووپە پارەدارە. من وشەی پارەداریان بۆ بەکار دەهێنم، چونکە لە بەهای پارە، کە تەنیا مەبەستیان کاغەزەکەیە، هیچ بەهایەکی دیکەیان نییە. جگە لەو شکۆ درۆینەی پارە بۆی دروست کردوون، هیچ شکۆیەکی دیکەیان نییە:

- ئەو پارەدارە لەجیاتی ئەوەی هەوڵی چارەسەری نەخۆشییەک بدات، کە لەناو کۆمەڵگەیە زۆرە و بووەتە کێشەیەکی گشتی، ئەو دێت ئەو هەست و دڵشکانەی نەخۆش و دەوربەرەکەی لە ڕێگای دەرمانی ئێکسپایەر و دکتۆری ساختەوە بەکار دێنێ.
- لەجیاتی هاوکاریکردنی سیستەمی زانکۆ، بۆ چاکسازی و بەخۆداچوونەوە، دێت هەستی زانستدۆستیی گشتی، بە زانکۆی ساختە و بڕوانامەی ساختە دەکاتە پیشەی سەرەکی.

### خۆ دەرخستنی

خۆدەرخستنی پارەدارەی کورد، دەرخستنێکی مافیایانەیە:

- لەجیاتی پاڵپشتکردنی کارێکی کولتووری، کە بمێنێتەوە و بەهاکەی ڕۆژانە نەبێ، دێت باخچەی نایلۆنیی دەیان و سەدان دۆنمیی دروست دەکات، تەنیا بۆ شکانەوەی بەرامبەرەکەی، دێت مۆبایلی زێڕ بۆ کوڕە شەش ساڵانەکەی دەکڕێ، تەنیا بۆ ئەوەی بە دادەکەی باخچەی ساوایان بڵێ تۆ هیچ نیت، کە تا ئێستا ناتوانی پێڵاوێکی گونجاو بۆ خۆت بکڕی.
- هەزاران هەزار دۆلار لە کڕینی ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەی سەرف دەکات، کە خۆشی دەزانێ ئەو ژمارەیە هیچ بەهایەکی ئینسانی و مەعنەویی نییە. تەنیا پێی خۆشە بە هاوڕێکەی بڵێ: من دە ئەوەندەی خەرجیی تێچوونی نەخۆشییەکانی ئێوە، لە بێبەهاترین پێویستیی خۆمدا خەرج دەکەم. یان بە کرداری پێیان دەڵێ: ژیانی ئێوە بەهای تابلۆی ترومبێلەکەی منی نییە کە ئەوەش لە نەخۆشییەک زیاتر هیچی دیکە نییە.

ئەوە بابەتێکی تایبەتە، بەراودکارییەکە لەسەر پارەداری کورد و ئەرستۆکراتی جیهانی. حەز دەکەم لە هەلێکدا، بابەتێکی تایبەتی لەسەر ئامادە بکەم.

کۆی گشتیی مەبەستەکەم لەو تێبینییانە، ئەوەیە کە هەتا گۆڕانی گەورەش لە سەرمایە و داهاتدا نەیتوانیوە کولتووری گوندی لەق بکات و بنەما سەرەتاییەکانی شارستانیبوون بچەسپێنێ و کایە ڕووحییەکانی ئینسانی کورد چالاک بکات و گەشە بە خۆشەویستی بکات.



سەرچاوە
Serchawe

### لە کولتووری گوندەوە بۆ شار

هەنگاوە سەرەتاییەکانی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە گوندییەوە بۆ شاری زۆر ورد و هێواش و دروست دەستی پێ کرد. لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی ئەو بازە گەورەیەی شەڕی یەکەمی جیهان بە دنیای دا، لەناویاندا کوردستانیش. ڕاستە شەڕ وێرانکارییە، کەس تێیدا سەرکەوتوو نییە، کەچی دۆڕاوەکان ژمارەیان زۆرە، زۆر لە بەشداربووانی شەڕەکە زیاترن. لەگەڵ ئەوەشدا بووە هۆی لێکنزیککردنەوەی کولتوورەکان و تێکەڵبوونی خێرا و بازرگانی و گواستنەوەی داهێنانەکان و تێکەڵبوونی ئینسانەکان و چەندان بابەتی دیکە.

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان کوردستانیان داگیر کرد، دیتنی مۆدیلی ئینگلیزی لە سیما و کارکردن و ئەو ئامێر و کەلوپەلە تازانەی بە دەستیانەوە بوو، ئەوە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ چاوکردنەوەی کوردی پەراوێزخراو دووره دنیا.
لەپێش هەموو شتێکدا، مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان، ئەگەر هەر ڕواڵەت و قسەش بێ، کەوتە سەر زاران. بۆ یەکەمین جار کورد هەستی بە گرنگیی خۆی کرد، کە بووە قاو، ئینگلیزەکان ڕیفراندۆم دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کورد حەز دەکات لەگەڵ عێراق بێ، یان بچێتەوە سەر تورکیا، یان دەیانەوێ سەربەخۆ بن. ڕاستە ئەوانە لە چوارچێوەی قسەدا مانەوە، بەڵام فکری ئەوەی کە دەشێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی وەڵامی ئەو گرنگ بێ، کارێکتەری کوردی خستە سەر خەیاڵێکی دیکەوە.

دیوی دووەمی شەڕ و هاتنی ئینگلیزەکان و کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا، خوێندن و زانست و ڕۆشنبیری بوو. ڕاستە پێشتر لە کوردستان سیستەمێکی کۆن و سستی خوێندن هەبووە. بەڵام خوێندنی مۆدێرن لەو سەردەمەدا کەوتە سەر پێ و کۆتی سیستەمەکەی پێش خۆی شکاند، نەک هەر ئەوە، سیستەمی کۆن بێ بچووکترین بەرگری تەسلیم بوو، کادیرەکانی ئەوانەی زانیارییان لابوو، بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا، لەناو سیستەمی نوێدا جێگایان ببێتەوە.

گرووپێکی تازە لەناو کۆمەڵگەی کوردی هەستانە پێ، تا ئەمڕۆ جوانترین ناویان لێ نراوە، ئەویش منەوەرەکانن. منەوەر یان مونەوەر بەو قوتابییانە دەگوترا کە هەموو ڕۆژێ بە جلی تایبەتەوە بەرەو قوتابخانە دەچوون. ئەوان بەڕاستی منەوەر بوون. بووبوونە چرای کۆمەڵگە. دواتریش هەر ئەو منەوەرانە دەبنە یەکەم دەستەی عاشق و خۆشەویستی پەروەرانی کورد.

ئایا کۆمەڵگەی گوندییانەی کورد تەسلیمی منەوەرەکان بوو؟

ئایا کورد بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا ئاوڕ لە خۆشەویستی بداتەوە؟

١ی حوزەیرانی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەم دیمەنی شار لە کوردستان لە باڵای منەوەرەکانەوە دەرکەوت**

**(٧)**

ئایا کۆمەڵگەی کوردی تەسلیمی منەوەرەکان بوو؟
تاکی کورد بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا بیر لە خۆی بکاتەوە؟
بیر لەخۆکردنەوەکەی گەیشتە ئاستی خۆشەویستی؟
چونکە خۆشەوستی لەدەرەوە نایەتە ناو ئینسانەوە، لەناوەوە سەر هەڵدەدات.

منەوەرەکان وەک گلۆپێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵبوون، هەموو شوێنێک و هەموو سووچێکیان گرتەوە، ڕاستە هێزێکی بچووک بوون، جگە لە قەڵەم و دەفتەر، ڕەوشت و ئەتوارێکی خوێندەوارانە، هیچ شتێک و ئیمکانیاتێکی دیکەیان لەبەردەستدا نەبوو. بەڵام ئەو کاتە قسەیەکی کۆن هەبوو، کە باوەڕێکی گەورەشی لەپشتەوە بوو: "هەموو تاریکیی دنیا ناتوانێ ڕووناکیی مۆمێک بشارێتەوە"، "تاریکی هەر چەند قووڵیش بێ، ناتوانێ ترووسکایی بشارێتەوە".

ئەو کاتە ئەو قسەیە ڕاست بوو. ئێستا هەم سروشتی ڕووناکی و هەم سروشتی تاریکی گۆڕاوە.

منەوەرەکان نەوەی پێگەیشتووی قوتابخانەکان بوون، یەکەم دیمەنی شار لە باڵای ئەوانەوە دەرکەوت. بۆچوون و بیرکردنەوەیان لە هەموو شتێکدا جیاواز بوو. دیدیان بۆ پەیوەندەییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بەڕێوەبردن، بۆ شار تایبەت بوو. لە هەموو ئەوانە گرنگتر، دیدیان بۆ زانست جیاواز بوو. باوەڕیان بەوە هەبوو لەپشت هەموو دیاردەیەکەوە، چ سروشتی بێت یان کۆمەڵایەتی یان تەندروستی، هۆکارگەلی زانستی و لۆژیکی هەن.

مەبەست لە دیاردەی سروشتی: باران و گەردەلوول، بوومەلەرزە و دیاردەکانی دیکە بوو.

لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان: هەژاری و دەوڵەمەندی و چین و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بوو.

لە تەندروستیش: نەخۆشی و نوقسانیی ئەندامەکی یان بیریی.

تاکە شۆڕشێک، کە کاری لەسەر خودی ئینسان کردبێ، هەوڵی دابێ لەناوەوە ئینسان بنیات بنێتەوە منەوەرەکان بوون، چونکە لەپشت

ئەو کتێبە سادانەی لە پۆلەکاندا دەخوێندران هێزێک هەبوو باوەڕی بەوە هەبوو، زانست دەبێ ڕەوتی خۆی بگرێت و ئەوەش تێکەڵ بوو بە بیرێکی شۆڕشگێڕانەی زانستی. منەوەرەکان بوون گوتیان باران دیاردەیەکی سروشتییە و هۆکاری زانستیی خۆی هەیە، منەوەرەکان بوون نەخۆشییان بە زانستەوە بەستەوە، شەڕی گەورەی دواکەوتنیان کرد، نهێنی و هەڵخەڵەتاندنی پشت نووشتە و فێڵی شێخ و مەلاکانیان ئاشکرا کرد. گوتیان ئینسان بە هەژاری لەدایک نابێ، خودا ئینسانەکان بۆ هەژار و دەوڵەمەند دابەش ناکات، ئەوە کاری سیستەمەکان، زوڵمی دەسەڵاتەکانە.

نەخۆش لەسەر زاری ئەوانەوە ڕێگای نەخۆشخانەی گرتەبەر، بەهۆی ئەوانەوە دەرمان جێگای نووشتە و دوعای گرتەوە. زانست، قوتابخانە ئەوکات، هێزێکی کاریزما و توند و نەبەزیوی لەپشت بوو، ئەویش خۆڕاگری و شۆڕشگێڕی بوو. دواتر ئەوانەی ژیانی ئابووری و مەعنەوییان کەتبووە بەر هەڕەشە، خۆیان کۆ کردەوە و زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی منەوەرەکان بوونەوە.

منەوەرکان خاڵێکی گرنگ بوون، کە گوند، کە ئەتوار و کولتووری لادێ بەناویدا تێپەڕێت، تێپەڕینێکی پڕ گۆڕانکاری و جوانکاری، گۆڕانکارییەک لە خزمەتی شارستانیەتدا. واتا منەوەرەکان چ خەڵکی شار یان یان لادێ، بەناو کتێب و زانستدا تێدەپەڕین و دەبوونە کارێکتەری زانست و ژیانپەروەر، ئەوەش هەنگاوێکی گەورەی لە شارستانیەت نزیک دەکردنەوە. ئەوەی گرنگیش بوو لەو قۆناغەدا خۆناسین بوو، کە ئامانجێکی گەورەی منەوەرەکان بوو.

**منەوەرەکان لە چ فەزایەکدا دروست بوون؟**

**منەوەرەکان لێمانەوە دوور نین، هەتا کە نەشمابن، ڕووناکییان ماوە.**

(زۆر حەز دەکەم ناوی یەکەیەکەی منەوەرەکان بنووسم، بۆ ئەوەی زۆر درێژ نەبێتەوە، تاکە یەک منەوەرتان بیر دەخەمەوە، دڵزاری شاعیر، لەگەڵ بارێک تەمەن و تەپوتۆز و سەختیی ڕۆژگار و دڵڕەقیی کوردیش، هێشتا ئەوەندەی دەیان دکتۆر و زانا و بانگخواز و هاشوهوشکەری شاشەکانی ئەو سەردەمە پۆخڵە ڕووناکە).

کۆمەڵگەی کوردی بەو هەموو دەردە کۆمەڵایەتییەیەوە، کولتووری گوند تەواوی هەموو جێگایەکی ئاخنیوە، قەزا یان شارە گەورەکان، تەنیا لە ڕووی ڕووبەر و خانوو، ژمارەی دانیشتوانەوە شارن، کولتووری گوند بەڕێوەیان دەبات. قائیمقام سەرۆکی خێڵیشە، حاکم کوڕە گەورەیەتی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سیستەمێکی جیهانی و زانستی خەریکە سنوورە ئەستوورەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردی ببڕێت.

بازەکە، ئەوەی شەڕ وەستاوە و تێکەڵبوونێکی فراوان هەیە و سنووری وڵاتان شکاوە، کوردستان چاوی بە جیهانێکی دیکەوە هەڵێناوە. پرسیارەکە ئەوەیە:

- ئایا کارێکتەری کورد دەتوانێ لەو میحنەتی هەژاریی کەسایەتییە بپەڕێتەوە؟
- ئایا شار کارێکتەرێکی باوەڕ بەخۆبوومان بۆ دروست دەکات؟
- ئایا فوتابخانە و ڕۆشنبیری و غرووری نەتەوەیی، کەسایەتییەکی کوردی جیاوازمان دەدەنێ؟
- فەزای گەشەکردنی خۆشەویستیی دێتە ئاراوە؟
- کورد هەر ئیسحاق ئاسا، ژن دەهێنێت و واز لە دەماری خێڵەکی ناهێنێ؟

**من چاوم لەوەیە، خوێنەری ئەو وتارانە تاسەر لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا بژیت.**

### شارەکانی کورد کامانەن؟

من دیسانەوە ناچارم بڵێم، مەبەستی من لە کوردستان، تەنیا ئەو چەند شارەی باشوورە، چونکە سنووری کوردستانی باشوور زۆر بەتوندی بە ڕووی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا داخرابوو، با کرانەوەیەکیش بە ڕووی جیهاندا هاتبێتە ئاراوە.

شارە گەورەکانی کوردستان، ئەوکات لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان، ڕووبەر و تا ڕادەیەک باڵەخانەشەوە، هەولێر و سلێمانی و کەرکووک بوون. ڕاستە لە ڕووی کولتوورییەوە قەزا کۆنەکانیش شانیان لە شانی ئەو شارانە دەدا، بەتایبەتی کۆیە و قەڵادزێ و ڕواندز و دەربەندیخان و شارۆچکەی دیکەش.

تێبینی: شاری کوردی لەبەر ئەوەی پایتەخت نەبووە، بەهۆی ئەو کۆستە گەورەیەی دوای شەڕی گەورەی یەکەم بەسەریدا هات (لە ڕووی دابەشکردنیەوە بەسەر چوار وڵاتەکەی هاوسێیدا)، پایتەختی ئیداری و ئابووری، دەسەڵاتی سیاسی نەبووە، بۆیە نەبووەتە جێگای گرنگی پێدان و لە پێشکەوتنی کولتووری بەولاوە زیاتر چاویان لە هیچ پێشکەوتنێکی دیکە نەبووە.

نموونەی باڵاشیان پایتەختە فەرمییە سەرەکییەکان بوون. پایتەختی وڵاتە خۆسەپێنەکان، بەغدا، تاران و ئەستەنبووڵ و دیمەشقیش، ئەو پایتەختانە بوونە نموونەی باڵا و خەونی شارە کوردییەکان، کە لە ڕووی کولتورییەوە پێی بگەن، بەڵام ڕووی نەداوە هیچ شارێک بە نموونە باڵاکەی خۆی بگات، کە لە هەمان ئاستی ئیداری و ئابووری و فەزای سیاسیی خۆیدا بمێنێتەوە. بۆ نموونە، ئۆڵگۆی هەولێر و سلێمانی بەغدا بووە. گەیشتن بە بەغدا خەون و خەیاڵ بووە.

تا ناوەندی سەدەی ڕابردوو، کە سەنتەری باسەکەیە لە ڕووی زەمەنەوە، کوردستان، ئەو بەشەی بە پینە و پەڕۆ بە عێراقەوە گرێ دارەوە، ناوەندی پەیوەندیکردنیان بە دنیاوە لە ڕێگای بەغداوە بووە، واتا هەر گۆڕانکارییەک چ ئیداری، یان بازرگانی، ڕۆشنبیری، یەکەم جار هاتووەتە بەغدا و جێگای خۆی گرتووە، دواتر، دوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر، ئەوجار بەشێک لەو گۆڕانکارییانە

گواستراونەتەوە بۆ شارەکانی کوردستان، ئەویش بە پچڕی پچڕی. هەر لەبەر ئەوەش بووە، کە پێشکەوتن لەو شارانەدا سست و هەستپێنەکراو بووە.

سروشتی گۆڕانکاریی سەدەی ڕابردوو، کە زەمەنی بابەتەکەی ئەو چەند وتارەیە، بەتایبەتی لە رووی کولتووری و زانستییەوە هێواش بووە، هێواش بەڵام تۆکمە، چونکە داواکارییەکانیان قورس بووە. داواکردن لە کۆمەڵگەی کوردیی دواکەوتوو، کە واز لە نووشتە و دوعا و تەرسەقوول بێنێ، بۆ ئەو کاتە زۆر قورس بووە. باوەڕهێنانی کارێکتەری دواکەوتووی کورد بە شێوازی زانستیی باران بارین تا ڕادەیەک ئەستەم بووە. (تەنیا باسکردنی ئەوەی کە زەوی خڕە، سەدان دەروێش و دەفی خستووەتە هەلەکە سەمای هەڕەشە) ئەو سستیی بیرکردنەوەیە، یان دەتوانم بڵێم جەهالەتە لە کارێکتەری کوردیدا، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی سیاسییشەوە ڕەنگی داوەتەوە و نەیتوانی و بەو پێناسانەی کە هەیبووە، خۆی بکاتە کارێکتەرێکی مۆدێرن، یان نزیکە جیهانی. لە باشترین حاڵەتدا خۆی کردووەتە قوربانی، وێنەی قوربانیی کردووەتە ڕەمز و نیشانەی خۆی، کە کەس ئامادە نییە جگە لە بەزەیی پێداهاتنەوە، هیچ هاوکارییەکی دیکەی قوربانیی قوڕبەسەری دواکەوتوو بکات. قوربانییش هەرگیز نابێتە کارێکتەرێکی سەربەخۆ، مەگەر فەزای بەقوربانیبوونەکەی بگۆڕێت.

منەوەر ویستی ئەو فەزایە بگۆڕێت و ببێتە کارێکتەرێکی (بکەر)، بکەر بەو مانایەی بەرپرسیار بێت لە خۆی و بیرکردنەوە و کارەکانی و ئەنجامەکەشی.

## پرۆسە قورسەکە

ئەو شارانەی ناومان هێنان، بە سروشتی خۆیانەوە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و باڵەخانە و ڕووبەر و شەقام و هەتا ناوەندی خوێندنەوە گەورە بووبوون. ڕاستە ئەوە سیمای شاری کوردیی بوو، بە بەراورد لەگەڵ گوندی کوردیدا شار بوون. من هەموو ئەو هەوڵانە دەیدەم، بۆ ئەوەی شاری کوردی دروست بکەم، تا لە خۆشەویستیی ناو کۆمەڵگەی شاریدا بدوێم. بۆ ئەوەش ئەو شارە کوردییانە بەراورد ناکەم:

**یەکەم**: بە پێناسەی شار، لەسەر ئاستی جیهان.
**دووەم**: بەراوردیشی ناکەم بە شارە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە.

تەنیا خاڵێک کە ناتوانم خۆمی لێ بدزمەوە ئەوەیە، کە دانیشتوانەکەی شاری کوردی، هەمان کولتووری لادێیان هەیە، ئەوەی جیای کردوونەتەوە، ئەو فەزایەیە کە شارەکان دروستیان کردووە. لە ناخەوە هەست دەکەم، دەمەوێ مۆڵگەیەک دروست بکەم شارستانی بێ، بۆ ئەو بوونەوەرەی ناوی کوردە و دەیەوێ بچێتە دنیای خۆشەویستییەوە.

**فەزایەک کە جیاواز بوو لە فەزای گوند**

فەزای شار: کاری سەرەکی لە شارەکاندا کشتوکاڵ نەبووە. سنووری ماڵەکان بەتەواوی جیا کراونەتەوە. ماوەی کارکردن دیاریکراوە. کارەکان جۆراوجۆرن. هەر کەسە و گیرفانی خۆی هەیە. کاتی پشوو و خۆ تیفتیفەدان و دوای تەواوکردنی کاری ڕۆژانە. شار خەڵکی زیاتر و جیاوازتری تێدایە و گەنج دەتوانێ جگە لە خزمە خوێنییەکانی خۆی، خەڵکی دیکەش بناسێ و بەسەلیقەی خۆی پەیوەندییان لەگەڵدا پەیدا بکات. سەرەڕای هەموو ئەوانەش شار پێویستی بە ئاستێکی ڕۆشنبیری و فکری هەیە، بە جۆرێک، کە خێزانەکان بتوانن شێوازی ژیانی شار لە جۆری خواردن و جلوبەرگ و قسەکردن پیادە بکەن. هەموو ئەوانە یارمەتیدەرن، کە کەسایەتیی تاکی کورد شتێک لە کولتووره گوندییەکەی خۆی فڕێ بدات و سیمای شار بپۆشێ.

ئایا ئەو کارێکتەرە تازەیە، کە فێری قژداهێنان و خۆتیفتیفەدان و نامەنووسین بووە، تا چەند لە خۆشەویستیدا سەرکەوتوو بووە؟

بۆ وتاری داهاتوو سلێمانی وەک نموونەی شاری کوردی وەردەگرم.

بۆچی سلێمانی؟

سلێمانی کەنگێ وەک شار دەردەکەوێ؟

لێرەشەوە دەپرسم، خۆشەویستی لە سلێمانیدا چ ئاراستەیەکی وەرگرتووە؟

ئایا خۆشەویستی، خێزانێکی تازە و کارێکتەرێکی تازەی کوردی دروست دەکات؟

هەر بەو بۆنەیەشەوە، داوا لە هەموو ئەوانە دەکەم، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، خۆشەویستییان کردووە، یان نامەی کاریگەری خۆشەویستییان لایە، بە هەر شێوەیەک بێ، بەهۆی هەفتەنامەی (باس)ەوە بێ، یان لە ڕێگای فەیسبووکەوە، یان ئیمێڵەوە، ئەگەر حەز دەکەن سوودیان لێ ببینم، بۆم ڕەوانە بکەن؟ ئەوەش وەک بەشداریی ڕاستەوخۆی عاشقەکان لە نووسینی بابەتەکەدا.

١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٩

----------------------

## کورد و شار

**(٨)**

ڕاستە شارەکانی کورد لە بەشی زۆری سیفەتەکاندا هاوبەش بوون و تا ئەندازەیەکی زۆر لەیەک دەچن، بە جیاوازیی پێگەی ڕۆشنبیری



سەرچاوە Serchawe

و کۆمەڵایەتییانەوە. هەندێ وردە جیاوازی لەنێوان شارەکاندا هەیە، ڕەگی عەشایری لە هەولێر و فەرامۆشکردنی دهۆک (ئەوکات) و دابڕینی کەرکووک لە کوردستان، وایان کردبوو سلێمانی لە هەموو بوارەکاندا، بۆ گەشەی کارێکتەری کوردی، نموونەیەکی باشتر بێ. ئەو بابەتە دەمخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی گەورە لە بەراوردکردنی شارە کوردییەکان بە یەکتری، بەڵام من سڵ لەوە ناکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی هەڵبژاردنی سلێمانی وەک شارێکی دەرکەوتووی ئەو کاتە، وردەکارییەکانی لەدرێژەی بابەتەکەدا زیاتر ڕوون دەکەمەوە.

بۆچی سلێمانی؟

سلێمانی کەنگێ وەک شار دەردەکەوێ؟

لێرەشەوە دەپرسم، خۆشەویستی لە سلێمانیدا چ ئاڕاستەیەکی وەرگرتووە؟

ئایا خۆشەویستی، خێزانێکی تازە و کارێکتەرێکی تازەی کوردی دروست دەکات؟

## دروستبوونی سلێمانی

بەشی زۆری شارناسەکان، یان ئەوانەی لەسەر شاریان نووسیوە، باوەڕیان وایە، کە سلێمانی بە بڕیارێکی سیاسیی دروست بووە، واتا سلێمانی تاکە ئاوەدانییە کە لەگەڵ دروستبوون ناوی شاری لێ نراوە، یان بەنیازی شار دروست کراوە.

(لە ساڵنامەی ١٩٥٥ی سلێمانیدا، کە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو کراوەتەوە هاتووە: ئیبراهیم پاشای بابان، خۆی حوکمداری شاری قەڵاچوالان بووە، لەبەر ناخۆشی و تەنگیی شوێنەکە و لە ترسی هێرشی دوژمن، بەتایبەتی لە نادر شای حوکمداری ئێران، کە گەلێ جار ویستوویەتی هەڵمەت بەرێتە سەری و دەستبەسەری بکات، بەناچاری شار و شوێنی هەڵسوڕانی کاروباری وڵاتەکەی گواستەوە ئەو شوێنە، کە ئێستا شاری سلێمانییە).

ئەوە نەک مێژووە، ئەوە حاڵەتیشە، فاکتە، دەبێ کاری لەسەر بکرێ. لە دنیادا چەند شاری دیکە هەن، لە ترسی هێرش و خۆپاراستن لە شەڕی پێشوەخت دروست بووبن؟ تەنیا ئەو هۆیە بەسە بۆ ئەوەی، موسیبەتی کوردبوون بۆ دنیا بگێڕێتەوە. نەک خەڵکی سادە لەژێر هەڕەشەدا بوون، بەڵکوو پادشا و سەرۆکیش خۆیان لەو هەڕەشانە پاراستووە.

ئەو شارانەی بە بەرنامەی پێشوەخت بنیات نراون، زۆرن، یەکێک لەوانە (سان پیترۆس بورگ)ە. کە بۆ بەرزڕاگرتنی شکۆی ڕووس دروست کراوە، بۆ ئەوەی بەرامبەر دنیای خۆرئاوا بدرەوشێتەوە، مێژووی دروستکردنی، مێژووی فیداکاری و عەقڵ و ستەمکارییشە، پترۆس دەیەوێ پەیکەری ئەسپەکان لە کەنار دەریا بێت، بۆ ئەوەی هەتا شەپۆلەکانیش بەر سینگیان کەون و بشکێن و بگەڕێنەوە. ئەوە پێی دەڵێن مێژووی شکۆمەندی. شاری سانت پیترۆس بورگ، پیترۆسی یەکەم لە ساڵی ١٧٠٣ی زایینی بنیاتی ناوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کورد مێژوویەکی دیکەیە، مێژووی ترس و بەرگری و خۆپاراستنە. هەر لەدرێژەی بابەتەکەی سەرەوەدا:

(ئەمەش وای کرد مەحموود پاشای بابان ساڵی ١٧٨١ی زایینی بیری لەوە کردەوە، ناوەندی بەڕێوەبردنی سیاسی لە قەڵاچوالانەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆیە سەرای حکوومەتی لەنزیک گوندی مەڵکەندی دروست کرد، دواتر ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی ١٧٨٣دا فەرمانڕەوایی ئیمارەتەکەی گرتە ئەستۆ و دەستی کرد بە دروستکردنی شاری سلێمانی، تا لە ساڵی ١٧٨٤دا لە دروستکردنی شاری سلێمانی کۆتایی هات، لە هەمان ساڵدا بابانییەکان پایتەختی ئیمارەتەکەیان گواستەوە سلێمانی).

هەر چەند بابەتەکەمان پێویستی بە گێڕانەوەی مێژوو نییە، بەڵگەی مێژووییشمان ناوێ، ئەوەی پێویستمانە کەمێک زانیارییە، تەنیا بۆ ئاشنابوون بە شارەکە.

## گوندی مەڵکەندی

- سلێمانی لەسەر گوندی مەڵکەندی بنیات دەنرێ. بۆ دوورکەوتنەوە و خۆپاراستنی لە هێرشی دوژمنکارانە، بەتایبەتی ئێرانییەکان (چونکە زۆر نزیک بوون).

- کێن ئەوانەی ئاوەدانی دەکەنەوە؟ بابانییەکان، سەرخێڵ و ئەندامانی بنەماڵە نزیکەکان لە بابانییەکان، هەندێک لەو کەسانەی کە بە (پیشەوە) خەریکن. وەستای دیوار و کرێکار، دەشێ پیشەوەرەکانی ئەوکاتیش ئاوەدانکردنەوەی شارێکی تازەیان بە هەل زانیبێ و ڕوویان تێ کردبێ، وەکوو ئاسنگەر و مزگەر و دارتاش و بازرگان و کاروانچی، مەلا و فەقێ و خەڵکانی دیکەش. مێژووی شاری سلێمانی زۆر لەوە دەوڵەمەندتر و فراوانترە، لەو کورتە سەرنجانەدا بخرێتە ڕوو، من تەنیا دەمەوێ شتێک لە فەزای شار دروست بکەمەوە.

هەموو ئەوانە بناغەیەکی چاکن بۆ دروستکردنی کارێکتەرێکی تازە، بۆ دروستکردنی فەزایەکی تازە بۆ پێکەوەژیان، بۆ تێکەڵاوبوونی خوێن و خەڵکی جیاواز.

دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگای کار و پیشەوە نەک خوێن و خێڵەوە. لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا ساڵی ١٩٥٥ بەم جۆرە باس لە پێگەی شاری سلێمانی کراوە:

(شاری سلێمانی مەرکەزی لیوای سلێمانییە، لە سەرروویەوە شاخی گۆیژە و ئەزمڕ، لە خواریەوە ڕووباری تانجەڕۆ و زنجیرە شاخی گڵەزەردە دەوری داوە، پانایی ڕووەکەی ٢٠ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار مەترە و ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٦٠ هەزار کەس و خانووەکانی

نزیکەی ٧ هەزارن، شەش گەڕەکی سەرەکیی تیایە (کانی ئاسکان، گۆیژە، مەڵکەندی، سەرشەقام، چوارباخ، دەرگەزێن) گەڕەکی جوولەکانی جارانی ئێستا خراوەتە سەر گەڕەکی سەرشەقام).

ئەو زانیارییانەم لەسەر سلێمانی، لە (خاک) وەرگرتووە، کە ئەویش پشتی بە ڕۆژنامەی (ژین) بەستووە.

### شاری سلێمانی فەزایەک بۆ خۆشەویستی

تاڕادەیەکی باش لە مەبەستەکەی خۆم نزیک بوومەوە، ئێستا شارێکمان هەیە، کە لە سەدەی هەژدە بنیات نراوە، بۆ کاتی دەرکەوتنی منەوەرەکان و ئەو ڕێکەوتەی من مەبەستمە بیکەم بە خاڵی دەرکەوتنی جۆرێک لە خۆشەویستی. ئەویش ناوەندی سەدەی بیستە.

تایبەتمەندیی شاری سلێمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و درێژایی سەدەی بیستدا، هەمان تایبەتمەندیی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی هەیە، بە کەمێک دواکەوتنی زیاترەوە. شارە یەکڕەنگەکان، یەکڕەنگ، کە دەلالەتی بۆ ڕەنگی پیاوە بەتەنیا. ئەو قسەیە بۆ تەواوی کۆمەڵگەی کوردی ڕاستە. ئەوەش پەیوەندیی بە زۆر هۆکارەوە هەیە، یەکێکیان کورد دوای ئیسلامبوونی، ڕۆژ بەڕۆژ لە کولتووری خۆی دوور کەوتەوە و خزایە ناو کولتوورێکی تازە هاتووەوە، بەپێچەوانەی فارسەکان کە تا ئەمڕۆ تاڕادەیەکی زۆر ڕەگوڕیشەی کولتووری خۆیان پاراستووە. هەر بۆ نموونە، هەر ئیسلامێکی شیعە مەزهەب، لە دڵەوە حەز دەکات زمانی فارسی بزانێ و کولتووری فارسی پەیڕەو بکات. ئەوەش مانایەکی هەیە، کە فارس لە ڕووی سەربازییەوە شکاوە و لە ڕووی کولتوورییەوە بەرگریی کردووە. ئەوەش سروشتی کولتووری بەهێزە، هەمیشەش مانەوە بۆ بەهێزەکانە.

قسەی من لەسەر شاری کوردییە لە ناوەندی سەدەی ڕابردووەوە. ئەگەر وێنەکە بهێنینە بەرچاوی خۆمان.

### سلێمانیی ١٩٣٤ ببینە

حوسێن حوزنی، وەک ئەوەی بۆ من کاری کردبێ، بەهۆی داتا و وردەکارییەکەیەوە، وێنەیەکی زۆر ڕوونی سلێمانیمان پیشان دەدا. دەمەوێ ئێوەش ئەو وێنەیە ببینن.

لە کتێبی (سەرجەمی بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی)دا، کە دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٧دا چاپی کردووە.

حوسێن حوزنی لە ٢٥ لاپەڕەدا کە لە پاشکۆی ١، بەناوی شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٤، لە لاپەڕە ٥٥٩ تا ٥٨٥ زانیارییەکی زۆرمان دەداتێ، دەتوانین لە ڕێگای زانیارییەکانی ئەوەوە، شارەکە بەوردی ببینین. لەبەر گرنگیی بابەتەکە، هەندێ لەو زانیاریانە دەگوازمەوە.

- هەتا ساڵی ١٩٢٤ز تەشکیلاتی سلێمانی زۆر کەم بوو.

دائیرەی تاپۆ، دائیرەی عەدلییە، کە مەحکەمەی سوڵحی لێ دامەزارند، مودیریەتی ئەوقاف و مەئموریێتی نفووس لەو لیوایەدا تەشکیل کرا. قەرەداغ و بازیان لەبەر هێندێک چت خرابووە (خرابوونە) سەر لیوای کەرکووک، گەڕاندراوە (گەڕاندرانەوە) سەر سلێمانی.

- بەلەدییە لە مەیدانێک هەڵکەوتووە، کە شیمالی قشڵەی عەسکەرییە و شیمالی غەربی ئوتێلی فەڕەحە و غەربی حەمامی نەقیبە. بینایەکی دوو نهۆمییە. لە هەیوانی قیبلەوە لەم سەرەو ئەوسەرییەوە دوو باڵەخانەی بچووکی زۆر جوان و دڵگوشادە. لە یەکێکیاندا موهەندسی بەلەدیە و مەئمووری کارەبا و لە هی دووەمیاندا مەئمووری سحە و مونەزیفات دادەنیشن.
- ڕەئیسی بەلەدیە یەکتا بەگ، پیاوێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و خاوێن و بێ دەعیەیە. بەلەدییە موهەندیس و سندوق ئەمین و باش کاتب و مەئمور و عەمەلەی هەیە.
- لە مەرکەزی سلێمانی خەستەخانەیەک هەیە زۆر گەورەیە لەبەرامبەر سەرا، لەتەنیشت مەدرەسەی ئیبتیدایی. کە لەوەپێش متوەسیتە بووە.
- ئەمساڵ لەسەر تەرزی ئەوروپا بە دەستوورێکی زۆر جوان لە گەڕەکی مەڵکەندی - کە شیمالی شاری سلێمانییە- بیمارخانەیەکی گەورەی بەتەرتیب، کە چوار حەمام و ئاودەستخانەی تایبەت و ئەمبەر و ئەوبەری ژووری نەخۆش.
- لە ساڵی ١٩٢٦دا دەست بە دامەزراندنی تیلەگراف و تیلفۆن کرا. خەتێکی باش پەیدا بووە، ڕێکخرا، ئێستە زۆر جوان لەگەڵ هەموو گۆشەیەکی عیراقدا کار دەکات.
- لەنێو شاری سلێمانیدا مەدرسەی متەوەسیتە و بیست و سێ مەدرەسە ئیبتیداییان پێ دەڵێن.
- ئەم ساڵ لە مانگی ئەیلوولدا ناوی مەدرەسەکانی سلێمانییان گۆڕی بە ناوی گەورەکانی عەرەبان ناو نان. (ئەو ڕستەیەم بەس بۆ داخی دڵ هەڵبژارد).
- ژمارەی هەموو تەلەبەکانی ئەو بیست و هەشت مەدرەسەیە هەزار و حەوسەد کەسن.
- لە هەموو گەڕەکێکی سلێمانیدا قوتابخانە کراونەوە، مەلایەک یان خوێندەوارێک دەرس بە منداڵ دەڵێنەوە، دەرسی قورئان و کتێبی فارسییان پێ دەڵێن. ئەم قوتابخانانە نزیکەی چل دانە دەبێ (دەبن)، مەیدان و فەلاقە و دارکارییان هەر ماوە، کەمێک کوردییش دەخوێنن.
- چاخانەکان سەد و بیست دانەن.
- ئوتێل: چوار ئوتێلن.
- قەیسەری: قەیسەری وەسمان پاشا، قەیسەری نەقیب، قەیسەری غەفوور ئاغا، قەیسەری حاجی برایم ئاغا.
- مزگەوت: ٣٦ مزگەوت هەن، چواریان خانەقا و تەکیەن.
- کلیسا و کەنیشتە: کەنیشتەی مزگەوتەکان دوون، یەکیان لە گەڕەکی جوولەکانە و ئەوی دیکەیان قەرەداخی، چونکە جوولەکەکانی قەرەداخ کردوویانە.



سەرچاوە Serchawe

- هەموو ماڵە جوولەکەکانی سلێمانی بە دەرگاوە سەد و سێزدە دەرگایە.
- لە سلێمانی هەشت حەمام هەیە (هەن) کە ئاوەدان بێت (بن)، یەکێکیان وێرانە.
- ئاشی ئاو هەژدەیە (هەژدەن)، چورادەیان ئێستا کار دەکات (دەکەن)، سێ ئاشی ئاگر هەن.
- ساڵی ١٩٢٨ ماکینەی ئەلەکتریک لەلایەن بەلەدیەوە کڕاوە و هەموو کووچە و ماڵەکانی پێ ڕووناک کراوەتەوە.
- ژمارەی نفوسی سلێمانی بەپێی قەیدی تاپۆ (٣٥٠٠) ماڵە.

زۆر زانیاریی گرنگی دیکەی تۆمار کردووە، من توانیم هەر ئەوەندەی ڕاگوێزم کە بۆ شارەزابوون لە فەزای شار و فەزای تیکەڵبوون، کارکردن بۆ دروستکردنی کەسایەتیی کوردیی سەربەخۆ زۆر گرنگن.
با بزانین، ئەو کەسایەتییە تا چەند دەتوانێ خۆشەویستی بناسێ؟ ئایا ئەو فەزایە بۆ ناسینی ژن و ژووان و خۆشەویستی گونجاوە؟ هەموو ئەوانەش ناو دەنێم فەزاسازیی خۆشەویستی.

ئایا تێکەڵبوون، بوونی کار و گیرفانی سەربەخۆ، خوێندن و بەمۆدرێنکردنی شار، چ کاریگەرییەکیان لە سەر گەشەکردنی خۆشەویستیدا هەیە؟ لە وتاری داهاتوودا ڕاستەوخۆ دێمە سەر: خۆشەویستی لە شاری کوردیدا.

٢٤ی حوزەیران ٢٠١٩

---------------------

(٩)

فەزای شاری کوردی هەر ئەو فەزایەیە، کە ڕۆژنامەی (ژین) و داتاکانی حوسێن حوزنی و لە سەرچاوەکانی دیکەدا خراونەتە ڕوو. ئەوەی من مەبەستم بوو لە ڕووی رووبەر و ژمارە و جۆری دانیشتوان و کاری جیاوازەوە، دەستم کەوتووە.

سلێمانی: مەحکەمە و تاپۆ و حەمام و قوتابخانە و کارەبا و ئوتێل و کەنیشتە و چاخانە و قەیسەری و دەیان مەڵبەندی دیکەی کۆکردنەوەی دانیشتووان و پێداویستییەکانیانی تێدایە.

شارێکمان هەیە ڕووبەرێکی گەورەی هەیە، ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و تەنیا لە یەک دوو خێڵ پێکنەهاتوون. پەیوەندیی ئەندامەکانی تەنیا لەسەر بنەمای خێڵ و خزمایەتی نییە. کار و پیشەی جیاواز هەیە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کاری سەرەکی نیین. گەنج، کرێکار و وەستا و پیشەوەر و فەرمانبەرن، ماوەی ئیشکردنیان دیاریکراوە و کرێی خۆیان وەردەگرن و خاوەنی گیرفانی خۆیانن. کاتی

خۆتیفیفەدان و پشوویان هەیە. قوتابخانە و خوێندەواری کاری خۆی کردووە. لەو ڕێگایەشەوە کتێب و قەڵەم و کاغەز بە ماڵەکاندا بڵاو بوونەوە، کە ئەوانیش هۆکارگەلێکی گرنگن لە گەیاندنی خۆشەویستیدا. جگە لەوەش، خوێندەواری هۆکارێکی گرنگی خودناسی و گێڕانەوەی حورمەت بوو بۆ تاکی کورد.

لێرەوە فەزای ژیانی ناو شار لە هەلومەرجی ژنهێنانی ئیسحاق جیا دەبێتەوە. (کەسەکە) بۆ خۆی چاوی کراوەتەوە و بڕیار دەدات و دەچێتە پڕۆسەیەکەوە کە نەک تەنیا دەتوانین ناوی بنێین پڕۆسەی خۆشەویستی، بەڵکوو دەکرێ ببێتە پڕۆسەی ژیان.

هەموو ئەوانە هۆکاری سەرەکیین بۆ دروستبوونی کارێکتەرێکی سەربەخۆ، یان کارێکتەرێکی شاری، کە ڕێزی ویستی ناوەوەی خۆی دەگرێت و بەدوای ئاسوودەیی دەروون و دەنگی ناخی خۆیدا دەگەڕێ. ئەوە یەکەم دەرکەوتنی کارێکتەری سەربەخۆی کوردە. کارێکتەرێکی کوردی کە کار دەکات، پارە و بڕیار وەک دڵی لە دەسەڵاتی خۆیدایە.

## سلێمانی و کارێکتەرەکانی

هەموو ئەوانە پاشخانێک بوون، بۆ ناسینی کارێکتەری کوردی لە ناوەندی سەدەی ڕابردوودا. کۆمەڵە ماڵ و خەڵکێک لە شاردا دەژین. پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای یەکترناسین و کار و بەرژەوەندی و دۆستایەتیی کەسییە. فەرمانبەر بەیانییان دەچێت بۆ سەرکار و پاش نیوەڕۆیان دەگەڕێتەوە. دوکاندار خەریکی ڕێکخستنی دوکانەکەیەتی، ئاسنگەر و سەرتاش و مزگەر و چایچی و لۆقنتەچیش هەروا. کرێکار و ناڵبەند و بەرگدرووش، پۆلیس و مامۆستا و ئەوانی دیکەش. هەرکەس بەرپرسی کاری خۆیەتی و کەسایەتییەکەی بە کارەکە و باشیی کارەکەوەیەتی، نەک پەیوەندیی بە بنەماڵە و خێڵ و گوندەوە. هەرکام لەوانە هەوڵی دروستکردنی جوانترین کارێکتەر بۆ خۆی دەدات. بوونی کاری سەربەخۆ بەشێکی گرنگی کارێکتەرسازییە.

جلوبەرگی هەریەکەیان لە کاتی کارکردندا جیاوازە، کارەکەی جۆرێک جلوبەرگی تایبەتی بەسەردا دەسەپێنێ، هەندێکیان فەرمی و هەندێکی دیکەشیان سروشتی کارەکە داوای دەکات، وەک جلوبەرگی قەساب و کەبابچی و کرێکار. ئەوانە لە کاتی کاردا.

شار جگە لە کاتی کارکردن، ماوەی دیکە دەدات بە دانیشتووانەکەی. ماوەی پشوو، لەو ماوەی پشووەدا هەستی جوانیناسانەی کارێکتەرەکانی شار دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی ئەتوار و ڕەوشتییانەوە، یان ئەو کار و چالاکییانەی کاتی پشووی بۆ تەرخان دەکەن. ئەو جلوبەرگەی دەیپۆشن.

من لە تەمەنی منداڵیمدا ئێواران پیاوێکم دەدیت، لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیدا پیاسەی دەکرد، یان سەردانی خزم و دۆستانی دەکرد، ئەو پیاوە ڕەنکوچۆغەیەکی زۆر ناسکی بزووی لەبەر دەکرد، کڵاش و پشتێنێکی سادەی گوڵ ورد، کراسێکی سپیی نەرم،



سەرچاوە Serchawe

شەدەیەک یان جەمەدانەیەکی بە ڕیشوو، تەسبیحێکی کارەبایی سووری دەنک گەورە، ئەوەندە بە ویقارڕ دەڕۆیشت، قائیمقام شەرمی لێ دەکرد، هەیبەت و جوانییەکی هەبوو کەموێنە، کە دەتدیت پێت وابوو، نیوەی لیرە و گەوهەری ئەو شارە لە باخەڵی ئەو دایە. کە پرسیم کێیە، گوتیان ئەوە وەستا جەلالی ناڵبەندە، بەیانییان ناڵبەند و ئێواران پیاوە شیکەکەی شار بوو. ناڵبەندیی واتا سمی زیادەی وڵاخ بڕین و لاق گرتنی ئەسپ و ماین و ئێستر، ڕامکردنیان و سم خاوێنکردنەوەیان و ناڵ لێدانیان. واتا بەرگەگرتنی وڵاخی توورە و ئێستری تۆسن و چەمووش، تەرس و کا. بەردوکانەکەی پڕ دەبوو لە تەرس و دواتر دەبوو خاوێنیشی بکاتەوە. ئەو پیاوە نەجیبە لەوە گەیشتبوو، ئەوە کارە و بژێوی ئینسان بە کارەکەوەیەتی، نەک کەسایەتی و شکۆی. ئەوە شارە ئەو هەلەت دەداتێ ئەو جیاوازییە بسەپێنی. ئەوە کەسایەتییەکانن ئەوە دەکەنە ڕاستی. (ئەوە دیمەنێک بوو لە شاری قەڵادزێ).

شاری سلێمانی بوارێکی هاوشێوە و زۆر باشتری بۆ تەواوی دانیشتووان و تەواوی گەنجان ساز کردبوو، بۆ ئەوەی نمایشی خۆیان لەوپەڕی جوانیدا بکەن، هەر ئەوەش ڕووی دا. قوتابی و فەرمانبەری گەنج، وەستای شارەزا و کرێکاری تازە هاتوو، چەند لە ڕێگای ئیشکردنەوە خۆیان دەنواند، دوو ئەوەندە لە ڕێگای نمایشی خۆیانەوە. ئێواران شەقام و کۆڵانەکانی سلێمانی دەبوونە جێگای نمایشی هەزاران ڕەنگ، مۆدیلی جلوبەرگ و سەرتاشین و پێڵاوی سەرنجڕاکێش بوونە دیمەنە نەبڕاوەکانی شار.

شەقام و کۆڵانەکان ناوی تایبەتی عاشقانەیان لێ نرا، ناوەکان تایبەت بوون بە گرووپ و دەستەی دلبەران. کۆڵانی شیرین پەشمەک و فریشتەی سەرە ڕێ و چەندان ناوی دیکە.

هەموو ماڵەکان، هەموو کووچە و کۆڵانەکان پڕ بوون لە چیرۆکی خۆشەویستی، فڵان حەز لە فڵان دەکات، فڵان دۆستی فڵانە، ناوی عاشقان کەوتنە ناو هەوا.

کوڕە گەنجەکان کاریان هەبوو، کاتیان هەبوو، خاوەنی بڕیاری خۆیان بوون، پانتاییەکی فراوان هەبوو بۆ ناسینی خەڵکی جیاواز، کچی خانەوادە و ناوچەی دیکە. هەڵبژاردنی کچ تەنیا لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێت، لەبەر ئەوەی عاشقیەتی، لەبەر ئەوەی چووەتە ناو دڵیەوە. کەواتە:

- شار سەرچاوەی خۆشەویستی و ئیلهامی عەشقە.

ئەوەی بیستبوومان گوند سەرچاوەی خۆشەویستی بوو، بەڵام ئەو خۆشەویستییە بارێک بوو کەوتبووە سەر شانی ئەندامەکانی، پێویستی سێکس و نەوەخستنەوە بوو، کوڕ و کچی گەنجی ڕاپێچی ناو قەفەزی ناچاری دەکرد.

لە شاردا ئەو کۆتە شکا و گەنجەکان یەکتریان هەڵبژارد؟



سەرچاوە Serchawe

دەپرسم ئایا هەروا بەئاسانی کورد گەیشتە خۆشەویستی؟

ئایا خۆشەویستی ماڵەکانی ئاوەدان کردووە؟

ئایا ئەوە خۆشەویستیی ڕاستەقینە بوو، یان وەهمی خۆشەویستی؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەبێ بچینە ژووری خۆشەویستانەوە، دەبێ بچینە ناو ماڵ و سەر جێی خەویان، ئایا ئەوان بە خەونەکانی خۆیان گەیشتن؟ خەونی عاشقان هاتە دی؟ ماڵ پڕ بوو لە گۆرانی؟

لە ژوورە تەنیاکاندا دەگەینە ئەو وەڵامانە.

نەوەی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو کە لە پەنجاکان و شەستەکاندا گەنج بوون و کۆڵانەکانی سلێمانییان پڕ کردبوو لە گۆرانی، لە بۆن و جووڵەی عاشقانە، ئەوان دایک و باوکی نەوەی حەفتاکان بوون، ئەوان خودانی خێزانەکانی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بوون. ئایا ئەو خۆشەویستییە توانیی سنووری کۆڵانەکان ببڕێت و بێتە ناو ماڵەکانەوە؟ مەبەستم ئایا خۆشەویستیی ناو گۆرانی و نیگای گەنجیەتیی هاتە ناو ژیانی ژن و مێردەکانەوە؟ هاتە ناو ماڵ و ژووری نووستن؟ ئەرێ خۆشەویستی هەر دەتوانێ لەدەرەوەی ماڵ هەناسە بدات؟

### خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە

ئەوان ئەو نەوەیە بوون، کە باوەڕیان بە خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە هەبوو، خۆشەویستیی سیما و لار و لەنجە. تیری چاو و برۆ، چاو هەڵتەکاندن و دەست بە قژدا هێنان.

ئەوانە ئەو نەوەیە بوون، گەڕەکیان بەهۆی ماڵی یارەوە خۆش دەویست، ئەوان قوربانیی چۆلەکەی سەر ماڵی یار دەبوون. نەوەی خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە، ئەوە ناوێکی پڕ بە پێستی سەردەمەکەیانە، هەموویان شاعیر بوون، ئەگەر شاعیری سەر کاغەزیش نەبووبن، شاعیری سینە بە سینە بوون. ئەوان کە کچێکیان دەدیت و لە یەکەم نیگاوە شێت و شەیدای دەبوون، هیچ هێزێک نەبوو ئیلهامی ئەو یەکەم نیگایەیان لە مۆخ دەربێنێ. چۆن دروشم و شیعاری تێکۆشان و کوردایەتی و سیاسەت ئەوکاتە (کوردستان یان نەمان بوو)، ئاواش دروشم و شیعاری عاشقانی یەکەم نیگاش (یان بۆ تۆ یان بۆ گڵ بوو).

- هەندێ جار وشەی خۆشەویستی و عەشق لەجیاتی یەکتر بەکار دەهێنم، تەنیا مەبەستم دووبارە نەبوونەوەی تۆنی وشەکانە، بەکارهێنانیانە وەک وشەی فەرهەنگی، نەک چەمکی زانستی و مانای عیرفانی وشەی عەشق.

ئەوانە وێنەی خۆشەویستیی لە یەکەم نیگاوە بوون، ئەو خۆشەویستییە لە کوێ دەگاتە ئەنجام. داخۆ خۆشەویستی ئەسڵەن ئەنجامی



سەرچاوە Serchawe

هەیە؟ ترۆپکی خۆشەویستیی یەکەم نیگا لەکوێدایە؟ نەوەی ئەو خۆشەویستییە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ژنهێنانی ئیسحاقانە هەیە؟ چ جیاوازییەکی لەگەڵ ژنهێنانی گوند یان خێڵەکییانە هەیە؟ بووک و زاوا ڕزگاریان بووە لە سێکسی بێ ڕووخسار و برووسکەیی؟ ئاخر هەتا ئێستاش سێکسکردنی کورد لە پەلەپەلیدا خەریکە لە ئەورووپاش دەبێتە ئیدیۆم. جەستە لەو شەرمە زۆرەی لەسەری بار کرابووە، ڕزگاری بووە؟ ژن و پیاو بوونە ئاشنای یەکتری؟ خۆشەویستی وەڵامدانەوەی خۆناسینی ئەو دوو مەخلووقە بوو، یان شتێکی دیکە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەبێ بچینە ناو ژووری نووستنی بووک و زاوا؟ دەبێ لێیان گەڕێین نانێکی بەیانییان پێکەوە بخۆن، دەبێ منداڵی یەکەمیان ببینین، دەبێ سەرجێکردنی دوای دوو ساڵانیانمان ئاگا لێ بێ. ئەوەش کارێکی زەحمەت نییە، دەکرێ لە تۆی خوێنەرەوە دەست پێ بکەم و لێت بپرسم: تۆ هەستت بەو خۆشەویستییە کرد؟ تۆ هەستت کرد ماڵەکەتان تەنراوە بە خۆشەویستی؟ تۆ گوێت لێ بوو باوکت بە دایکت بڵێ، مادام تۆم هەیە دنیا بە هی خۆم دەزانم؟ تۆ گوێت لە چیرۆکی خۆشەویستی بوو لەسەر زمانی دایکت؟ من وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانم، من وەڵامی ئەو پرسیارانەت لە وتاری داهاتوودا بۆ دەنووسم.

٣٠ی حوزەیران ٢٠١٩

--------------------

(١٠)

(چیرۆکێکی ئەفسانەیی مەقدۆنی هەیە، هونەرمەندێک بڕیاری داوە ژن نەهێنێ، لە سروشتی ژن بێزارە، گوایا لە مەکری ژن و پێداویستییەکانیان تووڕەیە، ڕۆژێک بۆ خۆی پەیکەرێک دادەتاشێ، پەیکەری ژنێک، دواتر کە سەیری دەکات عاشقی جوانیی پەیکەرەکەی خۆی دەبێت و شەو و ڕۆژ لە دەوریدا هەڵدەسوڕێ و ناتوانێ لێی دوور بکەوێتەوە. ڕۆژێک ڕێگای ئۆلۆمپاد دەگرێتە بەر و لە پەرستگای گەورە بە گریانەوە لە خودایان دەپاڕێتەوە، کە ڕووح وەبەر پەیکەرە دڵخوازەکەی خۆی بێنن، تا ببێتە ژنێکی ڕاستەقینە و بیکاتە ژنی خۆی. خودا نزاکەی گیرا دەکات و ڕووح وەبەر پەیکەرەکە دەنێ، کە دەگەڕێتەوە ژنە خەریکی گەسک لێدانە، هونەرمەند دڵخۆش دەبێت و خۆشی دەوێت و بڕیار دەدات لەگەڵیدا بژیت. هەر چەند ساڵێکە و هونەرمەندی ناسک لە سروشت و جەستە و ئەتواری ژنە بێزار دەبێت، کاتێک دەبینێ وەک ژنانی دیکە هاوار دەکات و پێداویستییەکانی زۆر دەبن، لە هەمووشی قورستر کە دەزانێ وەک ژنانی دیکە سووڕی مانگانەی بۆ دێت، نزا دەکات، ژنەکەی ببێتەوە بە پەیکەر)

بەپێی ئەفسانەکە، کەواتە: ژنان شیرینن و پیاو لە دوورییان هەڵناکەن و خۆیان بە دار و بەردا دەدەن بۆ ئەوەی پێیان بگەن، کە دەشیانگەنێ، دوای ماوەیەک لە سروشتی ژن و قبوولکردنی ژن وەک خۆیان پەشیمان دەبنەوە و دەیانەوێ تەنیا بن. ئەوە هەر

ئەفسانەیەکە و هیچی دیکە، بەو ئومێدەی هیچ لە یەکچوونێکی لەگەڵ چیرۆکی خۆشەویستیی وڵاتی خۆماندا نەبێ. بەڵام لە هەر شوێنێک پێویست بێ، بۆ خۆی دێتەوە بیرمان.

### شار و پانتایی خۆشەیستی

وێنەی ڕاستەقینەی شارمان دیت، شاری سلێمانی. هەموو شتێک ئامادەیە بۆ دەرکەوتن، بۆ خۆنماىdشكردن. خۆنماىdشكردنی کوڕ. ئەی ڕەگەزەکەی دیکە؟ ئەی کچ لە کوێیە؟ وەک چۆن شار بە مۆدێرن کراوە، کارەبا، تەلگراف، قوتابخانە و باڵەخانەی بەرز، شەقام و چاخانە، ئایا لە ڕووی فەرهەنگیشەوە شار گۆڕاوە؟ ئایا کچ هەر کچەکەی جارانە و هەڵدەبژێردێت؟

### ئەو پانتاییانەی کوڕ و کچ تێیدا یەکتر دەبینن

ڕاستە شار بووەتە پوورەیەکی قەرەباڵغ، کار و سیما و خوێنی جیاوازی تێدایە، پەیڕەوانی ئایینی جیاواز لە شاردا دەردەکەون. خەڵک لە شوێنک زیاتر هەلی دیتنی یەکتریان هەیە. لە گەڕەک، لە قوتابخانە، لەسەر کار و ناوبازاڕ و نەخۆشخانە و سەیران، چەند شوێنێکی دیکەش. ئەوەش جۆرێک لە چاوکرانەوە و ناسینی یەکتری لێ دێتە بەرهەم. ئەوەش ڕێگا بۆ گەنج خۆش دەکات، زیاتر بەرامبەرەکەی بناسێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە ڕووحی هەر کەسێکدا، هەر کارێکتەرێکی شاریدا فەرهەنگێکی لادێیانە یان خێڵەکییانە هەیە، فەرهەنگێک کە کچ پێش (شووکردن) بە نامووس و کەرامەتی خێزان دەزانێ و ڕێگا نادات پێش داواکردن و مارەکردن و گواستنەوە، فەزایەکی ئازاد هەبێ بۆ یەکترناسین، تێکەڵبوون، هاموشۆی یەکترکردن بە مەبەستی خۆشەویستی.

لەبەر ئەوە، کوڕ و کچی باڵق دەبوو بە دزی و لە درزی دەرگا و ئەودیو چیغی سەربان و نیگای نهێنیی بەر دوکان و سەر ڕێگای نەخۆشخانە و حەمامەکان لە یەکتر تێبگەن و پەیامی یەکتر بخوێننەوە. کوڕە نامەی پڕ سۆز و خۆشەویستی بۆ دڵخوازەکەی دەنووسێ، ڕۆژێک نا، سەد ڕۆژ دوای دەکەوێت، تا لە پەنایەک، لە لاکۆڵانێکی چۆڵ، لەبەر دەرگایەک هەلێکی دەست دەکەوێت و نامەکەی دەداتێ.

ئەو پانتاییەی کۆڕ و کچ یەکتریان تێدا دەدی، بەرتەسک و ماوەکورت بوو، هەرگیز بۆ ئەوە نەدەبوو، ئەو دوو ڕووحە، کە کوشتەی نیگای یەکەمی یەکترن، لە یەکتر حاڵی بن، دڵی یەکتر بخوێننەوە. تەنیا شتێک، کە بەسەر دڵیانەوە دەنیشێت، کە یەکتریان خۆش دەوێت. سەدجار بۆ خۆیان و دەستەخوشک و برادەرەکانیان دەگوتەوە:

- لەو بەولاوە هیچ کەسم ناوێت.



سەرچاوە
Serchawe

- بەبێ ئەو ژیانم تاریکە.

- وێنەی ئەو بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە.

- هەناسەی ئەو لەو شارەدا نەمێنێ، ئێرە جێ دەهێڵم.

- ڕۆژێک ئەو نەبینم، شەوەکەیشی خەوم لێ ناکەوێ.

- یان بۆ ئەوم یان بۆ گڵ.

هەزاران ڕستە و دەربڕینی دیکە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، شاری کوردی کولتووری شاری قبووڵ کردووە؟ شاری کوردی کارێکتەری شاری هێناوەتە بەرهەم؟ ئەو هەموو خۆشاردنەوە و نهێنییە چییە پەیوەندیی نێر و مێی گەمارۆ داوە؟ ئەو هەموو ترسە چییە لەو ڕستانەی سەرەوەدا، لەبەرامبەر هەموو وشەیەکی خۆشەویستیدا ترسێکی گەورە هەیە.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، دەکرێ لە یەکەم ژنهێنانی خۆشەویستانی سەر ڕێگا بدوێین. من هەموو ئەو خۆشەویستییە و پرۆسەکەش ناو دەنێم خۆشەویستیی سەر ڕێگا، کە لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندیی بە خۆشەویستییەوە نییە؟ دەشێ دەربڕینە کوردییەکە لە هەمووی ڕاستتر بێ، کە پێی دەڵێ، حەزلێکردن، کەواتە کورد سەرەتا نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوویی بە حەزلێکردن، یان حەزحەزۆکێ بەسەر بردووە.

### لەنێوان حەزلێکردن و خۆشەویستیدا

لە سەرەتای ئەو زنجیرە وتارەدا، ئاماژەم بەوە کرد، کە ناکرێ خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەژێر پێناسەی دەستەواژەی (خۆشەویستیدا) بنووسمەوە و ڕاڤە بکەم، هەر بۆ بەبیرهێنانەوە، کورد سێبەری شتەکانی هەیە، سێبەری زانکۆ، واتا زانکۆمان بەو پێناسەیەی لەپێناویدا دروست کراوە، نییە. نەخۆشخانەش هەروا، پۆست و بەریدیش هەروا، سەردەمی پۆست بەسەر چوو، کەچی ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێگای پۆستەوە هەواڵێکی گرینگمان پێ گەیشتووە، دروستکردنی کۆمپانیاش هەروا، قوتابخانە و ڕێکخراوی مەدەنییش هەروا، کتێب و نووسین و دەزگای چاپیش هەروا، ئێمە سێبەری شتەکانمان هەیە، خۆشەویستییش هەروا، ئەوەتا من هەر وشەی خۆشەویستی بەکار دەهێنم، تا لە یەکتر بگەین، دەنا ئەوەی کورد کردوویەتی حەز لە یەکتر کردن بووە، (کوڕی حەسەنی قەساب حەزی لە کچی مامۆستا خورشید کردووە، ژیان تامەزرۆی سیروانە). ئیدی ئەو حەزلێکردنە هەرگیز بۆ هیچمان نەبووەتە بابەتێکی ڕووحی و گەشەی بە کارێکتەری هیچیان نەکردووە، تەنیا کەللەڕەقییەک بووە، گەنج خووی داوەتێ.

جیاوازیی نێوان حەزلێکردن و خۆشەویستی روونە، دیار و ئاشکرایە.

**حەزلێکردن:**

- سادەیە.

- تەمەن کورتە.
- قووڵ نییە.
- تەنیا بەرەو ئینسانیش نییە.

واتا، حەزلێکردن لە سادەییدا ڕوو دەدات، یەکەم نیگا ڕووکەشە، دەشێ شێوە، دەنگ، لارولەنجە، یەکێکان بەتەنیا ببێتە هۆی حەزلێکردن. لە حەزلێکردندا قووڵبوونەوە نییە، وردەکاری دیار نییە و تەفسیریش ناکرێ. تەمەنی حەزلێکردن بەندە بە مانەوەی ئەو تاکە هۆکارەی بووەتە دروستکردنی، کە حەزی لە قژی بێت، تەنیا بە دەستلێدان و (تەملیک)کردنی، حەزەکە کاڵ دەبێتەوە و وردە وردە نامێنێ. حەزکردن لە کچێک هیچ جیاوازی نییە لە حەزکردن لە خواردنێک، لە ڕەنگێک، لە میوەیەک، لە گۆرانییەک، کە دەشێ دوای ماوەیەکی کورت ئەو حەزە بگۆڕیت بە شتێکی دیکە.

### خۆشەویستی، کە ڕەگە کولتوورییەکەی وەربگرین

- بەردەوامی و قووڵبوونەوە و گشتگیرەی تێدایە. خاڵی جیاوازی هەرە گرنگ ئەوەیە، خۆشەویستی ئیرادەیەکی دوو لایەنەی تێدا مسۆگەرە. شتێک لە کاملبوونی تێدایە، گەیشتنە ناوەوەی یەکتر، خوێندنەوەی ئەتواری یەکتری تێدایە. زیاتر بەخشینە و کەمتر دەگاتە تێربوون.
- خۆشەویستی بە بەریەککەوتنی جەستە سیحری بەتاڵ نابێتەوە. بەپێچەوانەوە، سیحری مانەوەی زیاتر دەچەسپێنێ.
- خۆشەویستی باز بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدات، خۆی ناخاتە ریزی گاڵتەجاڕیی کۆمەڵگاوە.
- حەزلێکردن لە بەیەکگەیشتندا تێر دەبێت و خۆشەویستیی گەشە دەکات.

ئەوەی کورد ناوی ناوە حەزلێکردن، خۆشەویستی نییە، سەرەتایەکە بۆ قۆناغێکی تازە، چوونە ناو بازنەیەکی تازەیە لە یەکترقبوڵکردن. گەنجی کورد بە حەزلێکردن دەستی پێ کرد و هەر ئەوەیش ڕێگا ڕاستەکەیە. ئەوە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

### یەکتر دیتنی کوڕ و کچ

چوونە ناو قووڵایی یەکترەوە، پێویستی بە یەکترناسین و پانتاییەکی فراوانی جوگرافی و ڕووحییەوە هەیە بۆ لە یەکتر گەیشتن و لێکتر حاڵیبوون. بە واتایەکی دیکە، خۆشەویستی پێویستی بە فڕیدانی ماسک و ڕووتبوونەوەی ڕووح و چەندان مەرج و هۆکاری دیکە هەیە.

لە شارەکانی کوردستاندا، لە سلێمانیدا ئەو پانتییە کامەیە، کە کوڕ و کچ تێیدا یەکتر دەبینن؟ لە کوێ پیاسە دەکەن؟ لە کوێدا بەسەر خاڵە لاوازەکانی یەکتردا دەکەون؟ لە کوێدا دەست لە ڕووحی برینداری یەکتر دەدەن؟ لە کوێدا یەکتر کەشف دەکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

شار وەک سینییەک لەبەر دەستمانە، گەنجی کورد تەنیا لە ڕێگا، لەسەر ڕێگا و کووچە و کۆڵانەکان یەکتریان دیتووە. لە درزی دەرگا چاویان بە یەکتر کەوتووە. باشترین شوێنی یەکتر دیتنی کوڕ و کچ سەربان و ئەودیو چیخی نووستنی ئێواران بووە، ئەویش ئەگەر دۆستەکان هاوسێ بووان.

واتا دوای کار و پشووی نیوەڕۆ، کوڕ جلکە جوانەکانی خۆی لەبەر دەکرد و تەوالێتی دادەهێنا، خەنافسەکەی ڕێک دەکرد و پێڵاوەکانی خاوێن دەکردەوە و گوڵێک یان تەسبیحێک بە دەستەوە و هەندێ جار نامەیەک یان دیارییەک لە باخەڵدا و بەرەو کۆڵانی ماڵی یار بەڕێ دەکەوت.

دەشێ ئەوە بچووکردنەوەی ئەو پرۆسە گەورەیە بێ، کە گەنجانی کورد لە سەردەمێکدا بە شۆڕشی خۆشەویستی و حەزلێکردنیان داناوە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیەتی بە سادەیی.

کوڕە بەو تەدارەکەوە سەد جار لەو کۆڵانەکەوە تێدەپەڕێ، بیانووی خەیاڵی بۆ تێپەڕبوونی بەوێدا دەدۆزێتەوە، دەنا هەر کەس بیبینێ دەزانێ مەسەلەکە چییە.

ئەگەر بەخت یاوەر بێت، کچە بە بیانوویەکەوە سەر دێنێتە دەرێ، یان تڵپەچڕا دەرێژێ، یان ئەویش لە خەیاڵی خۆیدا گوێی لە دەنگی لێدانی دەرگا بووە، لەو دەرفەتە زێڕینەدا، ئەگەر لەو کاتەدا کەسێکی دیکە بە ڕێکەوت بە ڕێگاوە نەبێ، کچ و کوڕە نیگایەک دەگۆڕنەوە، دەشێ بۆ نیشاندانی سەلام و موحیبەت دەست بە کاکۆڵ و بسکی خۆشیاندا بێنن. ئەو نیو نیگایە، کە مامۆستا گۆرانیش بە شیعر باسی دەکات و دواتر دەریایەک شیعر لە وەسفی ئەو جۆرە یەکتردیتنەدا دێتە بەرهەم، کە کاریگەریی ئەو نیگایە باس دەکات.

دیسانەوە دەگەمەوە هەمان شوێن، ئەو هەموو کەف و کوڵەی ئیشارەت و سەلامی کۆڵان، سەلام و موحیبەتی درزی دەرگا، لە کاتی زەماوەند و ژنهێناندا چی لێ بەسەر دێ؟

٧ی تەممووزی ٢٠١٩

---------------------



ئەو هەموو کەف و کوڵەی ئیشارەت و سەلامی کۆڵان، سەلام و موحیبەتی درزی دەرگا، لە کاتی زەماوەند و ژنهێناندا چی لێ بەسەر دێ؟ بۆچی شیلەی خۆشەویستی ناچێتە ناو خێزانی کوردییەوە؟ بۆچی باوکانی دڵڕەق و دایکانی نیگەران دەبن بە سیمای خێزانی



سەرچاوە Serchawe

ساڵانی شەستەکان، بۆ نموونە؟ ئایا هەڵبژاردنەکان هەڵەن؟ ئایا شێوازی ژیانیان لە شوێنی خۆیدا نییە؟ هەتا ئەو منداڵانەی لە بەرهەمی ئەو خۆشەویستییە دەکەوتنەوە بۆ هێندە دڵڕەق بوون؟ تەنیا شەڕەگەڕەک و باڵندە کوشتنیان دەزانی؟ (لە بەشی داهاتوودا هەوڵ دەدەم پەیوەندییەک لەنێوان دڵڕەقیی فەزای سیاسی و دڵڕەقیی خێزان و ئەندامەکانی لەو کاتدا بدۆزمەوە).

بۆ ئەو بەشەش، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو چاو بەیەکتر کەوتنە، دیتنی درزی دەرگا و سەر ڕێگا و پێچی کۆڵان، بەشی یەکترناسین دەکا؟ بەشی ژیانی بەردەوامی ژن و مێردایەتی دەکا؟ بەشی ئەوە دەکات نهێنییەکانی یەکتر بناسن؟ بەشی ئەوە دەکات دەردەدڵ بۆ یەکتر بکەن؟ بەشی ئەوە دەکات دێوجامەکانی ڕووخساری یەکتر لێکەنەوە و ڕووی ڕاستەقینەی یەکتر ببینن؟

### چاووڕاو یان دێوجامە

حەزلێکردن بەو مانایەی باسمان کرد، بەشێکە لە بەرژەوەندی، بەرژەوەندیی جەستە، یان تێرکردنی جەستە، ئینسانیش بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی هەموو ڕێگایەک بەکار دەهێنێ. تاکە بەرژەوەندیی کوڕ یان کچ لەو پرۆسەیەدا، سەرنجڕاکێشانی بەرامبەرەکەیەتی بە هەر نرخێک بێ. گیرۆدەکردنیەتی بە خۆیەوە.

یەکەم سەرمایەی کوڕ یان کچ، کە شانازیی پێوە بکات جەستەیەتی، ئەوە بۆ حەزلێکردن و خۆشەویستیی یەکەم نیگا. جەستە گەورەترین سەرمایەی گەنجە. هەر لەبەر ئەوەشە هەندێک دیاردەی جەستەیی دەکرێتە جێی تانە و تەشەر. ناوی یەکتر لە ڕێگای ئەندامە دیارەکانی جەستەوە هەڵدەدەن، فڵان گۆچ و فڵان سەر زل و فەڵانە شەل. ئەوەش یەکەم خەنجەرە کۆمەڵگەی نەخۆش لە ئەندامەکانی دەدات. تاکە مەبەستیش لێی بێبەشکردنیانە لە مافەکانیان و ڕووخاندیانە.

جەستە سەرمایە گەورەکە، دەبێتە پانتایی ئیش لەسەرکردنی هەمووان. تا ئێرە ئاساییە، ئەوەی ئاسایی نییە، ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کاریکتەرەکانی تەنیا خۆیان نمایش ناکەن، واتا حەقیقەتی خۆیان نمایش ناکەن، بەڵکوو بەهۆی نمایشەوە خۆیان دەگۆڕن بۆ کائینێکی دیکە، کە دەشێ هەر کەسێک بێت جگە لە خۆی. بێت. ئەوە چۆن ڕوو دەدات؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەکرێ لە پرسیارێکی دیکە ورد ببینەوە، نەک وەڵامەکەی، بەڵکوو خودی پرسیارەکە وەڵامی پرسیاری پێشووە.

ئایا کوڕ و کچە دڵخوازەکان کە بە ئاواتی خۆیان دەگەن و پەیامەکەیان دەچێتە سەر، بۆ گڵ نابن و بۆ یەکتر دەبن، کە لەژێر بنمیچێکدا کۆ دەبنەوە ئاسوودەن؟ خێزانێکی بەختیاریان دروست کردووە؟ منداڵەکانیان لەژێر تارای خۆشەویستیدا گەورە کردووە؟ ئایا شەڕی ژن و مێردەکان کۆتایی هاتووە؟

ئەوەی یەکەمی خۆشەویستەکان، ئەو منداڵانەی لە حەزلێکردنی دایکان و باوکان کەوتنەوە، دیسانەوە شاهیدی شەڕی نەبڕاوەی ماڵن؟ دیسانەوە ژن و مێردەکان، کە لەژێر بنمیچی ژوورێکدا پێکەوە دەژین، وەک هونەرمەندی مەقدۆنی و پەیکەرەکەی لێک تووڕە و دڕدۆنگن؟ هەزار و یەک بیانوویان هەیە بۆ جیابوونەوە، بۆ لێک تووڕەبوون و ڕق لە یەکتر بوونەوە؟ شەڕی دڵدارەکان ئەو جارە دەگاتە کۆڵان، ناوبژیوانیی تێدەکەوێت و لەیەکتر بێزا دەبن،

گرنگترین مانشێتی خێزانی ئەو سەردەمە ئەوەیە:

- لەبەر خاتری ئەو منداڵانە نەبا یەک ڕۆژیش لەگەڵی نەدەژیام.
- عەیبەی خەڵک کوشتوومی، دەنا سبەینێ تەڵاقم دەدا.
- پێم خۆشە لەدەرەوە کۆڵکێشی بکەم، نەک بچمەوە ئەو ماڵە زیندانە.

ژنانیش قسەی خۆیان هەیە، لەنێوان خۆیاندا دەڵێن:

- هەمووی درۆ بوو، قسەکانی هەر فریودان بوون.
- لە ترسی براکانم نەبێ، سبەینێ ماڵەکەم بۆ بەجێ دەهێشت.
- تەنیا لە وشەی بێوەژن دەترسم لەسەر دەفتەر نفووسەکەم.
- چاوی خەڵک لە گوللە تیژترە، قسەیان لە ژەهر تاڵترە بۆ بێوەژن.

ئەو خۆشەویستییەی، کە دەبوو (یان بۆ ئەو بێ یان بۆ گڵ) چی لێ هات، ئایا ئەوە ڕاست بوو؟

### وردەکاریی دڵداری یان حەزلێکردن

دیۆجامەکانی ئینسان ئەوەندە زۆرن، کە قورسە ڕووخساری ڕاستەقینەی یەکتر ببینن. داپۆشینی ئەو ماوە کەمەی دڵدارەکان چاویان بە یەکتر دەکەوێ، بە ئومێد و ڕەنەقی ژیان زۆر ئاسانە.

پێشتر کچ تەنیا لە درزی دەرگاوە کوڕی دەدیت، چۆن کوڕێک:

- لێو بەخەندە.
- خەمخۆر.
- پڕ حەماس و جوانی.
- قژ داهاتوو، ڕیش تاشراو.
- هێمن و لەسەرخۆ.

ئەوە حەزلێکردنە، ئەوە دەچێتە خوێنەوە، ئەوە پێویستی ئینسانە بە ڕەگەزی بەرامبەر، خولقێنەری هەموو ئەوانەیە. کچیش:

- چاو مەست.
- ڕووخسار فریشتەیی.
- قژ خەیاتە.
- باڵا شیک و هەزار تەرز.

دەیان سیفەت و جوانی سەرنجڕاکێشتر، کە کوڕ لە هەوای بەردەمی ماڵی یار، لە دووکەڵی گەڕەکەکەیان، لە زێرابی شارکەشیان بۆنی دەکات و پێی مەست دەبێ.
کە دەچنە ماڵێکەوە، کە لە چاو و چاودێریی کۆمەڵگە ڕزگاریان دەبێ، دەبنە خاوەنی جەستەی یەکتر، ئەوەش مەبەستی حەزلێکردن و دڵدارییە. سروشتی حەز ئەوەیە دەبێ تێر بێ. سروشتی حەزلێکردن داوای بەرهەم و وەڵامی جەستەی دەوێت. ئەو وەڵامەی دەست دەکەوێت و بینی پێوە دەنێ، دەیەوێ بە یەک قوم هەمووی بخواتەوە. نموونەیەکی سادە، بۆ تینوویەک یەکەم قومە ئاو هەناسە و ژیانە، ئاوی تاڵیش شیرینە. دووەم قومیش هەروا، سێیەمیش، کە بەردەوام بێت، گرنگیی ئاوەکە وردە وردە کەم دەبێتەوە، پەیوەندیی ئاو و جەستە دەچێتە ئاستێکی دیکە. جەستە بەدوای ئاوی شیرینتر و پاکتردا دەگەڕێت. بەپێچەوانەوەی کاتێ ناچاری، کاتێ بەتەواوی تینووی، جەستە بە ئاوی شوێن پێی ئێستریش ڕازییە.

ئەفسانە سەری لە ئاسمانە و قەدی لەناو ئینسان و ڕەگی لە زەویدایە، ئەوە دووبارەبوونەوەی چیرۆکی هونەرمەندە مەقدۆنییەکەیە. کوڕی دڵدار و خۆشەویستی نزا دەکات و دەپاڕێتەوە، کچەکەی دڵخوازی بۆ ئەو بێ، بە خۆشەویستەکەی بگات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەیان و سەدان نموونەی دوو دڵخوازی لەبەر چاوە، کە پێک گەیشتوون. کە پێک گەیشتوون و لێکیش بێزار بوون. کەچی ئەو پێی وایە پەیکەرەکەی ئەو، کە مامۆستا هەردی بە (پەیکەری یۆنانی)ی شوبهاندووە، لەوانە جیاواز، پەیکەرەکەی ئەو، کە ژنە دڵخوازەکەیەتی جنسێکی دیکەیە، توخمێکی باڵاترە، بەو خەیاڵەوە دەفڕێت و دەفڕێت و سەر لە ئاسمانی خەون و ڤینۆس دەسوێ.

ئەوە دنیاکەی پێش بە یەکتر گەیشتنی ئەو دەور و سەردەمەیە کە دەورێکە کارێکتەری کورد دەستی لەو پەیوەندییە وەرداوە، دەستکاریی ژنهێنانی ئیسحاقانەی کردووە. جیاوازیەکە چییە:

- لەو شارە نوێیانەدا، کە تا ڕادەیەکی زۆر کولتووری لادێ زاڵە، کوڕ کۆڵ بە کۆڵان بەدوای دولبەرەکەیدا دەگەڕێت، کە بە هەر هۆیەکەوە هەڵیبژارد، هەنگاوی دووەم دەنێت.
- هەنگاوی دووەم گۆڕانکارییە لە ئەتوار و جەستە و سیمای کاکی دڵداردا.

- هەر ئەو هەڵبژاردنەش، کە دەستی کچەشی تێدایە، کاریگەریی تەواوی بەسەر کارێکتەری کچەوە دروست دەکات، زۆرتر سیمایەکی ئاڵۆز و ژیانێکی نهێنی پێ دەبەخشێ، لێرەوە کچیش خۆی لە ڕقە جیا دەکاتەوە.

- کوڕە کار دەکات و حەقی خۆی وەردەگرێ و دەتوانێ لە ماڵێ، لەبەردەم کەسوکاردا بە دەنگی بەرز بڵێ، کە دەیەوێ (فلان کچ) بخوازێ.

- کە نەشیتوانی ماڵی تایبەتی هەبێ، ئەوا ژووری تایبەتی بۆ دەڕازێنرێتەوە، کە تا ڕادەیەکی باش ئازادیی هەیە.

- هەردووکیان لە سێکسی بێ ڕووخسار ڕزگاری دەبن. (سێکسی بێ ڕووخسار، یان سێکس بەپەلە، جووتبوونی بووک و زاوایە لە تاریکەشەودا، بە نهێنی، بەتەنیشت ئەندامانی دیکەی خێزانەوە)،

ئەوانە و چەندان جیاوازیی دیکە هەن، لەنێوان ژنهێنانی ئیسحاقیانە و ژنهێنانی نەو شاری کوردیدا.

کە کوڕ و کچی دڵدار و دڵخواز لە یەکتر دیتنی سەری کۆڵان و ڕێگای حەمامەوە دێنە ناو ژووری بە یەکگەیشتن، کە دەگەنە یەکتر و یەکتر لەباوەش دەکەن، لەو کاتەدا هەموو ئەو کۆتانە دەشکێن، کە دژایەتیی ئەوانیان دەکرد، ئەو کۆتانە ئەگەر لە ڕێگایەکەوە زیانی بە پەیوەندییە خۆشەویستییەکەیان گەیاندبێ، ئەوا لە سەد ڕێگاوە ئەوانی پێکەوە دەبەستەوە و لە یەکتری نزیکتر دەکردنەوە، تەواو وەک ئەو ڕەشەبایەی ڕوو لە کۆمەڵێک ڕێبواری دەشت یان بیابان دەکات، ڕەشەبایەکە چەند بەهێز بێ، ئەوانە توندتر لە یەکتر نزیک دەبنەوە و تا ئەوەی بە هەموو هێزیان باوەش بە یەکتردا دەکەن، ئەگەر پێش ڕەشەبایەکە دوژمنی یەکتریش بووبن.

لە ژووری مەرامدا ئەو ڕەشەبا نەیارنە نامێنن و ئەوان بە یەکتر دەگەن. لەو ژوورەدا، لە ڕۆژەکانی داهاتووی ئەو ژوورەدا، ئەو دوو دڵخوازە هەموو دێوجامەکانیان دەکەون، هەموو ئەو نمایشەی دەیانکرد کۆتایی دێت، بێ گومان لەناکاو و لەپڕ نا، ڕۆژ بە ڕۆژ و مانگ بە مانگ.

کەوتنی دێوجامەکان دوا قۆناغی خۆشەویستی یان حەزلێکردنی کوردییە، دوای کۆبوونەوەیان لەژێر یەک ساپیتەدا.

وردەکاریی کەوتنی دێوجامەکان یان (ڤیناعەکان)، دوای بەشار بوونی سلێمانی سەرنجی هەموومان ڕادەکێشێ. ئەوەی سلێمانی هەنگاوێکی گەورە دەباتە پێشەوە، کردنەوەی زانکۆی سلێمانییە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کە کاریگەری و لێکەوتەکانی لە حەفتاکان دەرکەوت. ئەوەش دەبێتە دوا قۆناغی نووسینەکەی من، کەواتە بۆ بەشەکانی داهاتوو ئەو بابەتانەمان لەبەردەستە.

- زانکۆی سلێمانی و کاریگەرییەکانی لەسەر قبوڵکردنی کولتووری شار. یان:

- سیمای شار و زانکۆ سلێمانی.

ڕووحی بابەتەکە ئەوە دەبێ، کە زانکۆ چ کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر بیرکردنەوە و کرانەوەی شاری سلێمانی.



سەرچاوە
Serchawe

- کەوتنی دێوجامەکانی خۆشەویستیی دوای هاوسەرگیری.

بەهۆی ئەو دوو بابەتەوە، خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەگەیەنمە دوا قۆناغ.

١٤ی تەممووز ٢٠١٩

------------------------

## ڕۆژانی چوونە سینەما لە سلێمانی، ڕۆژە ڕاستەقینەکانی خێزان بوون

### تێکشکاندنی کولتوور

ئینسان دەتوانێ شێوازی ژیانی خۆی بگۆڕێ، واتا دەتوانێ ئاسانتر شێوازی ژیانی شار قبووڵ بکات، بەڵام شکاندنی کولتووری گوند و دابونەریتی خێڵ و چوونە ناو کولتووری شارەوە قورسە، واتا هەر کەس دەتوانێ پەیڕەوی ڕێوڕەسمی ژیانی و نەریتە گشتییەکانی شار بکات، بەڵام بۆ قبووڵکردنی کولتووری شار، شارستانیەت، کرانەوە و لێبوردەیی، پێویستە ئەو کەسە کولتووری گوند لە خۆیدا بشکێنێ. واتا پێویستە ئەو کەسە ڕەخنەی لە کولتوورەکەی خۆی هەبێت و توانای بەجێهێشتن و فڕێدانی هەبێ. کولتووره خوێنپەروەرەکەی بە بار و کێشە بزانێ بۆ کەسایەتیی خۆی، نەک شانازیی پێوە بکات. من مەبەستم ئەوە نییە، کولتووری گوند خراپ و نەگریسە، نا کولتووری گوند بۆ گوند لە کاتی خۆیدا شیاو بووە، بەڵام کە ئەو کولتووره دەهێنییە شارەوە و کۆسپ بۆ تێکەڵبوونی کەسەکە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دروست دەکات. چۆن مانگایەک گوڵەکانی باخچەکانی شار دەخوات، هەر ئاواش کولتووری گوند ڕەگی مەدەنیەت و شارستانییەت لە دەروونداا هەڵدەکێشێ. دەبێ ئەوەش بڵێم، کولتوور باش و خراپی نییە، تەنیا ئەوەندەیە کولتوور لە زەمەنی خۆیدا و لە شوێنی سەرهەڵدانیدا جێگای ڕێز و پەیڕەوکردنە، لەدەرەوەی زەمەن و شوێنی خۆیدا شێرپەنجەیە.

شکاندنی کولتووری ڕابردوو، قورسترین قوناغی گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لە گوندییەوە بۆ شاری. ڕاستە ئەوە تارادەیەکی زۆر کێشەی وڵاتانی ئیسلامە لەناویاند کورد، بەتایبەتتر و چارەڕەشتر، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی جیهانیش کێشەیەکی لەو جۆرە هەیە.

بە مانایەکی دیکە، شێوازی ژیانی شار، لە ڕواڵەتدا گشتییە، دانیشتوان بەگشتی قوتابخانەی قبووڵە، دەچێتە نەخۆشخانە و تەلەگراف بەکار دێنێ، بەڵام بۆ بوونە شاری پێویستی بە توانا و هێز و ئیرادەی تاک هەیە، تاک دەبێ مۆدێرن بێت و حەزی لە گۆڕانکاری بێت و شەڕی لەسەر بکات. پەلەی بێ هەنگاوێک زیاتر بچێتە پێشێ. نموونەیەکی زوو، بەڵام پێویست، کابرای موسڵمانی کورد، دەچێتە ئەوروپا، شاگەشکە دەبێت، سەرسام دەبێ، هەموو شتێک بەردەستە، یاسا لە پشتیەوەیەتی، نەخۆشخانە و پارەی سۆشیال و سیستەمی هاتوچۆ، پەیوەندی و ئەنتەرنێت، سەیران و خۆشگوزەرانیی ئەورووپای قبووڵە. دەبێتە بڵێندگۆی سیستەمەکان و



سەرچاوە
Serchawe

گاڵتەی بە شێوازی بەڕێوەبردنی شارەکەی خۆی دێت. باسی ئەو هەموو نەخۆشە و داماوە دەکات لەسەر شەقامەکان و بەردەم مزگەوتەکان دەپاڕێنەوە، یان لە ژیانی نەگبەتیی خۆیاندا دەتلێنەوە. ئەو پیاوە کوردە ئەورووپییە، گاڵتەی بەو دێت بۆ ژیان لێرە وا سەختە و بۆ کەس ئاوڕ لە دایکی شەهیدان و منداڵانی بێ باوک ناداتەوە. لەکاتێکدا لەو وڵاتەی ئەو لێی دەژی، سیستەمێک هەیە بە وردی چاودێریی ژیانی خێزان و منداڵان دەکات، هەر منداڵێک نەک لەسەر شەقام بێت و بێکەس بێ، هەتا ئەو منداڵانەی لە باوەشی باوک و دایکی خۆیاندان، ئەگەر بچووکترین هەڵەیان بەرامبەر بکرێت، دەوڵەت ڕازی نابێت و منداڵەکەیان لێ دوور دەخاتەوە. (ببوورن ئەو نموونە درێژ بۆوە) مەبەستیشم تەنیا لە دوا ڕستەیدایە. ئەو پیاوە ئیسلامییە ڕەخنەگرە، هەر ئەوەندەی کچەکەی گەورە بوو، هەر ئەوەندەی زانی کچەکەی لە ناخی خۆیدا کولتووری ئەورووپی لە پەیوەندیی کوڕ و کچدا قبووڵە، هەر ئەوەندەی ژنەکەی بوێریی ئەوەی پەیدا کرد لەگەڵ هاوکارانی دەستی بۆ پێکی شامپانیا برد. ئیدی دنیا ژێروژوور دەبێت، ئەورووپای مافی مرۆڤ لەبەر چاوی دەبێتە مەلها و مەیخانە، ناتوانێ قبووڵی بکات. ژیانی لێ تاڵ دەبێت و ئاسوودەیی لێ هەڵدەگرێت. هەموو شتێکی ئەورووپای قبووڵە، ئەوەی قبووڵە پارەی سۆشیال وەرگرێ و زیارەتی ماڵی خواشی پێ بکات. هەرچەند دەزانێ دەوڵەت ئەو پارەیەی لە کۆکردنەوەی باجەوە دەست کەوتووە، باجی ئیشکەرانی وڵات، بە باجی ئەو ژنانەشەوە کە لە مەلها و بارەکان کار دەکەن، ئەو پیاوە ڕۆژهەڵاتییە نەریتخوازە ئامادەیە بەو پارەیە بچێتە ماڵی خواش و حەجیش بکات، تەنیا کە دێتە سەر خۆی، لەبەر ئەوەی کولتووری گوندی لەناوەوەی خۆیدا نەشکاندووە، ئیدی پێی قبووڵ ناکرێت و لەگەڵ سیستەمەکە دەکەوێتە جەنگێکی نەبڕاوەوە.

لە یەکێک لەو کوردە ئەورووپییانەم پرسی:

- ئەوە چۆنە هاتوویەوە بۆ نیشتمان؟ ئەو گوتی:

- بە ماڵەوە و بە یەکجاری هاتوومەوە.

پرسیم: بۆچی؟

گوتی: لەبەر کچەکانم، چوار کچم هەیە، لەوێ چییان لێ بکەم، لێگەڕێم بەدوای قولەڕەشان کەون؟

لای ئەو پیاوە بەناموسە، هەموو ئەورووپا، مافی مرۆڤ و ئاوەدانییەکەی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکتربووڵکردنەکەی، بووەتە قولەڕەش و دوای کچەکانی ئەو کەوتوون. لە ڕووی زەمەنییەوە ئەو چیرۆکە پەیوەندیی بە بابەتەکەی منەوە نییە، تەنیا لە ڕووی بابەتییەوە تەواوکەری یەکترن، هەمان کولتوورە کە هاتە شار، هەمان کولتوورە کە نەریتی ڕواڵەتی شاری لە ڕواڵەتدا قبووڵکردن، ئەو کارێکتەرە کوردە فێڵبازییە، بە ناو شارستانییە، هەرگیز نەیتوانی کولتووری خێڵەکی و نەریتی دەرگیرانەی ئایینی لە ناخی خۆیدا تێکبشکێنێ.

بۆیە دەبێ هەمیشە بڵێین، تا کولتووری کۆن و بەسەرچووی ڕەگەز و خوێنپەرستی لە ناخی خۆتدا تێک نەشکێنی، مەحاڵە بەرەو کرانەوەی کۆمەڵایەتی یەک هەنگاو بچییە پێشێ، کە تۆ لەناختدا کولتووری لادێ دەپەرستی، کە تۆ لەناختدا واعیزێکت داناوە ئامۆژگاریت بکات.

بریارێکی قورس: ئەگەر هەزار شاری ئەوروپات دیبێ، لە ناوەندی پاریس یان لەندەن ژیابی، کولتووری کۆنت تێک نەشکاندبێ، خۆت نەبی، خۆت نەبی و واعیزەکەی ناخت گوێچکەت ڕاکێشێ، بریارەکانی ژیانت لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە نەگرن، چاوەڕێی ڕێنمایی ئایین و ئایدۆلۆژیا و خێڵ بکەی، تۆ هەنگاوێک نەچوویتە پێش و لە ڕێخکەرێک زیاتر نیت.

کەواتە پێش تێکەڵبوون بە شار و بوونە شاری، مەرجی بنەڕەتی و سەرەکی شکاندنی کولتووری خوێنپەرستی و خێڵپەروەرییە. بۆ کورد ئەوە وەک خۆکوشتن وایە.

### زانکۆی سلێمانی و کرانەوەی کۆمەڵگە

لە ساڵی (١٩٦٨ز) زانکۆی سلێمانی دەکرێتەوە، سەدان قوتابی لە هەموو عێراقەوە ڕووی تێ دەکەن، کچ و کوڕانی بەسرە و بەغدا و نەجەف و ناسرییە و هەموو شارەکانی دیکە دەڕژێنە ناو ڕاڕەوەکانی. ڕەنگ و نەتەوەی جیاواز، لە بەشی زۆری وڵاتانەوە قوتابیی بۆ دێت. سوودانی و ئەریتیری و میسری، هیندی و پاکستانی، ژاپۆنی و چینی، مامۆستایانی وڵاتانی پێشکەوتوو. هەموو ئەو ڕەوت و بیر و کولتوورە جیاوازانە لە سلێمانیدا بە یەک دەگەن، ڕەگەزی ڕەش و سپی و زەرد.

ئەوە هەلێکە بۆ شارێک هەڵکەوتووە، شارێک دنیا بەسەریدا ڕژاوە، هەمووشی بۆ خوێندن و زانست و کتێب هاتووە، شارێک کە خۆیشی تا ڕادەیەک ئامادەیە پێشوازیی لێ بکات. ئەوە دەرفەتێکە کە ڕوو لە هەموو شارێک ناکات.

کردنەوەی زانکۆی ئاستی شاری سلێمانی وەک شار، هەنگاوێکی گەورەی بردە پێشەوە. سلێمانی بەتەواوی وەک شار دەرکەوت و ئینسان لەبەر (خودی) خۆی بووە جێگای گرنگی و ڕێزی بەرامبەرەکەی. مەبەستم ئەگەر پێشتر کەسەکان بەهۆی خێڵ و ناوچە و گرووپەوە دەناسران، ئەوە دوای کردنەوەی زانکۆی سلێمانی، قوتابییەکی بێ پشت و پەنای نەجەفی یان ئەفریقی، بێ ناونیشان و بنەماڵە توانیی جێگای خۆی بکاتەوە و زۆر جاریش بەهۆی چالاکییەکی هونەرییەوە ببێتە کاریکتەرێکی دیار.

### سینەما

زانکۆ و سینەما بوونە دوو دیاردەی هەرە بەرجەستە و کاریگەری شاری سلێمانی. ڕاستە مێژووی سینەما لە زانکۆ زۆر کۆنترە (لە شاری کوردیدا)، بەڵام ساڵانی حەفتاکان، سەردەمی گەشانەوەی سینەماش بوو، ئەو جووڵە پڕ ئیقاعە کۆمەڵایەتییەی زانکۆ و سینەما

خستبوویانە شارەوە، ئەو هەموو خوێندەوار و گەشەی مۆسیقا و شانۆ و کەیفسازییەی حەفتاکان شاری سلێمانی بەخۆیەوە دیت، سلێمانی بەتەواوی گۆڕی، نەبزی شاری ڕێکخست و هێمنیی دەروونی و شانازی بەخۆکردنی گەیاندە لووتکە.

### سلێمانیی حەفتاکان

- گەنجترین زانکۆ و پڕ جووڵەترین زانکۆ نەک لە کوردستان و عێراق، لەسەر ئاستی هەرێمەکەش کەوتووەتە سەر پێ، کە ئەویش زانکۆی سلێمانییە.

- سینەما هەنگاوێکی گەورەی لە ڕووی بە کولتوورکردنییەوە بەرەو پێشەوە ناوە. هەموو خێزانەکان، بێ جیاوازی، بە باوک و دایک و کچ و کوڕی عازەبەوە، بە منداڵ و داپیرەوە، دەستی یەکتریان دەگرت و بەرەو سینەما بەڕێ دەکەوتن. ئەوەش بەرنامەیەکی پێشتری هەبوو، هەر بەرنامەکە جووڵەیەکی دەخستە دەروونی ئەندامانی خێزانەوە و نەفەسێکی فراوانتر و درێژتریان هەڵدەکێشا و جلوبەرگی جوان و شایستەیان لەبەر دەکرد. ڕۆژانی چوونە سینەما، ڕۆژە ڕاستەقینەکانی خێزان بوون.

چوونە سینەمای حەفتاکان تاکە چالاکییە، هەموو ئەندامانی خێزانی کوردی ئەوەندە لەسەری هاوڕا و کۆک بن. ئەوە بۆ هەموو شارەکانی دیکەش ڕاستە. نەک شارەکان شارۆچکەکانیش سینەمایان لێ کرایەوە و ڕەنگ بە هەموو کۆڵان و ماڵێکدا بڵاو بووەوە. باسی ڕەنگ و وێنە و چیرۆک و گۆرانیی سەر شاشەکان، پانتاییەکی فراوانی گفتوگۆی خەڵکی داگیر دەکرد. کارێکتەرەکان لەسەر شاشەکانەوە دەگوازرانەوە ناو ماڵ و کۆڵانەکانی شار.

کۆمەڵناسەکان، ئەوانەی کار لە بواری فیکر دەکەن، زیاتر لەو قسەیە تێدەگەن، یان دەتوانن وردتر ئەو بابەتە شی بکەنەوە. ئەوە بابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتی و فیکرییە، سینەما و کۆمەڵگەی کوردی.

بۆ کۆمەڵگەیەکی سونەتی یان نەریتخواز، کە ئایین و پەیوەندیی خێڵەکیانە هەموو جومگەیەکی ژیانیانی داگیر کردووە، شتێکی زۆر گەورەیە، گۆڕانکارییەکی مەزنە، کە چیرۆکێکی سەر شاشە تاکی ئەو کۆمەڵگەیە لەو بابەتە ڕۆتینیانەی ڕۆژانە دوور بخاتەوە و خۆی کاتەکانی ڕۆژانەی بۆ پڕ بکاتەوە. ئەوەش جۆرێکە لە گەشەکردن بە هەست و عەقڵی تاکەکان، کە تەنیا لەبەر خاتری سەلیقە و بۆچوون و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیان، ئەو بابەتەیان هەڵبژاردووە.

دەرکەوتنی کوڕ و کچی زانکۆ پێکەوە لەسەر شەقامەکان، ببووە نموونەی باڵای عاشقانی شار.

٢٢ی تەمموز ٢٠١٩

(١٣)

## دەرکەوتنی شاری کوردی

خۆشەویستی لە شاری کوردیدا چۆن خۆی دەردەخات؟
سیما سەرەکییەکانی شاری کوردی چۆن و کەنگێ دەرکەوتن؟
ئەو دوو چەمکە (شار و خۆشەویستی) لە کوێدا بە یەک دەگەن؟
چ پەیوەندییەک لەنێوان گەشەی شار و خۆشەویستیدا هەیە؟

حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، زەمەنی درەوشانەوەی شاری کوردی بوو، شارەکانی گوێیان کرد، یان خەمڵین. ئاسوودەیی باڵی بەسەر خێزانی کورددا کێشا. نامەوێ بڵێم سیاسەت مژدەی بۆ ماڵی کوردی هێنابوو (کە دواتر بەوردی لێی دەدوێم)، تەنیا ئەوەندەی سیاسەت کەمێک سەرکوتکردن و شەڕەکانی و تەقینەوەکانی لێ دوور خستەوە.

کەسایەتیی ئینسان لەناو ئاسوودەییدا گەشە دەکات، خۆشەویستیش بەشێکی گەورە و سەرەکیی کامڵبوونی کەسایەتییە. نموونەکەمان شاری سلێمانییە. ڕاستە گفتوگۆیەکی توند هەیە لەسەر بەشاربوون، (ئاوەدانییە) قەرەباڵغەکانی کوردستان شارن یان نا؟ زۆر دۆست و خوێنەر ئەوەم ڕووبەڕوو دەکەنەوە؟ من دەڵێم ئەوە بابەتێکی زۆر تایبەتە و پەیوەندیی بە جوگرافیا و کۆمەڵناسی و کولتوورناسی و شارناسییەوە هەیە، کە ڕاستەخۆ ساغکردنەوەی پەیوەندیی بە باتەکەی منەوە نییە، هەرچەند بەپێی پێویست لە وردەکارییەکەی دواوم.

لە لایەکی دیکەوە، شارە کوردییەکان زۆر جیاواز و کەمتر نەبوون لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە هەمان زەمەندا. ڕاستە شارەکانی ڕۆژهەڵات مووسڵ و حەڵەب، شیراز بە نموونە، جۆرێک لە جیاوازییان دروست کردووە، بەڵام ئەو شارانە و شارەکانی دیکەش، شەڕ وێرانی نەکردوون، گەمارۆی ئابووری داینەتەپاندوون، فەرامۆشکردنی ئیداری ڕەنگی لێ نەستاندوونەوە و سنووری جوگرافیی دانەخستوون، هێزی سەربازی کۆڵانەکانی لێ نەکردوون بە زیندان و شەقامەکانی لێ نەکردووەن بە مەیدانی شەڕ، دەیان هۆی دیکە. لە کۆتاییدا ئەو بیانوو و هۆیانە دادمان نادات و بۆ وتارنووس و باسکارێک دەبێ لەسەر ئەوە قسە بکات، کە (هەیە)، ئەو شارەی فەزایەکی ئارام بۆ خۆشەویستی دروست دەکات.
ئەوەی گلەیی یان ڕەخنەی زانستیی و توند لە کۆمەڵگە و شاری کوردی ئەوەیە، قبووڵکردنی کرانەوە لە شارەکانی دەوروبەر ئاسانتر بووە، تا شاری کوردی. کورد زەحمەتتر کرانەوەی قبووڵ کردووە. مەزهەبەکەی توون و ئینسانی توندتر و گرێ کومەڵایەتییەکانی توندتر بووە. هەر لەبەر ئەوەشە، هەر تاکێکی کورد کە ئارەزووی کرانەوەی کردووە، لە کۆمەڵگەی کوردی دوور کەوتووەتەوە، ئەگەر

بۆ ماوەیەکی کاتییش بووبێ. داخرانی شارە کوردییەکان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەتا شاعیر و زاناکانیشی ڕاوناوە.

دەکرێ لەسەر ڕایەک ڕێک کەوین ئەویش ئەوەیە کە شارە ڕۆژهەڵاتییەکان و لەناویاندا شارە کوردییەکانیش وەک شار قبووڵ بکەین، بەڵام بە سیفەت و پێناسەی خۆیانەوە، بە بەراودکردنیان نا بە شارێکی ئەوروپایی یان یابانی. شاری کوردی هەموو سیفەتەکانی شاری تێدایە، ژمارەی زۆری دانیشتوان و باڵەخانە و دەزگای فەرمیی دەوڵەتی و کار و پیشەی جیاواز و سنعات بە (تەعریفی) سەدەمەکەی (ئاسنگەر و دارتاش و دەباغخانەوە، کاروانسەرا و زێڕنگەر و مزگەر و هەتا سابوونکەریش)، تەنیا لە ڕووی کرانەوەی کۆمەڵایەتی دواکەتوو بوون. ئەو دەردەش، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتن و شارستانیبوونی تاکەوە هەیە، تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. من پێشنیارێک بۆ زانکۆکانی کوردستان دەکەم، کە شارناسی و (شارناسیی کوردی) بکەنە بابەتی سەرەکیی خوێندن و شایان بە لێکۆڵینەوەی بەردەوام و لێوردبوونەوەی زیاتر. دەتوانرێ دەرکەوتنی شاری کوردی لەسەر هەموو ئاستەکان، بە شێوەیەکی زانستی و بەڵگەدار دەستنیشان بکرێ.

### درەوشانەوەی شاری کوردی و خۆشەویستی

لە سەرەتای حەفتاکانەوە شاری کوردی ئارامییەک لەناو جەنجاڵیی دنیادا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، بەختی یار دەبێت و کۆمەڵێک هۆکار بۆ درەشانەوەی دەست دەدەنە دەستی یەکتر.

زانکۆ، سینەما، شانۆ و پێشانگا و مۆسیقا، ئەوانە هەموو کەسایەتیی کوردیان خستە سەر کەڵکەڵەی شانازی بەخۆکردنەوە. ئەوانە هەموویان، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کارێکتەری کوردی لە کۆچکردنییەوە لە لادێوە بۆ شار زووتر هەستی پێ کردبوو.

### سیماکانی درەشانەوەی شار

- دروستکردنی شەقام و خانوو و باڵاخانە لەو ساڵانەدا چ لە ژمارە و چ لە دیکۆردا، گۆڕانکارییەکی گەورەیان بە خۆیانەوە دیت. هەستی جوانیناسیی کورد و بیناسازی بابەتێکی سەربەخۆیە، لە شوێنێکدا پەیوەندیی بە وتارەکەی منەوە هەیە، لەو شوێنەدا کە لە خانووی کوردیدا باڵکۆن دروست دەکرێت، باڵکۆن شوێنی دانیشتنی ئێوارانە و هەنگاوێک هاوڕێیایەتی و لەزەتی دانیشتووانی بردە سەرێ. گۆڕانی نەخشە خانووش پەنایەکی هێمنتری بۆ ژن و پیاو ڕەخساند.

- سینەما: دەرکەوتنی سینەما بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک، دەرکەوتنێکی موعجیزەئامێزە، نیشانەی بەرەوپێشچوونی دانیشتووانە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر، بەلای کەمەوە گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لە تەویلەوە بۆ هۆڵی سینەما. سینەما ئەوەشمان پێ دەڵێ، کە خۆشگوزەرانی گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. سینەما هۆکارێکی گرنگی گۆڕانی کەسایەتیی کوردی بوو، سینەما گەشەی بە چیرۆک و خۆشەویستی و جوانناسیی کوردیش کردبوو. ڕاستە دەرکەوتنی سینەما بۆ ساڵانێکی زۆر زووتر دەگەڕێتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم لە



سەرچاوە
Serchawe

حەفتاکاندا سینەما ببووە بەشێک لە کولتووری شار و کەیفسازیی خێزان و خولیای تاک. هەموو فیلمێکی تازە چیرۆکێکی تازەی بەدوای خۆیدا دەهێنا.

کارێکتەرەکانی سەر شاشە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵی بینەر هەبوو. شەرمی کەسایەتیی کوردی شکاند و دەرگای بەسەر حەزە شاراوەکانیدا کردەوە. ئەو نهێنییانەی ئینسان کە بڤە و ئاگر بوون، قسەکردن دەربارەیان قەدەغە بوو، کەوتنە سەر شاشە و ئاشکرا بوون. باڵقبوونی کچ ،کە لە بابەتە هەر مەترسیدارەکان بوو، کەوتە سەر شاشە. خۆشەویستی و سێکس بووە بانگەوازی سینەماکان. لایەنی هەرە دیاری ئەو بابەتانە ئەوە بوو کە شەرمی ئەندامەکانی کۆمەڵگە و خێزانی لە یەکتر شکاند و بوونە بابەتی گشتییش. چاوی پیاوی کوردی بەسەر جەستەی ژندا کردەوە. (باوەڕ ناکەم لە پیاوی کورد نائاگاتر هەبێ بەرامبەر جەستەی ژن، چیرۆکەکانی نەشارەزایی ئەو مەخلووقە لە جوگرافیا و پێکهاتەی جەستەی ژن ئەوەندە شەرمهێنن، ناتوانم بیانگێڕمەوە).

- شانۆ ڕۆحی ڕاستەقینەی شارە. سلێمانیش ئەو ڕۆحەی لە حەفتاکاندا بەتەواوی لە دڵیدا پاراستبوو. دەماری ژیان و بیرکردنەوە و سەلیقەی سلێمانی شانۆکەی بوو. شانۆکاران بوونە کارێکتەری گەورە و دیار و کاریگەر. پێش حەفتاکان شانۆ ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە هۆشیارکردنەوە و گەیاندنی فکری نەتەوەیی و تازە بە کۆمەڵگە، هەرچەند بابەتی سەرەکیی شانۆکان شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی بوون، بەڵام ئەوکات نیشتمانپەروەرییش بەشێک بوو لە خۆشەویستی. شانۆ لە ساڵانی حەفتاکاندا هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوە نا. کوڕ و کچی گەنج و خوێنگەرمی هێنایە سەر شانۆ و ناو هۆڵەکانی شانۆوە، خوێنێکی گەرمتری کردە دەماری گەڕەکەکانی شارەوە. من شەرم دەکەم بە چەند دێڕێک و ئاوا تیژتێپەڕ باسی شانۆ بکەم، کارێکتەرە گرنگ و مەزنەکانی شانۆ بە کیبۆرد و قەڵەم نانووسرێنەوە. ئەوان گەنجیەتی و خوێنی خۆیان بەخشی، منیش دەبێ بە ئاوی ڕۆح و نووری چاو مەزنایەتیی ئەوان بنووسمەوە. کارێکتەرە گرنگ و دیارەکانی شانۆ، ئەوەندەی شۆڕشێک، ئەوەندەی چەندان شۆڕش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرزڕاگرتنی کەسایەتیی تاکی کورد هەبوو. کە دەست بۆ یادکردنەوەی هەر ناوێکیان دەبەم، دەیان ناوی دیکەیان وەک ئاگر پەنجەم دەسووتێنن. ئەوان بوونە ڕەمزی کرانەوە و خۆبەخشین و بەرگری و خۆشەویستی.

هەر بابەتێک، کە دەشێ ڕۆڵی هەبووبێ لە کرانەوە و گەشەکردنی کارێکتەری کوردیدا، تا خۆی بناسێ و بچێتە ناو دنیای خۆشەویستییەوە، هەر بابەتێک ئەوەندە فراوان و دەوڵەمەند و دەست لێ نەدراوە، خەریکە تەواو هەموو بابەتە سەرەکییەکەم لە دەست دەربێنێت، تەنیا خۆی بکەم بە سووژەی سەرەکی.

مۆسیقا: مۆسیقا ئەوەندە لە خۆشەویستی و ڕۆمانسیەتەوە نزیکە، پەنجەکانیان پێکەوە نووساوە، مۆسیقا یەکێکە لە ژانرە هەرە گرنگەکانی پەروەردە و گەشەکردنی کەسایەتیی تاکەکان. ڕاستە مۆسیقا پێناسەیەک و زمەنێک و نیشتمانێکی دیاریکراوی نییە، هەموو زمەنێک زمەنی مۆسیقایە، هەموو خاکێک خاکی مۆسیقایە، هەموو مرۆڤێک مەیدانی مۆسیقایە، تەنیا ئەو کەسانە نەبێ، کە دژی سروشتی مۆرڤانەی خۆیان لە شەڕدان. مەبەستەکەم ئەوەیە، مۆسیقا هونەرێک نییە، لە حەفتاکانی سلێمانییەوە دەرکەوتبێ.

لەگەڵ دروستبوونی جووڵە لەناو سروشتدا مۆسیقا دەرکەوتووە، هاژەی شەپۆلەکان و سرووەی با، دەنگی باران و ئاوازی بولبولان مۆسیقایان بەسەر سروشتدا ڕژاندووە. مرۆش لاسایی سروشت دەکاتەوە، تا ئەمڕۆ مرۆ لاسایی سروشت دەکاتەوە، تەنیا شیرکردنەوەی ئەو ڕستەیە، مرۆڤ لاسایی سروشت دەکاتەوە کتێبێکی دەوێ.

قەرەنی جەمیلی پەنجەزێڕین هەموو جارێ دەڵێت:

- هونەرمەندان لە ڕەنگدا لاسایی سروشت دەکەنەوە، سەرکەوتووترین هونەرمەند ئەوەیانە کە جوانتر و وەستایانەتر لاسایی سروشت دەکاتەوە.

دەڵێ:

- سروشت بی کۆتا ڕەنگی هەیە، هەر ڕەنگێکی ناو سروشتیش بێ کۆتا تۆنی هەیە، هونەمەند ئەو ڕەنگانە هەڵدەگرێتەوە، یان کۆپی دەکات.

ئەوە بۆ مۆسیقاش ڕاستە، مرۆ لاسایی سروشتی کردووە، لە سروشتەوە ئاواز و مۆسیقای داهێنا و پەرەشی پێ دا. مەبەستەکەم، مرۆ لەو ڕۆژەوەی هەیە مۆسیقای ناسیوە. تیپ و گرووپی مۆسیقیش زۆر پێش حەفتاکان لە کوردستان و سلێمانیدا هەبوون، بەڵام ساڵانی حەفتاکان بۆ مۆسیقاش تایبەت بوو، بەتایبەتی مۆسیقای مۆدێرن، هونەرمەندەکان دەگێڕنەوە، لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، خەڵکی بە سووک سەیری کاری ئەوانیان کردووە، بەترسەوە ئامێری مۆسیقایان بەدەستەوە دەگرت، ئەوەش دەگێڕنەوە، کە خەڵکانێک هۆپەیان بۆ کێشاون، یان بەردیان پێداداون، کاتێک کەمانێک یان سازێکیان بە کۆڵەوە دیتوون، بەڵام حەفتاکان سەردەمی زێڕینی هونەر بوو، سەردەمی زێڕینی دەرکەوتنی مۆسیقا بوو، هۆڵەکان پڕ بوون لە نۆتە و ئاواز و گۆرانی، موزیکژەنەکان بوونە کارێکتەرە ئەفسانەیی و خۆشەویستەکانی کۆمەڵگە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوان، گۆرانیبێژەکان هاتنە سەر شانۆ، گۆرانیبێژی حەفتاکان بەختیان یار بوو، تەختەی شانۆ و تیپی مۆسیقی و شیعر و گوێگر چاوەڕوانیان بوون، ئێستا ئەگەر گوێ بە مێژووەوە بنێی، ئاواز و سیحری گۆرانیی حەفتاکانت دەگاتە گوێ.

لەگەڵ ئەو هەموو باسانە، من وەکوو پەڕەسێلکەی بەهاران خەریکم هێلانە دروست دەکەم، دەنکە دەنکە پووش دەکێشمەوە، بە قوڕی وشە زانکۆ و سینەما و شانۆ و گۆرانی و ئاواز دەشێلم و هێلانە بۆ خۆشەویستیی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دروست دەکەم، بەو نیازەی هێلانەیەک بێ، ئەڤیداری کورد بتوانێ تێیدا بحەسێتەوە و بەختیار بێ.

٢٨ی تەممووزی ٢٠١٩

(١٤)

خۆشەویستی دەبێ هێلانەی هەبێ تا تێیدا بترووکێ، خۆشەویستی هێلانەی دەوێ تا تێیدا پەڕوباڵ دەرکات و بداتە شەقەی باڵ. ئایا شاری کوردی بەو پێناس و لێکدانەوانەی من هەوڵ دەدەم بۆی ساز کەم، بەو پێناس و لێکدانەوانەی هەیبووە، بووەتە ئەو هێلانەیە؟ بووەتە ماڵێکی ئارام بۆ خۆشەویستی؟

لە درێژەی ئەو بابەتەدا، لە مامەڵەتان لەگەڵ خۆشەیستیدا لەدرەوەی ئەو بابەتە و ژیانی تایبەتی خۆشتاندا، ڕستەیەکتان لەبیر بێ، ئەویش ئەوەیە، ئایا بەرامبەرەکەت، ئایا کارێکتەرە دیارەکان کولتووری لادێیان تێشکاندووە؟ ئایا واعیزێک هەیە لە مێشکایاندا بۆ هەموو هەڵوێستیک پرسی پێ بکەن و ئەویش لەسەر پەیڕەوکردنی هەموو نەریەتێکی تازە گوێیان ڕاکێشێ؟ ئەو چەند دێڕە وەک پێشەکیی ئەو بەشەی وتارەکە سەیر کەن.

سیاسەت بەشێکی گرنگی سەقامگیری و ئارامیی دەروونە. سیاسەت بەلای کەمەوە لە ڕۆژهەڵات ڕێگا بۆ کرانەوەی شار و قبووڵکردنی یەکتر خۆش دەکات. من بە مەبەست سیاسەتم خستە دوای هەموو هۆکارەکانی دیکە.

### حەفتاکان و سیاسەت و خۆشەویستی

سەدەی ڕابردوو سەدەی شەڕە قورسەکان بوو، سەدەی شەڕ و چەسپاندنی نەخشەڕێگای دەوڵەتانی (برا دوژمنەکان) بوو، ئەو دەوڵەتانە هیچ ئازادی و سەربەخۆییەکیان بۆ کورد بە ڕەوا نەدیت، لەو پێناوەشدا جیهان هەموو سەدەی ڕابردووی بۆ مل پێکەچکردنی کورد و لەقاڵبدانی لەناو دەوڵەتە فەرمییەکانی ئەواندا تەرخان کرد. خوێندنەوەی سەدەی ڕابردوو بۆ کورد لە هەموو گەلانی دنیا جیاوازە. لە هەموو شەڕەکاندا کورد بابەتی کوشتن و لە ناوبردن بووە، لە هەموو کۆبوونەوە گرینگەکانی جیهان و هەرێمەکەدا کورد بابەتی سەرەکی بووە، بێ ئەوەی خۆی هیچ ڕۆڵێکی هەبووبێ. بێ ئەوەی توانیبێتی شەڕەکان ڕاگرێ، بێ ئەوەی توانیبێتی دانوستان بکات و ڕێک کەوێ. سیستەمی دنیا یەک تاکە مافی دابووە کورد، تەسلیمبوون، وازهێنان لە زمان و خاک و ناسنامە.
من باوەڕم وایە کە دنیا ڕۆژێک لەو غەدرە گەورەیە بەئاگا بێتەوە، کە بەرامبەر کوردی کردوویەتی ئەوەندە شەرمەزار دەبێ، سەدەیەک سەری پێ بەرز ناکرێتەوە. شەرمەزارییەک، کە هیچ پاساوێک نایسڕێتەوە. لە سەدەی ڕابردوودا بۆ یەکەم جار سیاسەت هەناسەیەکی کاتیی دایە کورد، هەناسەیەکی کورت، بەڵام گرنگ و بەنرخ.

### سیاسەت و خۆشەویستی

سەرناوێکی سەیر و نەگونجاو و پڕ مەترسیشە. سیاسەت و خۆشەویستی چۆن کۆدەکرێنەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

دوای تەمەنێک شەڕ و کوشتن، فەرامۆشکردن و نائارامی، بۆ یەکەم جار لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کورد ڕووبەڕووی ئارامی و ئاسایش بووەوە.

من نامەوێ لە ڕووی سیاسییەوە لەو بابەتە بدوێم، نەک لەبەرئەوەی بڵێم گرنگیی ئەوەی نییە، نەخێر، تەنیا لەبەرئەوەی من پێویستم بەو فەزایەیە کە ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد هێنایە ئاراوە، نەک شتێکی دیکە. ئارامییەک کورد لە مێژووی تازە و شاری کوردیدا بەخۆیەوە نەیدیبوو. ئەوە بابەتە بۆ کوردێک شایانی تێگەیشتنە، بەڵام بۆ بیانییەک قورسە لەوە تێبگات، کە ژیانی تاکی کوردی زۆر بە توندی بە هەلومەرجی سیاسییەوە بەندە. بۆیە ناچارم سیاسەت بە دیوێکی دیکەدا بخوێنمەوە.

- سیاسەت: بۆ یەکەم جار سیاسەت لە بەرژەوەندیی خێزان و تاکی کورد بوو، ڕێککەوتنی یازدەی ئاداری حەفتای سەدەی ڕابردوو، گیانێکی تەواو زیندووی بە جەستەی خێزانی کورددا کردەوە، لەو ساڵەدا جگە لەوەی ئاسوودەیی بەرپا بوو، جگە لەوەی شەڕ وەستا و خێزانەکان بە خۆشەویستانیان شاد بوونەوە و زیندانەکان بەتاڵ کران، جگە لە هەموو ئەوانە کورد بوون جۆرێک لە شکۆ و شانازی بەخۆکردنیشیەوەی بۆ گەنجانی کورد هێنایە دی. سیاسەت ڕێگای بۆ هەموو ئەو هۆیانە خۆش کرد، کە وەک بەشێک لە کرانەوەی شاری کوردیمان باس کردن. لەو چوار ساڵەدا خەریکە خۆشەویستی ڕێگا ڕاستەقینەکەی خۆی بگرێتە بەر.

### سیاسەت چەکە سەد سەرەکە

سیاسەت جگە لەوەی مانای فەرهەنگی و تێرمی هەیە، مانای ئیدیۆمیشی هەیە، کورد دەڵێ (بە سیاسەت کوشتی) ئەوە دیوە ناشیرین و کولتوورییەکەی سیاسەتە. کە وشەی سیاسەت لە مانا فەرهەنگییەکەی خۆی هێنراوەتە دەرێ و مانایەکی دیکەی وەرگرتووە، کە زیاتر بە (فێڵ و تەڵەکەبازی لێک دەدرێتەوە). لەناو هەموو ئەو مانایانەدا، سیاسەت دوو دیوی پیشانی کورد داوە:

**یەکەمیان**: دابەشکردن و لەتلەتکردنی نیشتمانەکەی، کە دواتر ورد کراوەتەوە بۆ کوشتوبڕ و ماڵوێرانی. ئەو دیوی یەکەمە زیاتر لە هەڵوێستی کورددا ڕەنگی داوەتەوە، کاتێک بەو دابەشکاری و سیستەمانە ڕازی نەبووە، کە بەسەریدا سەپێنراون. ئەوەش زیاتر ورد دەبێتەوە، دەبێتە ناڕەزایی و خۆپیشاندان و گرووپ و گرووپکاری و دواتریش دروستبوونی حزبی سیاسی و نەتەوەیی. واتا کێشە و قورێک، کە کورد تا گەردن چووەتە ناوی. کورد لە ماڵی خۆیدا شەڕی کردووە، لە ماڵی خۆیدا بەرەنگار بووەتەوە. ماڵەکەی، وڵاتەکەی بەسەریدا وێران کراوە. هەر ئەو دابەشکاری و کارکەنارکردنەی کورد، کوردی تووشی دەردی نامۆیی و دڵشکان کردووە، کەسایەتیی بریندار کردووە. تا ڕادەی ئەوەی، کە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی، کە بە حیساب دەبێ دەوڵەتی خۆیان بێ، مافە مەدەنییەکانیان بپارێزێ، بە موقەدەس و ئەرکی نیشتمانیی بزانێ.

### نیشتمان لەنێوان خۆشەویستی و نەتەوەپەرستیدا



سەرچاوە
Serchawe

هەڵچوون و خولیای خۆشەویستی لە تافی گەنجیدایە، بەلای کەمەوە ئەو جۆرەی لە خۆشەویستیدا پێی دەگوترێ (حەزلێکردن)، هەر ئەو تەمەنەشە کە ئازایەتی و شەهامەت تێیدا دەردەکەوێت. فەزایەکە ئاوایە، نەتەوە کەوتووەتە بەردەم هەڕەشە، وڵات لە ئاگردایە و باس باسی شەڕە، حزب هاتووەتە پێشەوە و شیعارەکانی خۆی دەگەیەنێتە هەموو شوێنێ، بەرگری و خۆبەدەستەوەنەدان، تۆڵەکردنەوە و فیداکاری.

یەکێک لە داواکارییە هەرە دیارەکانی حزب و نەتەوەپەرستان "پشتکردنە ژیانی ئاسایی و خۆفڕێدانە ناو ژیانی پڕ دەردەسەریی حزبەوەیە" پشتکردن لە لەزەتی ژیانی ڕۆژانە و ڕووکردنە خەباتگێڕییە. گەنجی کورد عاشقی چاوی کەژاڵ نابێ و عاشقی بەندەن و بەرد دەبێ.

بڵێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عاشقی منا نەژیا،
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم،
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا.

ئەوە پەیامێک نییە بۆ تەنیا ژنێک، کە ژنی هەڵۆ بەگە لە شیعرێکی گۆراندا، کە لە بەرەنگاربوونەوەیەکی دەستەویەخەدا لە بەردەرکی سەرا دەکوژرێ، ئەوە پەیامە بۆ هەموو ژنانی کورد. پیاو لەو شیعرەدا عاشقە و پەیمانی بە ژنەکەی داوە، هێشتا پاڵەوان (پیاوە) ژن چاوەڕێیەتی. پیاو بەڵێنی پێ داوە، کە لە ڕێی عاشقی (ئەوا) بمرێ، بەڵام نیشتمان، خۆشەویستیی وەتەن لە نیوەی ڕێگای، ڕێگای پێ دەگرێ و دەیکاتە قوربانیی خۆی. پیاوی عاشق شانازی بەو ئەنجامەوە دەکات و بە وەزیفەی خۆی دەزانێ (وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم) خۆ لێ لادانی لەو وەزیفەیە خەیانەت و سپڵەییە. بەشێکی زۆری ئەو فیداکارییەش دانەوەی قەرزێکە لەسەرمان (کە وەتەن ئەوی پەروەردە کردووە و بە هەوا و ئاوی وەتەن ئەو گەورە بووە).

### پەیامی پشت شیعرەکە

- سەرەتا ئەوە پەیامێکی شیعری نییە و بەس، ئەوە پەیامی تەنیا شاعیرێک نییە، ئەوە پەیامێکی نەتەوەیی گشتگیر و فراوانە، شێوازی داڕشتن و گوتنەکەی، تۆنەکەی بۆ ئەوە نابێ پەسندی بکەی یان نا، ئاواز و واتا و پەیامێکی خۆسەپێن و داگیرکەرییەکی پیرۆزی هەیە.

- ژن (ونە) و لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا دیار نییە و هەواڵەکەی بۆ دەنێرێ، ئەوەش هەڵە و لەنگییەک نییە لە بیرکردنەوەی گۆراندا، بەڵکوو ئەوە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی کولتووریی پیاوە لە کۆمەڵگەدا، یان ئەوە سروشتی ژنە لەو سەردەمەدا.



سەرچاوە
Serchawe

- کە وەتەن پێویستی پێمان بوو، خۆشەویستی و عەشقی ژن لە جوگرافیای جەستە و خەیاڵی پیاودا شوێنی خۆی چۆڵ دەکات بۆ فیداکاری لە پێناوی وەتەندا.

- ژن و پیاو پەروەردەی وەتەنن، ویستی جەستەیی ئەوان لە کاتی بەرەو ڕوو بوونەوەی مەترسی، یەک تاکە وەزیفەیان هەیە، ئەوەیش فیداکارییە بۆی.

من ئەو شیعرەی گۆرانم وەک شاهیدحاڵێکی سەردەمەکەی خۆی یاد کردەوە، کە لە هەمان کاتدا پەیامی ڕۆشنبیر و شاعیران و سیاسییەکانە بۆ تاک بە تاک گەنج و لاوانی کورد.

سیاسەت بەشێوەیەکی زۆر توندتر و زاڵمانەتر دێتەوە ناو کۆمەڵگای کورد، کە دەکەوێتە باشەکانی دواترەوە. چەند ژیان لە کورد تاڵ بکەن و دەرەتانی لێ ببڕن، سیاسەت بە شێوەیەکی دیکە (حزبایەتی) قورستر دێتەوە ناو کۆمەڵگە و بێڕەحمانەتر ژیانی تاک پان دەکاتەوە.

## دیوی دووەمی سیاسەت

دیوی دووەمی سیاسەت تەواو پێچەوانەی دیوی یەکەمیەتی، دیوی پێکهاتن و تێکگەیشتن. ئەو چەند ساڵەی حەفتاکان یەکەم فورسەتە مێژوو بە کوردی دەدا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت بە ئارامی بژیت.

یەکێک لە هۆیە هەر گرنگەکانی ئارامی و ئاسوودەیی شاری سلێمانی لە حەفتاکان، ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە بوو، کە لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراقدا ئیمزا کرا. ڕێککەوتنێکی سیاسی و تەکتیکییش بوو، بەلای کەمەوە بۆ حکوومەتی عێراق، بەڵام خۆشەویستی سیاسەت و تەکتیک نازانێ و لە ئارامیدا گەشە دەکات. هۆیەکانی بەرەوپێشچوونی سلێمانی و گەشانەوەی وەک شار ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوون و بناغەیان دادەکوتا. هەر ئەو ئارامییەش دەرگایەکی فراوانی بە ڕووی هەموو هونەرەکانی ژیاندا کردەوە، بۆ ئەوەی کرانەوەیەکی گەورە لە کارێکتەری کوردیدا بێتە دی. هەموو ئەو هۆیانەی

دەرکەوتنی کوڕ و کچی زانکۆ پێکەوە لەسەر شەقامەکان بووبوونە نموونەی باڵای عاشقانی شار. زانکۆ کاریگەرییەکەی زیاتر لەناوەوەیە، درێژبوونەوەی کتێب و قوتابخانەکانی خوێندن بوو، هەموو کچێ بەنیازی دەسکەوتنی بەشێک لەو ئازادییەی کچێکی بەسراوی لەسەر شەقامەکانی سلێمانی ممارەسەی دەکرد، دەژیا.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ئەو فەزا ئارامەی سیاسەت دروستی کردبوو، ئەو ڕووحە هونەرییەی سینەما و شانۆ و مۆسیقا بە شەقامەکانی شاریاندا پژاندبوو، پەیوەندیی کوڕ و کچیان لە حەزلێکردنەوە گۆڕیبوو بۆ خۆشەویستی؟ ئایا خۆشەویستی بووە ئەو دەرمانەی برینەکانی خێزانی کورد سارێژ بکات؟

٤ی ئابی ٢٠١٩

(١٥)

شار بەخێرایی بەرەو مەدەنیبوون و شارستانیەت هەنگاو دەنێ، شارستانیەت دەبێتە ئامانجی یەکەمی دانیشتوانی شار. ئەوەش بەتەواوەتی لە بەرژەوەندیی گەشەکردنی کەسایەتی و دروستبوونی کارێکتەری سەربەخۆی کوردیدایە.

شەقامەکان نەک لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئازادییەکی باش بە خۆیانەوە دەبینن. کچان بە بۆنی سەربەستی، شەقامەکانی شار دادەپۆشن. لەسەر شانۆ دەنگی کچ و ژنان تێکەڵ دەنگی پیاوان دەبێ، زانکۆ وەک ناوەندێکی کولتووری و شارستانی گەنجانی جیاواز لەناو خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

کەواتە فەزای حەفتاکان تا ڕادەیەکی باش بۆ خۆشەویستی گونجاوە، کارێکتەری کوردی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شار بۆنی شار و شارستانییەتی لێ دێت. خەڵکی جیاواز و نەتەوەی جیاواز و ئایینی جیاواز لە پۆلێکدا کۆ دەبنەوە.

### ئەو ئەنجامە چییە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین؟

کوڕ و کچ بە ڕەزامەندی و هەڵبژاردنی خۆیان یەکتر هەڵدەبژێرن. دەتوانن یەکتر ببینن. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، هەموویان خوێندەوارن و دەتوانن هەست و بیرکردنەوەی خۆیان بنووسن و بە نامە بۆ یەکتری بنێرن. دەکرێ حەفتاکان ناو بنێین، زەمەنی خۆشەویستی بە نامە، یان خۆشەویستی لە نامەدا. ئەگەر گەنجان ئەوکات بوێریی ئەوەیان هەبا نامەکان وەک دۆکیومێنت هەڵگرن، ئێستا گەورەترین ئەرشیفی نامەی خۆشەویستیمان دەبوو. لەبەر ئەوەی فەزا خۆشەویستییەکە مەودای کەم بوو، لەبەر ئەوەی لە قووڵایی ڕۆشنبیرییەکی تاکەکەسییەوە نەهاتبوو، ئەو نامانە ئێستا و ئێستاش نەکەوتنە بەرچاو، جگە لە دڵدارەکان، کەسی دیکە چاوی پێنەکەوتن، ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک بوێریی ئەوەی نەکرد نامەیەکی خۆشەویستی، کە بە خوێنی دڵ بۆی نووسرابوو، بۆ براکەی یان باوکی بخوێنێتەوە، هەتا دوای شووکردنیش نەیتوانی نامەیەکی ئاوا بۆ کوڕەکەی یان کچەکەی باس بکات.

دڵدارەکانی حەفتاکان، ئەوانەی شۆڕشی خۆشەویستییان گەیاندە کۆتایی، سەرکەوتن، لە ماڵێکدا کۆبوونەوە. دەستیان لە پێستی یەکتر دا و بۆنی بن باڵی یەکتریان کرد. جگە لەوەی، کە خۆیان باش یەکتریان نەناسیبوو، جگە لەوەی پێکەوە سەفەرێکیان نەکردبوو، لەسەر شەرەفی شیعر و پەخشانە نامەکان متمانەیان بە یەکتر کردبوو، کە لەژێر میچێکدا بوونە هاوسەری یەکتر، ئینجا وەک ئینسان یەکتریان دیت، ئینجا ئەندامەکانی جەستەی یەکتریان ناسی.

سەغڵەتییەکانی بەردەم هاوسەرە گەنجەکان زۆر بوون، یەکەمیان لەیەکتر نەگەیشتنی خۆیان، دووەمیان نەشارەزایی پیاوی کورد لە

جوگرافیای دەستەی ژن، ئەو کێشانەی دەوروبەریش بۆیان ساز دەکردن.

حەز دەکەم چیرۆکی ژنێک بگێڕمەوە، کە بەبێ ئەوەی بزانێ من گوێم لێیە بۆ کچە گەنجەکانی دەگێڕایەوە. ژنێکی بالابەرزی دەموچاو پانی پەنجا ساڵە، کە لە کۆتایی حەفتاکان شووی کردبوو، لەگەڵ ماڵی خەسووی لە یەک حەوشەدا دەژیان، ئەو دەڵێ:
- هەر ڕۆژێک خەسووم زانیبای شەوەکەی لەگەڵ مێردەکەم، کە کوڕی ئەو بوو، سەرجێییمان کردووە، دەردێکی دەدامێ هەرچی خۆشی بوو لە لووتی دەهێنامەوە دەرێ، بە دار لێی دەدام، چی جلی ئەو ماڵە هەبوو پێی دەشوشتم، هەموو قاپوقاچاغەکان دەبوو خاوێن بکەمەوە.

## لێم پرسی چۆن دەیزانی؟

- لە چاومەوە، لە دەنگ و کەیفمەوە، یان چاودێریی دەکردم بزانێ خۆم ناشۆم، سەد ڕێگای دیکە. هیچی لێ ون نەدەبوو، هەر بیشیزانیبایە، سێکسی لەگەڵ کردووم، چینێکی هەر لێدەدام.

هاوینان ئاسانتر بوو، ئەوکات لە سەربان، لەسەر تەخت دەنووستین و چیغمان دەگرتەوە، خەسووم لەدەرەوەی چیغەکە لەنزیکمانەوە دەنووست، هەر شەوێک چیغەکە چیرە چیرێ هاتبا و بجووڵابایەوە، بۆ بەیانییەکەی چینێکی باشی لێدەدام. بەڵام دواتر فێر بووم چۆن خۆم ڕزگار بکەم، چونکە لەو شەیتانتر بووم، بێ ئەوەی بزانێ کتریەک ئاوم لەگەڵ خۆم دەبردە سەربان، بۆ ناو چیغەکە، شەوانە بەدزیەوە ئاوەکەم بە جومگەی تەختەکەدا دەکرد، بەو شوێنانەی، کە چیرە چیریان دەهات، کە تەختەکە تەڕ بایە چیرەی نەدەهات و جا بەکیفی خۆت بگەوزێ.

ئەوە قسەی ژنێکە، کە ساڵەکانی وەک دەنکە تەسبیح ئاودیو کردبوو، بێ ئەوەی بتوانێ بیانگێڕێتەوە. ئەو دڵداری حەفتاکان بوو، ئەو سەردەمە مینژۆپی لەپێ دەکرد.

حەفتاکان سەردەمی زێڕینی کولتوور و سیاسەت و هونەر و ڕۆشنبیری بوو. ئەوانەش هەوێنی دروستکردنی کارێکتەری سەربەخۆ بوون، ڕاستە ڕێککەوتنی کورد و بەغدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە گەشەکردنی تاکی کورددا هەبوو، بەڵام ناکرێ لە دروستکردن و گەشەکردنی ئەو کارێتەرە ڕۆڵی جووڵانەوە مارکسییەکان و شیوعییەکان لەبەر چاو نەگیرێ. بەدرێژایی مێژووی سیاسیی عێراق و کوردستان، مارکسییەکان یان شوعییەکان تاکە حزب و بیروباوەڕ بوون، کە کاریگەریی ڕاستەخۆیان هەبوو لە گۆڕین و بیرکردنەوە و ناخی ئەندامەکانیاندا. لە کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا، شیوعییەکان ڕۆڵی هەرە گەورەیان گێڕاوە. ئەوان دەست بەدەست و ماڵ بەماڵ کتێبیان دەگێڕا، خوێندنەوە خولیا و ئاواتیان بوو، پەیوەندی پێوەکردنیان و دۆستایەتییان بە ئەندازەی ئەو کتێبانە بوو، کە دەتخوێندنەوە.

ڕۆڵی مارکسییەت نەک لە کرانەوە و دروستکردنی کەسایەتیی کوردیدا، لە دروستکردن و گەشەپێکردنی تەواوی نەتەوەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیار و بەرجەستە بوو. کرانەوە و پێشکەوتووخوازیی حزبەکانیش بە نزیک و دووریان لە مارکسییەتەوە دەپێورا. ڕۆڵی مارکسییەت لە کرانەوەی کۆمەڵگە و برەودان بە کتێب و خودناسی بابەتێکی فراوان و گرنگە، بۆ ئەو وتار هەر ئەوەندە پێویستە.

**ئەو پرسیارەی، کە لە کۆتایی بابەتەکە بەرەو ڕووی هەموومان دەبێتەوەی ئەوەیە:**

- سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییانە، سەرەڕای ئامادەیی کۆمەڵگە و گەشەکردنی کەسایەتیی کوردی، کەچی کە دڵدارەکانی حەفتاکان بە یەک دەگەن و لە هەشتاکان لە ماڵێکدا دەژین و منداڵیان دەبێ، بەشی زۆری خوێنەرەکانی ئەم وتارانە یان بەرهەمی ئەو خێزانانەن و منداڵی ئەو سەردەمەن، یان لەنزیکەوە ئاگاداری فەزای ئەو خێزانانەن. ئەو خێزانانە نەبوونە لانکەی خۆشەویستی. منداڵ هەستی بە ئارامی و هێمنی خێزان نەکرد. باوک و دایکەکان بەردەوام شەڕیان بوو، هەر یەکیان لە شوێنێک دەنووستن و لەیەکتر لالووت بوون. ئەو چەند دێڕە قورس بوو، کە نووسیمن، ناکرێ نووسەر بڕیار بدات، یان ڕستەکانی بۆنی بڕیاری لێ بێت، من ئەوە دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕستانە هەر دەنووسم، چونکە تاڵاوی نەگونجانی ژن و مێرد پێکەوە بە وشە و ڕستەکانەوە دیارن.

**کە ژن و مێردی کورد پشتیان لەیەکتر کرد. ئیدی دێو ئاشتیان ناکاتەوە.**

### پشت لەیەکتر کردن

کە ئەو دوو مەخلووقە پێکەوە لە ماڵێکدا دەژین، لەنزیکەوە هەناسەی یەکتر هەڵدەمژن. ئیدی بۆنی ڕێحان لە هەناسەیان نایەت و بۆنی پیاز کاسیان دەکات. کوڕە شیکەکەی جاران بە چڵکنی و شەپڕێوی دێتەوە ماڵ، پێکەنین و زەردەخەنەکانی دەگۆڕێن بە تووڕەیی و هاوار هاوار.

**دیسانەوە هەمان ئەنجاممان دێتەوە بەردەست، کە لە هاوسەرگیریی دوای حەزلێکردن دەستمان کەوتبوو.**

### کۆنتراست و ژنهێنان

**دەشێ دیاردەی لێکتر وەڕزبوون و نیگەرانیی دوای ژنهێنان و شووکردن لەناو نەتەوەکانی دیکەشدا هەبێ و دیاردەیەکی ئاسایی بێ، بەڵام ئەوەی کورد دوو جیاوازیی هەیە:**

**یەکەمیان**: ئەو نیگەرانییە زۆر زوو یەخەیان دەگرێت.

**دووەم**: ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ.

### کۆنتڕاستەکە لە چیدایە؟

کۆنتڕاست واتا دژ بەیەک، وێنە دژ بەیەکەکان، هەڵوێستە دژ بەیەکەکان، مەرجی کۆنتڕاستیش (کۆکردنەوەی وێنە دژبەیەکەکانە پێکەوە)، دانانیانە بەرامبەر یەکتری. کۆنتڕاستەکەی ئێمە ئەوەیە، کۆکردنەوەی پیاو و ژنە پێکەوە لە دوو دۆخی جیاوازدا، دوو وێنە و ڕووحی لێکتر جیاواز، نەک هەر جیاواز دژ بە یەکتر.

**یەکەمیان**: ئەو هەموو پێکەنین و وشە ڕازاوە و پڕ ئەوینانەی سەردەمی دڵدار.

**دووەمیان**: ئەو هەموو تووڕەیی و تێکنەگەیشتنەی سەردەمی ژن و مێردایەتی.

لە وێنەی یەکەمدا، کردنەوەی درزی دەرگایە، زەردەخەنەیەک، دەست بەقژدا هێنانێک، کۆڵانێکی مات و تاریک و پۆخڵ ڕووناک دەکاتەوە.

لە وێنەی دووەمدا، تووڕەبوونێک، هاوارێک بەسەر یەکتردا، توانجێک ژووری پڕ ڕەونەق و پەردەی ئاڵواڵا تاریک دەکات.

### ئەنجامێک وەک سەرەتا

خۆشەویستیی کوردی، ئەگەر ڕاست بێت و بکرێ ناوێکی ئاوا بەکار بهێنین. ئەگەر هیچ دەستەواژەیەک نەبێ ئینسانیەت هەموو تێیدا هاوبەش بن، ئەوە خۆشەویستیی ئەو نیشتمانەیە. کە دەکرێ تەواوی مرۆڤایەتی وەک یەک لەسەری بژین. ئەوەش ڕێگای ئەوە ناگرێ، کە تایبەتمەندیی نەتەوەکان جۆری خۆشەویستیی تایبەت بە خۆیان نەبێ. وەک ئەو خۆشەویستییە سەیر و سەمەرەی کورد هەیەتی.

خۆشەویستیی کوردی ئەو دوو وێنە دژەبەیەکەیە لە ژوورێکدا پێکەوە کۆ دەکاتەوە. نەرمونیانی و لێبوردەیی دڵدارانەی و شێواز ڕەق و تووڕەیی ژن و مێردایەتی.

کە کوڕ و کچ، ناوەکەیان دەگۆڕێت بۆ ژن و مێرد، نەک وەزیفەیان، نەک شێوازی پەیوەندییان، ئەتوار و بیرکردنەوە و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕێت.



سەرچاوە
Serchawe

### لە هەموو گرنگتر

هەر لە ژووری بەیەکگەیشتنیان، دێوجامەکانیان دەکەوێت، ئەو ماسکەی یەکتریان پێ ڕازی کردبوو (لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەگوترێ پێ هەڵخەڵەتاندبوو)، دەکەوێت.

یەکەم شکانی کەسایەتیی کوڕی عاشق، کچی دولبەر لە کەوتنی ئەو ماسکەدایە. شکانی کەسایەتیی یەکەم زەبرە بەر پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد دەکەوێ، یەکەم نەخۆشییە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەیگرێ. بناغەی خێزانی داهاتوو لەسەر زەمینەیەک دروست دەبێ، کە درزی داوە، کە شکاوە.

**ژن دەبینێ**: ئەو پیاوە لێو بەخەندە و ڕووخسار بەڕەونەقە، گرژ و تووڕەیە. دەنگە نەرمەکەی بۆڕ و پڕ درک و داڵە، ئەو دەستە پڕ سەلامەی هەر بە پەرچەمیەوە بوو، بەرەو ڕووی بەرز دەکرێتەوە و دەبێتە داری هەڕەشە.

**پیاو چ دەبینێ**: تۆنی دەنگی کچەکە نەماوە، ناسکی، بۆنی بارانەکەی بووە بە دەنگی پاسەوانێکی بێ ئارام، پرسیارکەر و ناڕازی، لێوە سوورەکەی زەرد و کوڵمی ئاڵ ڕەش داگەڕاوە. شەڕی خەسوو و پوور و ئامۆزا جێگای پەیوەندییە شیرینەکەی جاران دەگرنەوە. ئەوە وەک ڕووکەش و زۆر جار ناوەڕۆکیش.

لە ناخدا دەیان گرێی دیکە هەیە، یەکەیەکە دەبێ شییان بکەیەنەوە. کە سەرچاوەی بەشی هەرە زۆریان ئەو کولتوورە توند و پڕ گرێیەیە، کە ڕەگی تا قووڵایی خوێنی هەموو تاکێک داکوتاوە.

ناخی هیچ کەسایەتییەک جێگای چەندان کولتووری تیدا نابێتەوە.

تۆ داخراوی یان کراوە؟

مەزهەبی یان لێبوردە؟

ژن نیوەیە یان ئینسانی تەواو؟

پیاوە ستر و پەناگەی خۆپاراستنە یان خۆشەویست و دڵخواز؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕێگایەکمان بۆ دەکەنەوە، ڕێگایەک وەڵامی بەشێک لە پرسیارانەکانمان دەست کەوێت، بۆ ژن و پیاوی کورد نازانن یەکتریان خۆش بووێ؟ بۆ نازانن ژوان لەگەڵ یەکتر دانێن؟



سەرچاوە
Serchawe

بۆ نازانن بەبێ ئەوەی کارەساتێک ڕووی دابێ، ڕۆژێک بە سەرشانی یەکتر بگرین؟

بەڵام کارێکی دیکەم لە ڕێگایە، پێغەمبەرەکان بانگم دەکەن، درێژە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان بدەم. ڕفقە و ئیسحاق ئێمەیان برد، ئەوەشم بۆ دەرکەوت، کە شێوازی ژنهێنانی ئیسحاقییانە تا ئەمڕۆ، سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێزدە سەدە، هێشتا بەردەوامە.

بڕیارم داوە بە دەنگی بانگردنی پێغەمبەرەکانەوە بچم و لە وتاری داهاتوودا مردنی ئیبراهیم بە چاوی خۆمان ببینین.

٤ی ئابی ٢٠١٩

----------------------

**ئەم بابەتە وەک زنجیرە وتار لە ماڵپەڕی باسنیوز بڵاو کراوەتەوە**



**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٠ی کوردی - ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی**